# کەسایەتی جیاوازی نێچیرڤان بارزانی کابینەی حەوتەم دەکاتە حکومەتی خەڵک



**لەقۆناخی ئێستا وا پێویست دەکات فراوانتر خەڵك بەشداری و کارلێك لەگەڵ حکومەتی خۆی بکات و پێشنیارەکانی خەڵك ئەندامێکی هەمیشەیی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بێت**

**ئەرکی خەڵك تەنیا بریتی نییە لەداواکاری پێشکەشکردن. بەڵکو ئەرکی خەڵك پێویستە بەشداری کردن بێت لەجێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکان و چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی ئیمکانیەتەکانی بەردەست**

**پرۆسەی بەڕێوەبردنی حکومڕانی لەچوارچێوەی سیستمی دیموکراتیدا پێویستی بەمیکانیزمێك هەیە بۆئەوەی خەڵکیش هاوکاری حکومەت بکەن**

**گرنگە کەسایەتیەك کە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت کاندید دەکرێت ڕەزامەندی هەموو لایەنەکان و خەڵکی لەسەر بێت**

**ئێمە پێویستمان بەکەسایەتی جیاوازی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوەیە. هەموو تواناکان پێکەوە کۆبکاتەوەو سیستمی دامەزراوەیی لەکوردستان بچەسپێت**

ئایا مەبەستمان لەحکومەتی خەڵك چییە؟ یان ڕاشکاوانەتر، ئایا مەبەستمان چییە کاتێك دەڵێین کەسایەتی جیاوازی نێچیرڤان بارزانی کابینەی حەوتەم دەکاتە حکومەتی خەڵك؟ ئایا مەبەستمان ئەوەیە بەڕێزی بە بەرنامەیەکی جیاواز لەبەرنامەی کابینەی شەشەم ئیش دەکات؟ یان مەبەستمان ئەوەیە نێچیرڤان بارزانی بەشێوازێکی تازە هەمان بەرنامە هەڵدەسوڕێنێت؟ یان بەواتایەکی دیکە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی خەڵك نەبووەو کارو خزمەتگوزاری بۆ خەڵك نەکردووە؟ ئەم پرسیارانە کە پێش دەسپێکی ئەم ڕاپۆرتە ڕووبەڕووی خۆمانی دەکەینەوە، لەبەرئەوەیە خوێنەر لەناونیشانەکەی وا هەست نەکات، کە ئەمە بەراوردکردنە یان تەفزیلکردنی کابینەی حەوتەمە(کەهێشتا پێکنەهاتووە) بەسەر کابینەکانی پێشوودا، کە لەسێ کابینەی پێشوودا(سێیەم و چوارەم و پێنجەم) بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵی سەرەکی هەبووەو لەکابینەی سێیەم جێگری سەرۆك وەزیران بووەو لەکابینەی چوارەم و پێنجەمیش خۆی سەرۆك وەزیران بووە، بۆیە ئەگەر بەو دیوەدا ئەم ڕاپۆرتە بەراوردکردن بێت لەنێوان کابینەکاندا، ئەوا بەشی زۆری ئەو ماوەیە بەر خودی نێچیرڤان بارزانی دەکەوێتەوە، واتە ئەوەی ئێستا لە نێچیرڤان بارزانی چاوەڕوان دەکرێت بەراوردکردنە بەوەی کە پێشتر کردویەتی و ئێستا ئومێدی کاری باشتری لێدەخوازین، بەڵام دیسان هەتا ئەگەر لەڕووی بەراوردکاریشەوە، بەراوردکاری بێت لەنێوان ئێستاو پێشتری ئەزموونی نێچیرڤان بارزانیدا، ئەوا ڕاشکاوانە دەڵێین ئەم ڕاپۆرتە بەراوردکاریی نییە، بەڵکو هەڵوەستەکردنە لەسەر ئاستی ئەو بەرەوپێشەوەچوونانەی کە لەئەزموونی دیموکراتی هاتوونەتە ئاراوە، پەندو دەرس وەرگرتنە لەو هەڵە کەموکورتیانەی کە لەدەسپێکی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە لەدوای ساڵی ٢٠٠٤و لەدەسپێکی کابینەی پێنجەمەوە لەکوردستان دەستی پێکردووە، بۆیە ئەوەندەی ئەم ڕاپۆرتە هەڵوەستەکردنە بۆ پێداویستیەکانی قۆناخی ئایندە، هێندە گەڕانەوە نییە بۆ ڕابردوو، لەم چوارچێوەیەدا کاتێك ئاماژە بەوە دەکەین کابینەی حەوتەم دەبێتە حکومەتی خەڵك، ئەمە تەنیا ئاماژەیەك نییەو بەس، بەڵکو ئەمە پێداویستی قۆناخی ئێستایەو دەبێت و پێویستە حکومەت حکومەتی خەڵك بێت، ئەمەش دیسانەوە، دووبارەی دەکەینەوە مەبەست ئەوەنییە کابینەی پێنجەم یان کابینەی شەشەم حکومەتی خەڵك نەبوون، بەڵکو بەو مانایە زاراوەی(حکومەتی خەڵك) بەکار دێنین، کە پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان(هەر کابینەیەك بوبێت) بەئەرکی سەرشانی خۆی زانیوەو هەوڵیداوە لەئاستی خواست و داواکانی خەڵکی بێت و وەڵامی داخوازییەکانی خەڵك بداتەوە، بەڵام لەقۆناخی ئێستا وا پێویست دەکات فراوانتر خەڵك بەشداری و کارلێك لەگەڵ حکومەتی خۆی بکات و پێشنیارەکانی خەڵك ئەندامێکی هەمیشەیی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بێت، بەکردەیی خەڵك لەدروستکردنی بڕیاری حکومەت بەشدار بێت، ئەرکی خەڵك تەنیا بریتی نەبێت لەداواکاری پێشکەشکردن، بەڵکو ئەرکی خەڵك پێویستە بەشداری کردن بێت لەجێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکان و چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی ئیمکانیەتەکانی بەردەست بۆ چارەسەرکردنی کێشەو کەموکورتیەکان و چۆنیەتی پەرەپێدان بەشارەکان و ڕازاندنەوە و پێشخستنیان، کۆتایی هێنان بەقۆرخکاری بازاڕو جیاکردنەوەی سیاسەت و بزنس لەیەکتری، هەموو ئەمانە پێویستی بەدۆزینەوەی میکانیزمێکە کە لێکتێگەیشتنێکی فراوان لەنێوان خەڵك و دامەزراوەکانی حکومەتدا هەبێت، نەك تەنیا خەڵك و دامەزراوەی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵکو خەڵك و تەواوی دامەزراوەکانی حکومەت، هەر بۆ نموونە ئەگەر حکومەت بەرنامەی ئەوەی هەبێت

سەیرانگایەکی گەورە کە چەند هۆڵێکی سینەما لەهەولێر بگرێتە خۆی دروست بکات، گرنگە بەرێگەی شارەوانی و ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر لەگەڵ خەڵکی هەولێر ئەم باسە وتووێژی لەسەر بکرێت و تەنانەت دەکرێت ڕای کۆلێژی ئەندازیاری و سەندیکای ئەندازیارانی ئەو شارەش لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە گەورەیەی دەکرێت بۆ هەولێر بەدڵی خەڵکی هەولێر بێت، ئەمە بۆ سلێمانی و دهۆکیش بەهەمان شێوەیە، یان با دیوە سلبیەکەی وەربگرین، خەڵکی هەولێر نارەزایی و داواکارییان لەحکومەتی خۆیان هەیە، ناکرێت خەڵکی هەولێر چاوەڕێی ئەوە بکات حکومەت هەموو داواکارییەکانی بەتەنیا بۆ جێبەجێ بکات، بەڵکو

**نێچیرڤان بارزانی بەرنامەی جیاوازی بۆ حکومەت نییە، بەڵکو ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت میکانیزمی جیاواز بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت پیادە بکات**

پێویستە میکانیزمێك هەبێت بۆ ئەوەی خەڵکیش هاوکاری حکومەت بکات بۆ ئەوەی داواکاری و خواستەکانی بەپێی ئەو ئیمکانیەتانەی لەناو کۆمەڵگە هەن و لەبەردەستی حکومەتن پێکەوە جێبەجێیان بکەن، ئەم ئاڕاستەیە کە پێشبینی دەکرێت لەکابینەی حەوتەم و لەماوەی سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەو کابینەیە بێتە ئاراوە، هەنگاوێکی دیکەی بەرەو پێشەوەچوونە لەچۆنیەتی پرۆسەی بەڕێوەبردنی حکومڕانی لەچوارچێوەی سیستمی دیموکراتیدا.

### تایبەتمەندییەکانی نێچیرڤان بارزانی هێزێکە بۆ ڕێکخستنەوەی سیستمی دامەزراوەیی

لەپرۆسەی بونیادی دیموکراتی بەگشتی و لەقۆناخی ڕاگواستندا بەتایبەتی، گرنگە کەسایەتیەك کە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت کاندید دەکرێت ڕەزامەندی هەموو لایەنەکان و خەڵکی لەسەر بێت، ئەم کۆدەنگیە یان ئەم ڕەزامەندییە لەسەر کەسێکی دیاریکراو، هێزێك دروست دەکات، کە ئەو هێزە بۆ بونیادی سیستمی دامەزراوەیی و ڕێکخستنەوەی دامەزراوەکان و چەسپاندنی هێزی دامەزراوەکان زۆر گرنگ دەبێت، بەڵام لێرەدا ناکرێت ئەو جیاوازییە فەرامۆش بکەین کە لەنێوان پرۆسەی بونیادو ڕێکخستنی سیستمی دامەزراوەیی لەگەڵ پرۆسەی هەڵسوڕانی دەوڵەت بەشێوازی دامەزراوەیی هەیە، ڕاشکاوانەتر لەپرۆسەی بونیادو ڕێکخستن و چەسپاندنی سیستمی دامەزراوەیی، پێویستمان بەهێزێکە بتوانێت سیستمی دامەزراوەیی و سەروەریی یاسا لەکۆمەڵگە بچەسپێنێت، بەڵام لەپرۆسەی هەڵسوڕانی دامەزراوەکاندا هێزێك پێکدێت کە هێزەکانی دیکە سنووردار دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە پێویستمان بەکەسایەتی جیاوازی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوەیە، بۆئەوەی هەموو تواناکان پێکەوە کۆبکاتەوەو سیستمی دامەزراوەیی لەکوردستان بچەسپێت، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی لەئایندەدا دامەزراوەکان خۆیان ببنە ئەو هێزەی کە توانای ئەوەی هەبێت ئەو هێزەی دامەزراوەکانی بونیاد ناوە سنووورداری بکات، کەواتە ئەو کۆدەنگیەی پارتی و یەکێتی لەسەر کاندیدی نێچیرڤان بارزانی هەیانەو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش(ئەگەر بەشداری حکومەتیش نەبن) لەکاندیدکردنەکە ناڕازی نین، ئەوا ئەمە نیشانەی ئەوەیە نێچیرڤان بارزانی ئەو کەسایەتیە جیاوازیە کە ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت میکانیزمی جیاواز بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت پیادە بکات، لێرەدا گرنگە لەسەر جیاواز کە بۆ کەسێتی نێچیرڤان بارزانی بەکارمان هێناوە هەڵوەستە بکەین، بەوەی جیاواز بەمانای باشتر لەهەمووان بەکار نەهاتووە، بەڵکو بەمانای ئەوەی ئەم کەسایەتیە توانای ئەوەی هەیە لەیەك کاتدا لە مانای چەمکی حزب و حکومەت تێبگات و تێکەڵاوی یەکتریان نەکات، بەواتایەکی دیکە کاریگەری کەسێتی ئەم پیاوە دەوڵەتمەدارە بەو ئاستەیە کە دەتوانێت ناوەندی بڕیار دروستکردن لەکۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتییەوە بگوازێتەوە بۆ ناو تەلاری ئەنجوومەنی وەزیران، بڕیارە حزبییەکان بەکردەیی وەربگێڕێت بۆ بڕیاری حکومەت، ئەمەش تەنیا بۆ ئەو متمانەیە ناگەڕێتەوە کە مەکتەبی سیاسی پارتی بە نێچیرڤان بارزانی هەیەتی، بەڵکو پێش هەمووان سەرۆك تاڵەبانی و سەرۆك بارزانی و دوای

**نێچیرڤان بارزانی سەلماندویەتی پێش هەموو شت لەئاستی متمانەی سەرۆك تاڵەبانی و سەرۆك بارزانیدایە. هەروەها لە ئاستی متمانەی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیدایە**

ئەوانیش هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی ئەو متمانەیان بەشەخسی نێچیرڤان بارزانی هەیە کە بەو شێوازە لێی ڕادەبینن بتوانێت ئەم کارە بکات، ئەمەش واتە (نێچیرڤان بارزانی) سەلماندویەتی پێش هەموو شت لەئاستی متمانەی سەرۆك تاڵەبانی و سەرۆك بارزانیدایە، هەروەك چۆن گەلێکجار لەسەرۆك تاڵەبانیمان بیستووە کە وتوویەتی (نێچیرڤان) کاندیدی منە نەك کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر ئاستی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش نێچیرڤان بارزانی دوای سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی، تەنیا کەسایەتیە کە توانای دیپلۆماتی و سیاسی لەو ئاستەدایە کە بتوانێت بەهێزی نەرم و لەچوارچێوەی دیالۆگ



و لێکتێگەیشتن ئاڕاستەی پێوەندییەکان لەئاڕاستەی گرژی و ئاڵۆزییەوە بەرەو ئاڕاستەی زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن ببات، ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییەی نێچیرڤان بارزانی کە بۆ ئەم قۆناخەو بۆ پێوەندییەکانی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن لەڕاددەبەدەر گرنگە، ئەرکێکی گەورە لەسەر شانی هەردوو بەڕێز سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی لادەبات و بواری ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت کە هەردوو سەرۆك زیاتر بەکێشە چارەنووسسازەکانی کوردستان و عێراقەوە سەرقاڵ بن و جارێکی دیکە ڕۆڵی مێژوویی و شایستەیی خۆیان لەم قۆناخە هەستیارەی کوردستان و عێراقدا بگێڕن.

**خەسڵەتەکانی نێچیرڤان بارزانی و ڕەهەندەکانی کابینەی حەوتەم**

مەزندەو مەزندەکاری لەسەر کابینەی حەوتەم لەو ڕوانگەیەوە ناکەین، کە نێچیرڤان بارزانی دارێکی سیحری پێیەو هەرهێندە بووە سەرۆك وەزیران ئیدی کێشە لەکوردستاندا نامێنێت، بەڵکو مەزندەکان لەو جیاوازییەی کەسایەتی نێچیرڤان بارزانیەوە دەست پێدەکەن، بەوەی ئەو دووخاڵی گرنگ لەبەرچاو دەگرێت:

١- نێچیرڤان بارزانی بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات، بەوەی ڕاستە ئەو وەك کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام کە ئەو دەبێتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا کار بۆ پارتی و یەکێتی ناکات و تەنیا کێشەکانی پارتی و یەکێتی ڕووبەڕووی نابنەوە، بەڵکو حکومەت نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هەموو چین و توێژ و ئایین و نەتەوەو بۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکات و حکومەتیش پێویستە خۆی پابەند بکات و لەخزمەتی هەمووان‌دا بێت و وەڵامی پێویستی بۆ خواستی هەموو لایەك هەبێت.

٢- ئەم تێڕوانینەی ڕاستیەکی دیکەمان پێدەڵێت، بەوەی پێویستە حکومەت، حکومەتی هەمووان بێت(ئەوجا هەمووان بەشداربن یان بەشدار نەبن)، ئەگەر حکومەت ئەرکی بێت هەموو کێشەکانی ڕووبەڕوو بکرێتەوە، ئەوا ئەو کێشانە بەتەنیا بەپارتی و یەکێتی چارەسەر ناکرێن و کێشەکان لەتوانای پارتی و یەکێتی گەورەترن، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە حکومەت بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکان داوای هاریکاری لەهەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان بکات بۆ ئەوەی هاوکاری بن لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا، لایەنەکانی

**حکومەت نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هەموو چین و توێژ و ئایین و نەتەوەو بۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکات و حکومەتیش پێویستە خۆی پابەند بکات و لەخزمەتی هەمووان‌دا بێت**

**حکومەت بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکان پێویستە داوای هاریکاری لەهەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان بکات بۆ ئەوەی هاوکاری بن لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا**



ئۆپۆزسیۆن بەشداربن لەحکومەت یان لەدەرەوەی حکومەت بن، ئەرکی سەرشانیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هاوکاری حکومەت بکەن.

ئاماژەکردن بەم دووخاڵە، خاڵێکی گرنگتر دەوروژێنێت ئەویش ئەوەیە، ڕاستە بەرنامەی کابینەی حەوتەمیش هەمان بەرنامەیە، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە، شێوازی کارکردنی نێچیرڤان بارزانی بەو جۆرەیە بەرنامەی بەدیلی ئۆپۆزسیۆن یان پێشنیار و ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران فەرامۆش ناکات و وەك میکانیزمێکی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی سوودی لێوەردەگرێت، یان چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ ڕاسپاردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی حەوتەم، نێچیرڤان بارزانی جیا لەوەی بەفەرمی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ بەشداربوون لەحکومەت یان بۆ چۆنیەتی پێوەندیی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن ڕاشکاوانە قسە دەکات، لەهەمانکاتدا چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و کەسایەتیە دیارو کۆمەڵایەتی و ئایینیەکانی کوردستان دیدارو چاوپێکەوتن بکات و لەنزیکەوە هێڵە گشتیەکانی سەرختنی بەرنامەی حکومەتیان لەگەڵ باس بکات و لەهەمانکاتدا داوای هاریکاری و یارمەتیشیان بۆ سەرختنی ئەم بەرنامەیە لێبکات، ئەم شەفافیەتە کە چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ دەستپێکردنی بۆ کابینەی حەوتەم سەرەتاکانی دەربکەوێت، زەمینەیەك دەڕەخسێنێت بەوەی کابینەی حەوتەمدا، حکومەت لەلایەك نابێت و ئۆپۆزسیۆن لەلایەکی دیکە، یان ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران لەلایەکی دیکە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك توخمە سەرەکیەکانی حکومڕانی کە ئەرکیان چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت دەبێت، پرۆسەی حکومڕانی لەم وڵاتە تەواو دەکەن، ڕاشکاوانەتر چاوەڕێ دەکرێت لەکابینەی حەوتەم حکومڕانی تەنیا بریتی نەبێت لەدەرکردنی بڕیار لەلایەن حکومەتەوە، بەڵکو بریتی دەبێت لەدەرکردنی بڕیارو چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بڕیارەکان لەلایەن ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیران و ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە، ئەم بارودۆخەی کەسایەتی جیاوازی نێچیرڤان بارزانی لەچۆنیەتی حکومڕانی وڵاتدا دروستی دەکات، ئەوەمان پێدەڵێت قەناعەتی ئەو بەوجۆرەیە ئەگەر بەرنامەی حکومەت وەك بەرنامەیەکی سیاسیی پارتی و یەکێتی لەسەر ئاستی تیۆری هیچ

**ئەو شەفافیەتەی کە چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ دەستپێکردنی بۆ کابینەی نوێ سەرەتاکانی دەربکەوێت، زەمینەیەك دەڕەخسێنێت بەوەی حکومەت لەلایەك نابێت و ئۆپۆزسیۆن لەلایەکی دیکە**

**حکومڕانی لەسیستمی دیموکراتی لەتوانای حزبی حاکم یان هاوپەیمانی حاکم گەورەترە، ئەرکی حزبی حاکم یان هاوپەیمانی حاکم ئەوەیە کە هەموو توخمەکانی حکومڕانی وەك بەشێك لەپرۆسەی حکومڕانی سەیر بکات**

**شێوازی کارکردنی نێچیرڤان بارزانی بەو جۆرەیە بەرنامەی بەدیلی ئۆپۆزسیۆن یان پێشنیار و ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران فەرامۆش ناکات**

**ئەگەر میدیاکانی پارتی و یەکێتی وەك نەریتی سیاسیی خودسانسۆری بکەن و ڕەخنەی جددی لەحکومەت نەگرن. ئەوا بەو کەشوهەوا تازەیەی نێچیرڤان بارزانی دەیخوڵقێنێت. سوودێکی گەورە لەڕەخنە جددییەکانی میدیاکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی و ڕەخنە جددییەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ کاراکردنی بەرنامەی کابینەی حەوتەم وەردەگرێت**

**ئەگەر بەدیویێك هەموو توخمەکان گوشار لەسەر حکومەت دروست بکەن. ئەوا بەدیوێکی دیکە دەبنە هاریکار بۆ سەرکەوتنی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی لەبەر ئەوەی بەرنامەکەی لەبەرژەوەندی کۆی خەڵکدایە**

**بەدرێژایی مێژووش تەنیا ئەو کەسانە توانیوویانە دامەزراوەکان بونیاد بنێن کە ئیرادەی بونیادنانی سیستەمیان هەیەو. لەمامەڵەکرندا بڕوایان بەوە هەیە کە هەموو هەقیقەتەکان لای خۆی نییە**

کەموکورتییەکی نەبێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوە نییە کاتێك ئەم بەرنامەیە دەکەوێتە واری جێبەجێکردن، هەڵە یان خەمساردی لەجێبەجێکردنی ڕوونەدات، یان ئەمە مانای ئەوە نییە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەدا، خودی بەرنامەکە کۆمەڵێك کێشە لەگەڵ خۆیدا نەهێنێتە ئاراوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا خەسڵەتی مامەڵەی پارتی و یەکێتی لەگەڵ حکومەت بەوجۆرە بووە کەمتر میدیا یان ڕۆژنامەنووسانی ئەم دوو حزبە ڕەخنەی جددی لەحکومەت بگرن و زیاتر دەسەکوت و کارە باشەکانیان بڵاوکردۆتەوە، بۆیە هەتا ئەگەر لەم حاڵەتەدا میدیاکانی پارتی و یەکێتی وەك نەریتی سیاسیی خودسانسۆری بکەن و ڕەخنەی جددی لەحکومەت نەگرن، ئەوا بەو کەشوهەوا تازەیەی نێچیرڤان بارزانی دەیخوڵقێنێت، سوودێکی گەورە لەڕەخنە جددییەکانی میدیاکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی و ڕەخنە جددییەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ کاراکردنی بەرنامەی کابینەی حەوتەم وەردەگرێت، بۆیە ئەم کۆکردنەوەیەی حکومەت و میدیا و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، وەك تیمێك بۆ سەرکەوتنی حکومڕانی ئەو کەشە ئاڵۆزە دەڕەوێنێتەوە کە پێشتر نەدەتوانرا پێکەوە کۆبکرێنەوە، کەواتە لێرەدا دیسان جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەینەوە، کە بوونی ئومێد بۆ ئەوەی کابینەی حەوتەم ژینگەیەکی لەبارتر بۆ حکومڕانی بێنێتە ئاراوە، جیاوازی بەرنامەکە نییە، بەڵکو جیاوازی میکانیزمی هەڵسوڕانی تواناکانە بۆ جێبەجێکردنی هەمان بەرنامە، هەروەها ئەمە بەو مانایەش نییە پێشتر میکانیزمی هەڵسوڕانی تواناکان کەموکورتی هەبووە یان وەك پێویست نەبووە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەو بوارەی لەجیاوازی کەسێتی نێچیرڤان بارزانی بۆ میکانیزمی هەڵسوڕانی تواناکان چاوەڕێ دەکرێت بێتە ئاراوە، قەبارەو مەودای لەتواناکانی پارتی و یەکێتی زیاتر دەبێت، ڕاشکاوانەتر هەموو بۆچوونەکان لەسەر چاوەڕوانییەکان لەکەسێتی نێچیرڤان بارزانی و ئەدای کابینەی حەوتەم لەو خاڵەدا چڕدەبێتەوە، کە ئەو دەتوانێت مەودای هاریکاری بۆ جێبەجێکردن فراوانتر بکات، یان هێندەی تواناکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی بەدەنگی نێچیرڤان بارزانییەوە دێن، لەوانەیە پێشتر بەو ئاستە نەبووبێت.

ئەم ئاڕاستەیە ئەوەمان پێدەڵێت، یان ئەو وانەیەمان فێردەکات، حکومڕانی لەسیستمی دیموکراتی لەتوانای حزبی حاکم یان هاوپەیمانی حاکم گەورەترە، ئەرکی حزبی حاکم یان هاوپەیمانی حاکم ئەوەیە کە هەموو توخمەکانی حکومڕانی بە(دامەزراوە گشتیەکانی دەوڵەت و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، میدیا و ڕۆشنبیرو خەڵکەوە) وەك بەشێك لەپرۆسەی حکومڕانی سەیر بکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی حکومەت وەك دامەزراوەی جێبەجێکردن لەناو پرۆسەی حکومڕانیدا، ڕۆڵی کاپتنی فرۆکە دەگێڕێت، ئەوا دەبێت ڕاستەوخۆ کارلێکی لەگەڵ هەموو توخمەکانی دیکەش هەبێت و لەهەمانکاتیشدا وەڵامدانەوەی بۆ هەموویان هەبێت، ئەمەش دروست وەك کاپتنی فرۆکەکە کە لەفرگەیەکەوە دەفرێت بۆ فرگەیەکی دیکە، تا دەگاتە شوێنی خۆی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك پەیوەندییان لەگەڵ کاپتەنەکە هەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو کەس و دامەزراوانەی پەیوەندییان بەکاپتنەکەوە هەیە، خۆیان لەناو خۆیاندا پەیوەندی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەبێت، بەهەمان شێوە لەوانەیە توخمەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەت کە هەموویان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ حکومەت هەیە، مەرج نییە هەموو توخمەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتری هەبێت، بۆیە لەم پرۆسەیەدا ئەگەر بەدیوێك هەموو توخمەکان گوشار لەسەر حکومەت دروست بکەن، ئەوا بەدیوێکی دیکەدا دەبنە هاریکار بۆ سەرکەوتنی حکومەت و بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی لەبەر

ئەوەی بەرنامەکەی لەبەرژەوەندی کۆی خەڵکدایە.

**بونیاد و ڕێکخستنەوەی دامەزراوەکان**
**بونیاد و ڕێکخستنی هاندانە بۆ تواناکان**

ئەگەر هەتا ئێستا مرۆڤایەتی لەچوارچێوەی حکومڕانی، سیستەمی لیبرالی وەك باشترین سیستەم بەرهەم هێنابێت، ئەوا سیستەمی لیبرالی بریتییە لەبونیادی دامەزراوەکان بەپێی یاساو ڕۆڵی دامەزراوەکان لەپەرەپێدانی ئابووریدا، ئەم ئاراستەیەی لیبرالیزمیش کە وەك بەشداری ئەم سیستەمە لەخۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی

بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ حکومەتەکانی نێو سیستەمە لیبرالیەکان هەتا ئێستا جۆرێك لەئیشکالیەت دروست دەکات، لەبەر ئەوەی زۆرجار فراوانکردنی مەودای کاری حکومەت لەگەڵ سنووردارکردنی تێکەڵ بەیەکتری دەبن، تەنانەت لەوڵاتانی ڕۆژئاواشدا زۆرجار حکومەت خۆی تێکەڵاوی هەندێك کاروبار دەکات کە لەوانەیە کاری ڕێکخراوێکی NGOs بێت، بۆیە ئەگەر ئیشکالیەتەکە لەرۆژئاوا سنوورداریش بێت بەشێوەیەك لەشێوەکان هەر بوونی هەیە، بەڵام لەوڵاتانی تازە

سنووردار بکات و کارلێکی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی ڕێکبخات، بەدرێژایی مێژووش تەنیا ئەو کەسانە توانیویانە دامەزراوەکان بونیاد بنێن کە ئیرادەی بونیادنانی سیستەمیان هەیەو، لەمامەڵەکردندا بڕوایان بەوە هەیە کە هەموو هەقیقەتەکان لای خۆی نییەو بۆیە لەسەر بنەمای ئەو سنوورانەی دامەزراوەکان دیاری دەکەن، سیستەمەکە ڕێگەچارەی دیاریکراوی خۆی بۆ کێشەکان راگەیاندووە، ئەم ڕێگەچارەیەش هاوبەشی پێکردنی تەواوی توخمەکانی کۆمەڵگە بووە،



مێژوو لەقەڵەمیداوە، جەختکردنەوە بووە لەسەر یاساو پشتگیری ئەو یاسایانەی دامەزراوەکانی پێ هەڵدەسورێت، ئەوجا بۆ ئەوەی زیاتر لەپێوەندی نێوان کارایی دامەزراوەیی و سیستەمی لیبرالی تێبگەین، ئەوا هەمووکات سیستەمی لیبرالی ئەو دووپرسیارە بەرهەم دەهێنێت:

یەکەم: ئایا ئێمە لەگەڵ ئەوەین حکومەت هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت؟

دووەم: یان لەگەڵ ئەوەدابین حکومەت دەسەڵاتێکی دیاریکراوی هەبێت و کۆمەڵێك ئەرکی دیاریکراوو چالاکانە جێبەجێ بکات؟

پێگەیشتوو یان ڕۆژهەڵات بۆچوونەکە تەواو پێچەوانەیەو زیاتر بڕوایان بەوە هەیە پێویستە دەسەڵاتی حکومەت تا ئەوپەڕی فراوان بێت و بەهیچ جۆرێك دیاری نەکرێت، هۆکاری ئەم جیاوازییە بۆ خەسڵەتی بیرکردنەوەی سەرکردەکان دەگەڕێتەوە، ئەوجا لەبەرئەوەی زۆربەی سەرکردەکانی ڕۆژهەڵات پێیانوایە کۆمەڵگە بەوشەی سیحری و گوتاری بریقەدار دەگۆڕێت، ئەوا ڕێگە نادەن دامەزراوەکان سنوور بۆ دەسەڵاتەکانیان دابنێت، لەبەر ئەوەی ئامانج لەبونیادی دامەزراوەی بەهێز ئەوەیە، دەسەڵاتەکان

هەربۆیە سیستەمی دامەزراوەیی چ بۆ چارەسەری کێشە سیاسیەکان و چ بۆ پێشخستنی پەرەپێدانی ئابووری پشت بەهاریکاری تاك و گرووپەکان دەبەستێت، لەمبارەیەوە پرۆفیسۆر تۆم جی پالمەر لەئامۆژگای کاتۆ سەبارەت بە ڕۆڵی یاساو دامەزراوەکان لەپەرەپێدانی ئابووری ئەو پرسیارە دەکات: بۆچی دامەزراوەکان گرنگن؟ لەوەڵامدا دەڵێت لەبەرئەوەی هاندان(حافز) گرنگەو دامەزراوەکان سەرچاوەی هاندانی تاك و گرووپەکانن بۆ ئەوەی پێکەوە هاریکارو هەمانگ بن و لەتوندوتیژی دوور بکەونەوە، لەمبارەوە

ئاماژە بەدامەزراوەکانی کۆریای باشوور دەکات کە توانیویەتی توانای تاکەکانی کۆریای باشوور بەئاستێك هەڵبسەڕێنرێت کە ئەو وڵاتەی کردۆتە چراخان و لەکۆریای باکووریش لەبەر ئەوەی نەتوانراوە تواناکان وەك پێویست پەرەیان پێبدرێت، دەبینین تاریکستانە.

کەواتە لێرەوە ئەوەی لەکابینەی حەوتەم چاوەڕێ دەکرێت، بەهێزکردنی دامەزراوەکانە بۆئەوەی هاندانی بەهێز دروست بێت و تواناکان پەرەیان پێبدرێت و بەئاستی پێویست بتوانرێت تواناکان بخرێنە گەڕ بۆئەوەی باشتر ئیمکانیەتەکانی حکومەت هەڵبسەڕێن و خزمەتگوزاریی شایستە پێشکەشی هاوولاتیان بکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا نێچیرڤان بارزانی

**ئەوەی لەکابینەی حەوتەم چاوڕێ دەکرێت، بەهێزکردنی دامەزراوەکانە بۆئەوەی هاندانی بەهێز دروست بێت و تواناکان پەرەیان پێبدرێت**

جیا لەوەی ئەو خۆی یەکێکە لەدامەزرێنەرانی سیستمی دامەزراوەیی لەکوردستان و بڕوای بەوە هەیە بەهێزکردنی دامەزراوەکان باشترین ڕێگەچارەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان، لەهەمانکاتدا بڕوای بەشەفافیەت و حکومڕانی ڕاستگۆیانە هەیە، بۆیە ئەمانە ئەو فاکتەرانەن کە چاوەڕێ دەکرێت هەنگاوی گەورە لەبواری پێداچوونەوە بەهەیکەلی دامەزراوەیی و بەهێزکردنیان بگێڕدرێت، ئەو قەناعەتی بەوە هەیە، ناکرێت لەسەر بونیادی دامەزراوەی بەهێز جیاوازیمان هەبێت، بەڵام ئاساییە لەسەر میکانیزمی هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان جیاوازی و میتۆدی جیاوازی ئیشکردن هەبێت، کەواتە نێچیرڤان

**ناکرێت لەسەر بونیادی دامەزراوەی بەهێز جیاوازیمان هەبێت. بەڵام ئاساییە لەسەر میکانیزمی هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان جیاوازی و میتۆدی جیاوازی ئیشکردن هەبێت**

بارزانی چۆن کەسایەتیەکی جیاوازە، ئەوا خەمەکانیشی بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە جیاوازن، ئەو لەکابینەی پێنجەم هەموو خەمەکانی ئەوەبوو کوردستان بخاتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی و بەلایەوە گرنگ بوو کوردستان ببێتە سەرچاوەی وزە، بۆیە لەوەڵامی ئەوانەی پێیان وابوو کۆنتراکتەکانی نەوت شەفاف نین، ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد (ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە ئەم پرۆسەیە سەربگرێت، ئەم کۆنتراکتانە ئەگەر شەفاف نەبن، ئێمە ناتوانین ئەم پرۆسەیە سەربخەین، بۆیە لەم قۆناخەدا نەك کۆنتراکتەکان لەسەر ئەنتەرنێت بڵاو دەکەینەوە، بەڵکو کردومانە بەکتێب و لەبەردەستی هەموو کەسدایە..) لەدرێژەی قسەکانیداو بەزەردەخەنەیەکەوە وتی (خوا دەکات کوردستان لەم پرۆسەیە سەردەکەوێت و دەبێتە خاوەنی سەرچاوەی وزە. ئەوکاتە بواری ئەوەش دەبێت شەفافیش نەبێت. بەڵام ئێستا ناکرێت شەفاف نەبین) ئەم قسانەی بەرێزی کە لەدەرەوەی چاوی کامیراو میدیا کراون، ئاماژەیە بۆ جیاوازی خەمەکانی ئەم کەسایەتیە کە لەهەوڵی ئەوەدایە هەموو سەرچاوە مرۆییەکان و سەرچاوە سروشتیەکان بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئایندەیەکی خۆشگوزەران بۆ گەلی کوردستان دابین بکات، هەروەها لەبواری کاری حکومڕانی و مامەڵەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دیسان کەسایەتیەکی جیاوازی هەیەو بەڕەخنەی ڕۆژنامەنووسان چەند ناهەقیشی تێدابێت، نیگەران نابێت و ئامادەیە لەگەڵ هەمان ڕۆژنامەنووس یان هەمان میدیا چاوپێکەوتن یان لێدوان بدات، ئەمەش مانای ئەوەیە تێڕوانینی نێچیرڤان بارزانی بۆ کاری ڕۆژنامەگەری بەوجۆرەیە، بەبێ ڕۆژنامەگەری ئازاد و ڕەخنەی جددی مەحاڵە حوکمڕانی دیموکراتی بکرێت، بۆیە وەك دۆستێکی ڕۆژنامەنووسان، بەردەوام لەناو حکومەت و سەرکردایەتی، ئەو بەوە ناسراوە داکۆکی لەڕۆژنامەنووسان دەکات و پێیان دەڵێت ئێوە خۆتان زانیارییەکانیان لێدەشارنەوەو لەسەر ئەو زانیاریانەشی دەستیان دەکەوێت لێیان تورە دەبن، بۆیە ئەو ماف دەداتە ڕۆژنامەنووسەکەو سەرکۆنەی بەرپرسان دەکات کە زانیاری لەڕۆژنامەنووسان دەشارنەوە، کەواتە ئەمە بایەخی ڕۆژنامەگەریمان لای نێچیرڤان بارزانی پیشاندەدات کە

**نێچیرڤان بارزانی بەڕەخنەی ڕۆژنامەنووسان چەند ناهەقیشی تێدابێت نیگەران نابێت و ئامادەیە لەگەڵ هەمان ڕۆژنامەنووس یان هەمان میدیا چاوپێکەوتن یان لێدوان بدات**

ئەو ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لەپرۆسەی دیموکراتی لەسەر چەند ڕەخنەیەك یا ڕەخنەکانیش لەجێگەی خۆی نەبێت بەراورد ناکات، ئەو بەوجۆرە سەیری ڕۆژنامەگەری ناکات، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گوشاری ئابووری بکرێتە سەریان بۆ ئەوەی دەنگەکان بێدەنگ بن، ئەو خۆی هاوکاری ڕۆژنامەکانە بۆ ئەوەی ڕەخنەی بوێرانەتر بگرن، ئەو زانیاری لەڕۆژنامەنووسان ناشارێتەوە، بەڵکو بۆ چارەسەری کێشەکان وەك (ئەو کێشەیەی لەبۆرسەی ئۆسلۆ لەسەر یەکێك لەکۆمپانیاکانی نەوت دروست بوو و بەهەڵە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتە ناوەوە، یان وەك ئەو هێرشەی تورکیا کە لەساڵی ٢٠٠٨ بۆسنوورەکانی هەرێمی کوردستان کردی...و تاد) ئەو خۆی لەگەڵ




**نێچیرڤان بارزانی بەو جۆرە سەیری ڕۆشنبیر دەکات، کە ڕەخنەی ڕۆشنبیران هەڵقوڵاوی بیرێکی دڵسۆزە بۆ ئێستاو ئاییندەی ئەم وڵاتە و پێویستە گوێی لێبگیرێت**

ڕۆژنامەنووسان کۆدەبێتەوەو زانیاری تەواویان پێدەدا بۆئەوەی لەبەر ڕۆشنایی زانیارییە ڕاستەکان ڕۆژنامەنووسان مامەڵە لەگەڵ ڕووداوو کێشەکان بکەن، یان لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆشنبیران و بڕوابوونی بەڕێزیان بەرەخنەی توندی ڕۆشنبیران، نێچیرڤان بارزانی بەو جۆرە سەیری ڕۆشنبیر دەکات، کە ڕەخنەی ڕۆشنبیران هەڵقوڵاوی بیرێکی دڵسۆزە بۆ ئێستاو ئاییندەی ئەم وڵاتە و پێویستە گوێی لێبگیرێت و ڕێزی لێ بگیرێت، هەتا ئەگەر ئەو ڕەخنەیە وەك ڕامانێکی فیکری ڕۆشنبیرەکە لەهەندێك زانیاری سیاسی و ئیمکانیەتی حکومڕانیشەوە دووربێت، ئەو بەهیچ جۆرێك ڕەخنەی ڕۆشنبیران ڕەتناکاتەوە، بەڵکو لای ئەو ڕەخنەی ڕۆشنبیران هێندە بەڕێزە، ئەگەر پێویست بێت زانیاری زیاتری پێدەدات بۆ ئەوەی باشتر بیربکاتەوەو ڕەخنەی باشتر بەرهەم بهێنێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی بەردەوامە، هەروەها زۆربەی هونەرمەندانیش بەهەموو بوارە جیاوازەکانیانەوەو لەهەرچوار پارچەی کوردستان و ئەوانەشی وەك ڕەهەندی کوردی لەدەرەوەن، زۆربەیان بەشێوەیەك لەشێوەکان پێوەندییان لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە جیاوازی کەسایەتی نێچیرڤان بارزانی، توانای ئەوەی هەیە لایەنە جیاوازەکان و بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە پێکەوە گرێبداتەوە، ئەمە نهێنی سەرکەوتن و جیاوازی شێوازی نێچیرڤان بارزانی-یە.

## دڵنیایی کوردستان لەدژی ئەگەرەکانی خزاندنی بارودۆخی عێراق بەرەو مەرگەسات

# کۆنفیدراڵیەت باشترین زامنی بەرژەوەندیەکانی کوردستانە



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەژێر سایەی ئەم حاڵەتە گرژو بارتەنگیانەی ئێستای لە دیمەنەکەدان؛ کە بەچەندین لایەن و ڕەگەزی پەرگیرو باڵی توندڕەوی ناو بزاڤە سیاسییە بەشداربووەکانی حکومەتی بەغدا سیخناخ بووە، رۆژانەش سەدای لێدوانە ئاڵوگۆڕکراوەکانی ئەم لایەنانە بەرزتر دەبنەوەو پڕیەتی لە پیلانگێڕی و تۆمەتبارکردن و هەوڵ و تەقەلای گەمەکردن لەنێو ئاوی لیخندا، هەروەها تژییە بە گۆڕینەوەی تۆمەتی سیاسی لە بەرامبەر یەکتردا. ئەمجۆرە چالاکیانەی ئێستا وا چاوەڕوانی لێناکرێت کە لە سنووری گرژی و چاولەیەکتر سوورکردنەوە بوەستن، بەڵکو بۆ چەندین دەرئەنجامی سامناك لە عێراقدا ملدەنێن بەتایبەت لە نێوان کەسایەتی و لایەنە توندڕەوەکاندا، کەشوهەوا تەکفیرکراوەکەی لایەنە توندڕەوەکە پاڵ بە کوردستانەوە دەنێت تا بیکەنە بەشێك لەناو کێشەکانی خۆیان، لەناو ئەو چوارچێوەیەی کە بەشێکە لە هێزێکی عەقڵانی چارەساز دەریپەڕێنن.

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت کۆمەڵێك پرسیار بوروژێنین لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە لە گۆڕەپانەکەی کوردستاندا دروست بوون، هەروەها ئەو پەنجانەش ئاشکرا بکەین کە لە پشتەوەی دروستبوونیانەوەن؟ لەمەش دوورتر بڕۆین و گرنگتریش ئەوەیە پرسیار لە مەبەستی پشتەوەی تێکدانی بارودۆخ و سەقامگیری ئێستای کوردستان بکەین، هەرکەسێکی هۆشمەندوو خاوەنی حیکمەت بە ڕوونی ئەوە دەزانێت کە ئەم کێشانە لە سنووری توندوتۆڵکردنی بارودۆخ و سەلامەتی هەرێم تێدەپەڕێن، هەروەها لەو ڕۆڵە ئەکتیڤ و کاریگەرەی کوردستاندا کە تا ئێستا توانیویێتی لغاوی دەرهاویشتە سلبیەکان بکات و زەمینەسازییەك بۆ چارەسەرەکان بسازێنێت کەم دەکاتەوە. لەم بارودۆخەدا نیازو نیەتێکی بێپەروای زۆر هەیە بۆ تێکدانی سەقامگیری هەرێم و سەرقاڵکردنی خەڵکی کوردستان بە چەند گرفتێکی ئاسایشی و هەروەها چەند گرفتێکی سیاسیشەوە، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی کاریگەربوونی کورد دوور بخرێتەوە لەو هاوبەشیکردن و ڕاگرتن و پاراستنی دینگەی یەکبوونی خاکی نیشتمان و پاراستنی دەستوورەی کە کردوویەتیە پەیام بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە بەغدا ڕوو دەدەن.

قەیرانەکە لێرەدا راناگیرێت بەوەی کورد لەو گەمەیەدا دووربخەنەوە کە تا ئێستا تێیدا رۆڵێکی ئیجابی دەگێڕێت، بەڵکو لەو مەترسیانەدا خۆی مەڵاس داوە کە هەڕەشەیە بۆ تێکدانی بارودۆخی نێوخۆی کوردستانیش، بەپێی ئەزموون دەرکەوتووە کە ئەو توانایەی بۆ هەڵگیرساندنی فتیلەی هەر قەیرانێك بەگەڕدەخرێت هەمان ئاستی توانا ناتوانێت بەئاسانی کۆنترۆڵی ئاگرەکەی پێ بکرێت و بیکوژێنێتەوە گەر بێتوو کوژانەوەکەی دوا بخرێت، ئەمڕۆ کاروبار لە دوو شتی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە:

١- سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەی نیشتمانی بۆ چارەسەری گرفتە ئاڵۆزکاوەکانی بەغداو حکومەتی فیدراڵی، پێویستە فشار لەسەر ئەو بابەتانە بەشێوازێك بکرێتەوە کە هەڵوێست وەرگرتن لە کۆنگرە هەڵوێست وەرگرتن بێت بەرانبەر پرۆسەی سیاسی و وەرچەرخانەکانی..

پێویستە لە دوو قۆناغەوە کۆنگرەکە خاڵ بچەسپێنێت تا چارەسەری گرفتەکانی بەخێرایی و بەپەلەو کاروبارەکانی داهاتووش تاوتوێ بکات، قۆناغی یەکەمی کۆنگرەکە لە هەولێر ساز بدرێت، لەو قۆناغەدا دیسپلینێك بۆ کاری نیشتمانی و هاوبەشێتی دابنرێت ئەویش بە دانانی چەند خاڵێکی دیاریکراو پاشبەند بە وادەو سەقفی زەمەنی و زەماناتەوە، نابێت ئەوەش قبوڵ بکرێت کە ئەو کۆنگرەیە لە هەولێر دوور بخرێتەوە، کۆنگرەکە دیکۆمێنت بکرێت بەڕێکەوتنە بەناوبانگەکەی هەولێرەوەو بکرێتە دینگەیەکی جەخت کردنەوەو چەسپاندن و ڕواندنی متمانە لە مامەڵەت کردن لەگەڵ هەرێم و دانانی ڕێز بۆ پێوەندیی فەرمیی دەستوورییانە، بە پێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕوونی ڕوودەدات و چیتر لە کەس ناشاردرێتەوە...

٢- قۆناغی دواتری کۆنگرەکە کە رەنگبێت لە بەغدا سازبکرێت، بە ئاڕاستەی چەند ستراتیژییەتێکەوە گرێبدرێتەوە، کە وەك پرۆژەیەکی نیشتمانییان لێ هاتووەو ناکرێت لێی بەدوور بین، ئەوەش پێوەندییان بە تەواوکردنی یاساکانی خۆئامادەکردنەوەیە بۆ قۆناغێکی هاوجۆریی نوێ لە پرۆسەی سیاسیی و چوونە پێشەوە بە ئاڕاستەی تەواوکردنی دامودەزگا دەستوورییەکان، بە پێی بڕیارە نیشتمانییە هاوبەشەکان لە نێوان کۆی هێزەکانی ناو پرۆسەی سیاسی چ لەناو پەرلەمان یان لە دەرەوەیدا، دەشکرێت ئەم یاسایانە پوختە بکرێنەوە بە تایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە کاروباری یاسای پارتە سیاسییەکانەوەیە، یان یاسای هەڵبژاردن و پێکهاتەی پەرلەمانیی و بە تایبەتیش یاسای ئەنجومەنی

ئیتیحادی، ئەوانەشی کە پێوەندییان بە دادوەری و ئەرکەکانی ئەنجوومەنە سەربەخۆکان و سەربەخۆیی ئەداکردنییانەوەیە..

ئەو تەداعیاتانەی ئەمڕۆ لە فشاردان والە کوردستانییەکان دەخوازێت کە لە هەر دەرئەنجامێکی پێشبینی کراو کە بە ژێر باڵەکانی فیندامینتاڵە توندڕۆکانەوە دێن خۆ بپارێزن، ئەو توندڕۆیانەی دەست و پەنجەی خۆیان بە سلبیانە وەردەدەنە کاروباری کوردستانەوە، ئاشکرایە کە ئەو دەست و پەنجانە بەبێ پشت و پەنای هەرێمایەتی و دەرەکییانە ناجووڵێن، هەروەها بەبێ هاوکارە قۆرخکارەکانیان لەناو هەرێمەوە بۆ دەستێوەردان ئامادە نابن. لێرەوە بیرۆکەی زامن کردنی هەرێم لە دژی هەموو ئەو فشارانە بەهۆی بوونی فیدرالیەتەوە گرنگن و پێویستیان هەیە بە قووڵبوونەوەو هەنگاو هەڵگرتن بەرەو پێشەوەتر، تا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و جەوهەرییانەی ئومێدبەخشی لێ بکەونەوە..

فیدرالیەت بەم دۆخەی ئێستایەوە لەژێر هەڕەشەدایە، هەر کاتێك واز لە ڕێکەوتنەکان بهێنرێن و لەبەرانبەر ماددەو بنەما دەستوورییە سەرەکییەکان خۆ لە گێلی بدرێت و خۆ بدزرێتەوە لە کارکردن بە ماددە بونیاتنەرەکانی فیدراڵیەتی وڵاتەکەوە، ئەوساکە لەوانەیە فۆرمی کۆنفیدرالی گونجاوترین فۆرم بێت کە ئەگەری خۆبەدوورخستنەوەی کوردستان لە هەر هەڵوێستێکی هەرێمایەتی بپارێزێت لە لایەك و؛ لە لایەکەی تریشەوە بەسەر ئەو ڕەفتارە ناتەندروستانەدا سەری بخات کە کەسانێك پێی هەڵدەستن کە بە توندڕەوێتی و فەلسەفەی تائیفەگەرێتی سیاسییەوە لە پیلاندارشتنەوەدان و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاینگەرایی لە ئاوازی خۆیان دەخوێنن، تا بیکەنە سەرقەپاغێك بۆ تاوانکاری و سیاسەتە تەمومژەکانیان..

هەروەها فۆرمی کۆنفیدراڵی زامنکاری زیاتری پەرەپێدانی خێراو گونجاوی کوردستانە بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی بونیادنانەوەو پێشکەوتن بە پێچەوانەی ڕۆتیناتی گرێدراو بە فیدراڵیەتێکی پڕ لە کەموکورتی کە تا ئێستا هەر جارەی بە شێوەیەك گرفت بۆ کوردستان دروست دەکات، جارێك بە بوودجەی گشتی و جارێکیش بە سامان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی و دابەشکردنی و جارێك بە سنوورەکان و جارێکیش بە درێژدادڕی پێوەندییەکان و قەبارەی بەشداربوونی هەرێم لە حکومەتی ناوەندی و ئیتر بەم شێوەیە وەك ئەوەی فیدراڵییەت کەوتبێتە ژێر پێی چەند لایەنێك کە بە میزاجی خۆیان دیمەنی ئەمڕۆ تەحەکوم پێ دەکەن و کوردستان وەك بەربەستێك دەبینن لەبەردەم پیلانەکانیاندا بۆ جڵەوگرتنی دەسەڵات..

کۆنفیدراڵی ئەو میکانیزمە دروستەیە کە بونیادنان و پلانی سەربەخۆی زیاتر دابین دەکات بۆ کوردستان و دەبێتە کۆسپ بە ڕووی ئەو چالاکیانەی کە کورد سەرقاڵ دەکەن بە گەمەی فێڵ لێکردنی و هەروەها دووری دەخەنەوە لەو فەرمانە دیکتاتۆرییانەی کە بەسەرقەپاغی ئایینیی و تائیفییەوە داڵقاون، ئەو چالاکیانە سنگی دەنێن بەو گۆچانەوەی کە بۆ بەرژەوەندی زۆرینە دروست بووە، لە کاتێکدا جگە لە سەنگەرلێگرتنی تائیفی و فرتوفێڵی خۆمەڵاسدان زیاتر، هیچ مەبەست و نیەتێکی چاوەڕوانکراوی تری لە پشتەوە نییە..

داواکردنی کۆنفیدراڵی لە بۆشاییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو داخوازییەکان و پێداویستییەکانی گەلی کوردستانەو هەروەها هەبوونی یەکێتی عیراقی دەسەلمێنێت، بەڵام فۆرمەکەی بەشێوەیەکی تر پەرەدەستێنێت و گەلی کوردستان لەهەموو ئەگەرەکانی قۆرخکردن و دەرفەتەکانی دەستێوەردانی سلبیانەی وەك ئەوانەی ئێستا هەن دووردەخەنەوە کە بەهۆی زیاتر لە ئەسپێکی تەڕوادەوە فێربوون بەرژەوەندییەکانی کوردستان بۆ مەرامە ئینتیهازییەکانی خۆیان هەرزان فرۆش بکەن و لەگەڵ هێزو گرووپە تائیفییە سیاسییەکاندا دەست تێکەڵاو بکەن، ئەو هێزانەی کە بە بریسك و هوڕی ئایینیانەی ساختەوە لە ناوەندی کوردستانیدا لە گەڕیاندان و ئێستاش ڕێبازگەی سیاسیانەو سەرقەپاغی ئاینیانەیان بۆ خۆیان داناوە ..

لەم ڕووەوە هیچ ئیشکالیەتێکی دەستوورییانە دروست نابێت، چونکە بنەما دەستوورییەکان دەرفەتی زیاتر بە پیادەکردنی میکانیزمەکانی دیموکراتییەت و ڕاپرسی سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین دەدەن و بە بنەماکانی پێوەندییەکاندا دەچنەوەو بۆ بەرژەوەندی پێکهاتەکان و لایەنەکان، زەماناتی باشتر دەڕەخسێنن تا باشترین سەقامگیری و قووڵترین کەرەسەی ئەکتیڤ بوونی کاروانی ئاوەدانکردنەوە بسەلمێنن..

هەروەها ئەو هێزانەی لە بەغداوە فێربوون خۆیان لە دەستوور بدزنەوە ئەوانن کە هاندەرو پاڵنەری سەرەکین بۆ هەڵبژاردنی ئەم فۆرمەی کۆنفدرالی، ئەوەش بەهۆی پیادەکردنی سیاسەتێکەوە کە هەمووان پەلکێشی لێواری خەرەند دەکات، بەڵکو هەمووان بەخۆیەوە دەخاتە ناوەندی خەرەندەوە، ئەگەر ئەمەش ڕووبدات، ئەوسا پەشیمانی دادی کەس نادات، بۆیە گەر بمانەوێت یەکێتی خاکی عیراق بپارێزین، پێویستە بەخێرایی بگەڕێینەوە سەر بنەما دەستوورییەکان، ئەم ئاڕاستەیە ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر پێویستە بۆ هەمووان، نەك بە چارەسەرکردنی گرفتەکان لە ڕێی نووسینەوەی بابەت و خوێندنەوەی ڕۆژنامەگەرییەوە، بەڵکو لێرەوە وا دەخوازم کۆنگرەیەکی جەماوەری کوردستانی بە سەرپەرشتییەکی فەرمییەوە لە پێناوی دانانی چەند لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی و سیاسی ببەسترێت، ئەوەش بۆ دانانی فۆرمێکی کۆنفیدراڵیەت و لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندنی کۆنفیدراڵیەت، بە پشتبەستنی تەواوی بەو داخوازییانەی کە مافی فەرمین و تێیدا ئاماژە بدرێت بە مافی چارەی خۆنووسین لە لایەك و؛ هەروەها ئاماژە بدرێت بە بنەما دەستوورییەکانەوە، وێڕای هانابردن بۆ پشتگیری نێودەوڵەتی لەلایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و دامودەزگا نێودەوڵەتییە پێوەندارەکانیشەوە..

*** سەرۆکی پەرلەمانی کەلتووری عیراقی لە تاراوگە**

**فۆرمی کۆنفیدراڵی زامنکاری زیاتری پەرەپێدانی خێراو گونجاوی کوردستانە بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی بونیادنانەوەو پێشکەوتن بە پێچەوانەی ڕۆتیناتی گرێدراو بە فیدراڵیەتێکی پڕ لە کەموکورتییەوە**

**فیدرالیەت بەم دۆخەی ئێستایەوە لەژێر هەڕەشەدایە و فۆرمی کۆنفیدراڵی گونجاوترین فۆرمە**

# زەحمەتە عێراق بەئاسانی لەم قەیرانە دەربچێت



قەیرانی عێراق هێندەی ڕووی لەهەڵکشان و ئاڵۆزی زیاترە، هێندەی ڕووی لەکرانەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان نییە، لەبەر ئەوەی چەند کات تێپەڕێت هێندە کێشەکان ئاڵۆزتر دەبێت، چەند هەوڵ بدرێت بۆئەوەی کێشەکە بەڕێگەی دیالۆگ و ڕێککەوتن چارەسەر بکرێت، هێندە لایەنەکان لەیەکتری دوور دەکەنەوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی بۆچوونی سیاسییەکانی عێراق و دەوروبەر و شرۆڤەوان و پسپۆرانی ناوخۆ و جیهانی لەسەر ئەوە چڕبێتەوە کە عێراق لەدووڕیانی شەڕێکی مەزهەبی گەورەیەدا و ئەگەر ئەو شەڕەش خوانەخواستە هەڵبگیرسێت، ئەوا عێراق نابێتەوە بەو عێراقەی کە هەموو لایەك ئومێدی بۆ دەخوازن و دەرگای هەموو ئەگەرەکان واڵا دەبێت بەهەڵوەشانەوەی عێراقیشەوە، هەربۆیە وێڕای ئەوەی هەموو لایەك هەست بەم مەترسیە گەورەیە دەکەن، بەڵام هەتا ئێستا هەموو هەوڵەکان لەوە دەستەوەستانن کە بتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن، بەتایبەتی کە لایەنی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەئاشکرا ئاستەنگ بۆ بەردەمی وتووێژەکان دروست دەکات و لەهەمانکاتدا پەرلەمانتارانی لیستی ئەلعراقیە بڕیاریانداوە لەپەرلەمان پاشەکشە بکەن.

سەبارەت بەم بارودۆخە شرۆڤەوانی ناسراوی

**باشترین شتێك ئەمریکا بتوانێت بیکات ئەوەیە لەگەڵ تورکیا و سعودیەدا لەسەر ئەساسی سازشکردن هانی گەیشتن بەچارەسەرێك بۆ قەیرانەکە بدەن**

جیهانی پرۆفیسۆر گریگۆری گەوس لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە بۆ تێڕوانینەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەگێڕێتەوە بەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەوڵیداوە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەم بارودۆخە بقۆزێتەوە بۆئەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی خۆی کۆبکاتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر گەوس لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هەڵوەستەی لەسەر ئەم پرسە کرد و گوتی: (ئەو قەیرانە سیاسییەی ئێستا لەعێراق هەیە، پەیوەستە بەوەی تا چ ڕاددەیەك سەرۆك وەزیران دەتوانێت دەسەڵات لەدەستی خۆیدا کۆبکاتەوە. بارودۆخەکە جێگیر نییە و من نازانم بەچ ئاراستەیەکدا دەڕوات. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە هەوڵێکە لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە لەسەروبەندی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا بەئاراستەی کۆکردنەوەی دەسەڵاتی زیاتر لەدەستی خۆیدا. بۆیە من وای دەبینم ئەگەر بارودۆخەکە زیاتر هەڵبکشێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبێتە جێگەی مەترسی بەتایبەتی ئەگەر ئاستی توندوتیژیەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستەی لەساڵی ٢٠٠٤ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٧ لەئارادابوو. من پێموانییە سوننەکان بتوانن ئەو جۆرە توندوتیژیە بوروژێنن دوای شکستەکەیان لە٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا. بەدڵنیاییەوە لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا ئێوە هێرشی تیرۆریستیتان بینی، بەڵام مایەی گومانە کە ئەم توندوتیژیە بەئاستێکی بەرفراوان و سەرتاسەری لەناو سوننەکاندا بەرەو هەڵکشان بچێت)).

**پێدەچێت سیاسەتوانە عێراقییەکان هەست بەئارامی لەگەڵ ئێران وەك وڵاتێکی دراوسێ بکەن، بۆیە چیتر پێویستییان بەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نەماوە**

کەواتە وەك پرۆفیسۆر گەوس ئاماژەی پێکرد مەترسیەکە لەوەدایە کە پرۆسەکە زیاتر بەرەو هەڵکشان بچێت، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگە لەم هەڵکشانەش بگیرێت، تەنیا ڕێگە دیالۆگ و ڕێککەوتنە، بەڵام وەك ئێستا دەبینرێت ئاستەنگ بۆ وتووێژەکانیش دروست دەکرێت، سەبارەت بەم لایەنەش پرۆفیسۆر گەوس وتی: (لەغیابی گفتوگۆدا بارودۆخەکە تەنیا بەرەو خراپتربوون دەچێت. بەلای منەوە دۆخەکە زۆر دژوارە لەکاتێکدا کە تۆ دوو لیستی گەورەت هەیە لەعێراقدا و ئەو دوو لیستە کە نوێنەرایەتی زۆرترین خەڵك دەکەن لەبەشە عەرەبیەکەی عێراقدا، عێراقیە و دەوڵەتی یاسا، تەواو بەرهەڵستی یەکن، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە کە ئەلعێراقیە لەبەرەی موعارەزەدا بێت و دەوڵەتی یاسا لەحکومدابێت و دواتر ئەگەری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەبێت لەدوای هەڵبژاردنەوە. بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە ئەلعێراقیە لەحکومەتدایە، بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی هەبێت و سەرۆك وەزیرانیش هەوڵی کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان دەدات لەدەستی خۆیدا)).

لەسەر ئاستی ناوخۆ و سەبارەت بە تێڕوانین بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق جەمال بەتیخ سەرۆکی لیستی (بەیزا) لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی:( باری سیاسیی ئێستای عێراق ئاڵۆزە و هۆکاری ئەم ئاڵۆزییەش کۆمەڵێك پێشهاتە کە دەرهاویشتەکانی کەڵەکەبوون بەسەر یەکدا، بۆیە پێویستە لەسەر لایەنە سیاسییەکان هەوڵبدەن ئەم بارە نائاساییە جڵەوگیر بکەن و لە ئاستێکدا ڕایبگرن و ئاراستەی وتووێژەکان بگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانی، ئەمەش پێویستی بەئیرادەیەکی سیاسی هەیە بۆئەوەی ئەو کۆبوونەوەیە ڕێکبخات، ئێستا باسی گرێدانی کۆنگرەی نیشتمانی دەکەن، بەڵام لێرەدا چەند پرسیارێك لەبارەی ئەو کۆنگرەیە هەیە، ئاراستەکان دەپرسن کە ئایا ئەو کۆنگرەیە سەرکەوتوو دەبێت لەکۆتاهێنانی کێشەکان و نەهێشتنی درزی نێوان لایەنە سیاسییەکان؟ هەروەها ئەگەر هات و کۆنگرەکە گرێدرا ئایا گرەنتی هەیە لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە جارێکی دیکە نەگەڕێنەوە بۆ گرژی و خولقاندنی قەیرانەکان؟ ئایا لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتوونە لەسەر کارنامەیەکی سیاسی کە مایەی چارەسەرکردنی دۆسیە هەڵپەستراوەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان بێت؟ لەبەرئەوەی خۆی لەخۆیدا پێویستە پێشوەختە ڕەشنووسێك ئامادەکرابێت لەسەر کارنامەیەکی سیاسی کە لایەنەکان پێش کۆبوونەوەیان لەسەری ڕێکبکەون. هەروەها، ئایا ئەم کۆنگرەیە گرەنتیی ئەوە دەکات وڵات بگوازێتەوە لە قەیرانەوە بۆ سەقامگیری؟ لەڕاستیدا، گومان لەسەر خشتەی کارەکانی کۆنگرەکە هەیە بەهۆی نەبوونی متمانە لەنێوان لایەنەکان بەدرێژایی زیاتر لە هەشت ساڵ، بۆیە زەحمەتە ئەو بێ متمانەییە تەنیا بە یەك دانیشتن لەسەر مێزی دانوستان بگۆڕێت و ببێتە مایەی دروستبوونی متمانەیەك کە مایەی هێورکردنەوەی بارودۆخ و پێشهاتەکان بێت)).

**کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و ئەو مەترسیانەی چاوەڕوان دەکران**

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا یەکێك بوو لەو خاڵانەی کە تەواوی ساڵی پار لەنێو لایەنە سیاسییەکانی عێراق وتووێژی لەسەر دەکرا، بەڵام هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بێجگە لەلایەنی کوردستانی موزایەدەی سیاسیان لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکرد و داوای کشانەوەی دەست بەجێی

**چەند ئاڵۆزی زیاتر لەپێوەندییەکانی ئەمریکا و ئێراندا ڕوویدات، ئەمریکا ئامادەباشی زیاتری دەبێت بۆ ئەوەی وەڵامی داخوازیی عێراقیەکان بداتەوە**

هێزەکانی ئەمریکایان دەکرد، پسپۆران پێیانوایە ئەگەر عێراقیەکان لەسەر شێوازێك بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕێکبکەوتنایە، ئەوا ئیدارەی ئەمریکیش لەگەڵیان ڕێکدەکەوت و ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا درێژ دەکرایەوە، بەڵام وەك سەرەنجام بینمان لایەنە عێراقیەکان ئەمەیان ڕەتکردەوە و ئەمریکاش لەکاتی خۆی کشایەوە، لایەنی کوردستانیش بۆئەوەی بەوە تۆمەتبار نەکرێت کە خواستی ئەوە هێزی داگیرکاری لەوڵاتدا بوونی بەردەوام بێت، لەسەر ئەم مەسەلەیە زیاتر جووڵەی نەکرد، بەڵام هێشتا تەواوی هێزەکانی ئەمریکا نەگەیشتبوونەوە وڵاتی خۆیان، ئەم قەیرانە سیاسییە گەورەیە لەعێراقدا سەریهەڵدا، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر جاکۆب شاپیرۆ گەورە تۆژەری ئامۆژگای وۆردۆ ولسن لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق لەسەر خواستی سیاسەتمەدارانی عێراق بووەو ئەوان داوایان کردووە پێویستە ئەمریکا لەکاتی خۆی بکشێتەوە، لەم بارەوەیەوە وتی: (کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەیاری سیاسەتوانەکانی عێراق بووە و ئەوان بڕیاریان لەسەر

داوە، ئـەم بڕیـارەش لەکاتێکـدا کـە لایەنـە سیاسـییەکانی عێـراق ڕێگەچـارەی دیکەیـان لەبەردەمدابـووەو دەیانتوانـی بڕیـاری دیکە بدەن، خۆ ئەگەر وردتر بیریـان بکردایەوە و هەوڵیان بدایە ڕێککەوتنێکی تازە لەگەڵ ئەمریکا ئیمزا بکەن، ئەوا بێگومان لایەنـی ئەمریکیش ڕازی دەبوو، بەڵام کە ئەوان هەنگاویان بۆ ئەمە هەڵنەگرت، ئەمریکا ناچار بوو هێزەکانی بکشێنێتەوە لەکاتی خۆیدا، بەڕای من لایەنە عێراقیەکان بەهۆشدارییەوە ئەو بڕیارەیان نەداوە و واقیعـی عێراقیان وەك خۆی لەبەر چاو نەگرتووە، بوونـی ئەمریکایان وەك ڕێگرێك لەدەسـتێوەردانی دەرەکی بەگرنگ نەزانیووە، بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێم دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق ڕیز گرتن بووە لەداوای عێراقیەکان، بۆیە لێرەدا مەسەلەکە ئەوەنییە ئایا دوای نەمانی ئەمریکا دەوڵەتانی دراوسێی عێراق دەستێوەردان دەکەن یان نا، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی کە پێدەچێت سیاسەتوانە عێراقییەکان هەست بەئارامی بکـەن لەگەڵ «ئێـران» وەك وڵاتێکی

یارمەتیەکانی ئەمریکا بۆ عێراق پەیوەستە بەئاستی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەهاوکێشـەی سیاسـیی ناوچەکە ڕوودەدات، بەتایبەتی کە ئێسـتا مەزندەی ئەوە دەکرێت لەماوەی چەند مانگی داهاتوو ئاڵۆزی زیاتر لەپێوەندییەکانی ئەمریـکا و ئێراندا ڕووبدات، بۆیـە چەند ئەگەری ڕوودانی ئـەم ئاڵۆزییە زیاتر بێت ئەمریکا ئامادەباشـی زیاتری دەبێت بۆ ئەوەی وەڵامی داخوازییەکانی عێراقیـەکان بداتەوە، بەڵام بۆ ئێسـتا و وەك ڕای تایبەتی خۆم، پێموایە ئەمە ساتێکە کە تیایدا عێراق بەقۆناغێکی گواستنەوەی زۆر زەحمـەت تێدەپەڕێت و وای دەبینم چەند لایەنی جیـاواز هەن کـە لەهەوڵدانن بۆ دەسـتێوەردان لەو قۆناغە، بەڕای من بەشـێکی کەمی ئەم مەسەلەیە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسـەر هەرێمی کوردستان دەبێت، بەڵام سـەبارەت بەپارچەکانی دیکەی وڵات پێموایە چەند ساڵی داهاتوو بۆیان زۆر سەخت دەبێت لەڕووی سیاسییەوە)).

هەر لـەم چوارچێوەیەدا پرۆفیسـۆر گریگۆری

ناگەیەنێت. لێرەوە گرنگـە ئەمریکا ئەو کاریگەریە بەشێوەیەکی شـاردراوە بەکار بهێنێت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت ئەوە بسەپێنێت کە دەبێت ئەنجامی قەیرانەکە چۆن بێت، ڕەنگە پێنج سـاڵ بەر لەئێستا بیتوانیایە ئەم کارە بکات. بەڵام مەسەلەکە تەنیا ئەمریکا نییە، لەمیانەی بەرەوپێشچوونەکانی ناوچەکەوە دەبینین کە هەندێ هێزی ناوچەیـی بایەخ بەعێراق دەدەن، نەك تەنیا ئێران، بەڵکو تورکیا و سعودیەش. بەلای منەوە باشترین شتێك ئەمریکا بتوانێت بیکات ئەوەیە لەگەڵ تورکیا و سعودیەدا لەسەر ئەساسی سازشکردن هانی گەیشتن بەچارەسەرێك بۆ قەیرانەکە بدەن.))

سەبارەت بەوەشـی ئایا چەند ئەم قەیرانە دەبێتە هۆکاریـك بۆ دەسـتێوەردانی دەرەکی، پرۆفیسـۆر گەوس وتـی: (پێموایە لەسـاڵی ٢٠٠٣ـەوە عێراق گۆڕەپانێکی کراوە بووە بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی، ئاشکرایە هۆکارەکە دەستێوەردانی ئەمریکا بووە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەهۆی ئەو سیاسەتەوە بووە کە ڕێگە بەئێران دراوە دەستێوەردان بکات، تورکیاش کاریگەری



گریگۆری گەوس بۆ گوڵان:

## ئەگەر عێراق دابەش بێت دابەش نابێت بۆ سێ دەوڵەت، بەڵکو دەبێتە دوو دەوڵەت



جەمال بەتیخ بۆ گوڵان:

## هۆکاری ئاڵۆزی عێراق کۆمەڵێک پێشهاتە کە دەرهاویشتەکانی کەڵەکەبوون بەسەریەکدا



جاکۆب شاپیرۆ بۆ گوڵان:

## چارەسەری دوور ئەوەیە کە بۆ عەرەبی سوننەی عێراق هەرێمێکی فیدرالی بەهاوشێوەی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت

دراوسێ و هەر لەبەرئەوەیشـە کە چیتر پێویستییان بەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نەماوە)).

پرۆفیسـۆر شـاپیرۆ وێڕای ئـەوەی ئەگەری گەڕانەوەی عێـراق بۆ شـەڕی مەزهەبی بەدوور دەزانێت و ئەو زنجیرە تەقینەوانەش کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێـراق ڕوویاندا بەمانۆڕێکی دەزانێت لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریسـتیەکانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی پیشـانی بدەن بونیان هەیە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی شـەڕی مەزهەبی دەست پێبکاتەوە، بەڵام سـەبارەت بـەوەی تاچەند عێراق لەم بارودۆخەدا پێویسـتی بەهاوکاری ئەمریکایە بۆ ئەوەی لەم قەیرانە ڕزگاری بێت، پرۆفیسۆر شاپیرۆ ئەمەش دەبەسـتێتەوە بـەداوای حکومەتی عێراق لەئەمریکاو لەمبـارەوە و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (دەکرێ حکومەتی عێراقی بڕیار بدات تاچەند پێویستی بەوەیە کە ئەمریکا پاڵپشتی بکات، کەمن پێموایە پاڵپشـتی ئەمریکا زیاتر بۆ عەرەبی سـوننەی عێراق دەبێت، لەلایەکی دیکە مەسەلەی

گەوس پێیوایە هێشـتا ئەمریکا دەتوانێت هاوکاری عێـراق بکات هەتا ئەگەر بەشـێوەی نهێنیش بێت، بەڵام ئەو ڕاستیەش هەیە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت ئەوەیـە کە ئەمریکا هەمان کاریگەری جارانی نییە، لەمبـارەوە و لەدرێـژەی لێدوانەکەیـدا بۆ گوڵان پرۆفیسـۆر گەوس وتی : (هێشتا ئەمریکا هەندێ کاریگەری هەیە، ئەگەرچی هێزەکانی کشاونەتەوە. مـن هاوڕام لەگەڵ ئـەوەدا کە بایەخـی ئەمریکا بەچەشـنی ڕابردو کاریگەری لەسەر عێراق نییە و ئەوەش شتێکی حەتمیە بەهۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام هێشـتا ڕێگەگرتن لەهەرەسهێنانی دەسەڵات و گەڕانەوە بۆ شەڕی ناوخۆ لەبەرژەوەندی ئەمریکادایە، لەڕاسـتیدا ئەوە لەبەرژەوەندی هەموو لایەکدایـە. لەبەر ئەوە هیوادارم نـەك تەنیا لەڕێی دیپلۆماسـیەتی دەرەکیەوە، بەڵکو خودی سـەرکردە عێراقیەکان خۆیان پاشەکشە بکەن لەهەنگاوهەڵگرتن بەرەو لێواری شـەڕێکی ناوخۆیـی دیکە. چونکە ئەو شـەڕە خزمـەت بەبەرژەوەندی هیـچ لایەنێك

هەبووە، نـەك تەنیـا لەناوچە کوردیەکـە، بەڵکو لەناوچەکانـی دیکەی عێراق. نەك تەنیا کاریگەری سیاسی و سـەربازی، بەڵکو کاریگەری ئابووریش. هەروەهـا سـعودیە و وڵاتانی دیکـەش هاوکاری گروپ و سیاسییە جیاوازەکانیان کردووە لەنێو عەرەبە عێراقیەکانیاندا بۆ بردەوان بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان، ئەمە کاتێـك ڕوودەدات کە دەوڵەت لاواز بێت، ئەمە لەلوبنانیش ڕوویدا و ئێسـتاش لەسوریا ڕوودەدات. ئێستاش دەوڵەتی عێراق لاوازە و پارتەکان هەوڵدەدەن پشـتیوانی دەرەکی بەدەسـت بهێنن، پێموایە کاتێك سـەرۆك وەزیـران هەسـت دەکات لاوازە ڕوودەکاتە ئێران بۆ بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی، ئەم کارەی بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی کرد. کەواتە تاوەکو کەشی پڕ لەقەیـران لەعێراقدا بەردەوام بێـت، ئەوا لایەنە عێراقیە جیاوازەکان هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی دەرەکی دەدەن، بەو شـێوەیە کاریگەری دەرەکی، نەك تەنیا کاریگەری ئێـران، بەڵکو کاریگەری وڵاتانی دیکەش لەعێراقدا زیاد دەبێت.)).



## کورد تاچەند دەتوانێت
## هەوڵەکانی بۆ هێورکردنەوە بخاتە گەڕ

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە کە ڕژێمی پێشوو ڕووخاو پرۆسەی سیاسیی لەعێراق دەستی پێکرد، کورد هەرگیز بەشێك نەبووە لەکێشەی نێوان لایەنە عێراقیەکان، بەڵکو بەشێك بووە لەچارەسەرکردنی کێشەکە، ئێستاش لەم قەیرانەدا هەموو لایەك چاوەڕێی ئەوە دەکەن کورد بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت، سەبارەت بەڕۆڵی کورد لەم بوارەدا پرۆ فیسۆر شاپیرۆ ئەم هەوڵەی لەکورد چاوەڕێ دەکرێت بەهەوڵێکی ئیجابی لەقەڵەم دەدات بەمەرجێ لایەنەکانی دیکە ئامادەی وتووێژیان تێدابێت یان ڕەتکردنەوەی وتووێژ نەکەنە کارتێك بۆئەوەی وەك گوشارێك ئامانجە سیاسیەکانی خۆیانی پێ بەدی بهێنن و لەمبارەوە وتی:(ئەوە زۆر گرنگە ئەگەر سەرکردە کوردەکان بتوانن ڕۆڵی میانگیر لەنێوان عێراقیە و مالکیی بگێڕن، بەڵام هەتا ئەگەر ئەمجارەش ڕێکبکەون، بەبڕوای من چارەسەری دوور ئەوەیە کە بۆ عەرەبی سوننەی عێراق هەرێمێکی فیدرالی بەهاوشێوەی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت و پێوەندیەکی دیاریکراویان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا هەبێت)).

## عێراق دابەش نابێت
## بەڵام کورد دەتوانێت کێشەی خۆی یەکلابکاتەوە

زۆر لەچاودێران مەزندەی ئەوە دەکەن ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت لەوانەیە عێراق لەبەر یەك هەڵوەشێت، بەڵام پرۆ فیسۆر گریگۆری گۆس پێیوایە ئەم ئەگەرە بۆ عەرەبی سوننە و شیعە دوورە، لەمبارەوەیە لەدرێژەی لێدوانەکەی پێی وتین: (من پێموانیە عێراق دابەش بێت، ئەگەر دابەشیش بێت، ئەوا دابەش نابێت بۆ سێ دەوڵەت، بەڵکو دەبێتە دوو دەوڵەت، بەلای منەوە، عەرەبەکانی عێراق سەرەڕای کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان سوننە و شیعە یەکگرتوویەکی مێژوویان هەیە، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە دابەش بن. پێموایە سەرەڕای سەختی قەیرانە سیاسییەکە، بەڵام سەرناکێشێت بۆ دابەشبوونی وڵاتەکە. بەلای منەوە هیچ لایەنێکی ناوچەیی یان نێودەوڵەتی بەرژەوەندی لەوەدانییە و پێموانییە زۆرێك لەسیاسییەکانی عێراقیش بەرژەوەندیان لەوەداهەبێت. بۆیە لەم قۆناخەدا سیاسییە کوردەکانی عێراق لەدۆخێکی زۆر دژواردان، لەلایەکەوە لەپێگەی هێزدان لەبەرامبەر ئەو دوو پارتەی لەناکۆکیدان، کە ئەتوانن دەرئەنجامەکە یەکلابکەنەوە بەپشتیوانیکردنیان بۆ یەکێك لەو دوو لایەنە. هەروەها لەبەرژەوەندی کوردەکانە کە هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆك وەزیران لەحکومەتی بەغدا کۆنەبنەوە. هاوسەنگی هێز و چاودێریکردن و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان لەبەرژەوەندی کوردەکان دەبن. لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە سەرۆك وەزیران و پارتەکەی بەڕادە و ڕێژەیەکی زیاتری سەربەخۆ بۆ کوردەکان ڕازی بن بەتایبەتی لەپێوەندیدا بەپرسی نەوتەوە لەمەودای نزیکدا، ئەویش لەپێناو بەدەستهێنانی پشتیوانیان. کەواتە پێموایە مەسەلەکە پەیوەستە بەبەرژەوەندی دوور مەودا لەبەرامبەر بەرژەوەندی لە ئایندە و لەمەودای نزیکدا)).

موەفەق روبەیعی بۆ گوڵان:

# «بارزانی» سەرکردەیەکی مێژووییە لای عێراقییەکان نەک تەنیا رێزدارە بەڵکو هەموان بەتایبەتیش دروستکارانی بڕیارەکان متمانەی پێ دەکەن



**لەگەڵ ئەوەی هەموو لایەك لەهەوڵدان بۆ ئەوەی بەشێوەیەك لە شێوەكان جڵەوگیری باری ئاڵۆزی عێراق بكەن و هەرچۆنێك بێت پرۆسە سیاسییەكە بهێننەوە سەر سكەی خۆی، بەڵام ڕیشەی ناكۆكی و كێشەكان بە ئاڕاستەیەك قووڵن كە زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەم بارودۆخە بە ئاسانی ڕاستبكرێتەوە، ئەم بۆچوونەش تەنیا بۆچوونی لایەنێك یان شرۆڤەوانێكی سیاسیی نییە، بەڵكو ئاڕاستەی كێشەكانی عێراق، كۆدەنگی هەموو لایەكی لەسەر پرۆسە سیاسیەكە بەو ئاڕاستەیە بردووە كە ئەو بۆچوونە گەڵاڵە بێت كە چارەسەری كێشەكان زۆر زەحمەتەو تەنانەت ئەو كۆنگرە نیشتمانیەشی كە بڕیارە بۆ كۆكردنەوەی هەردوولایەنی لیستی دەوڵەتی یاساو لیستی ئەلعراقیەو بەبەشداری تێكرای پێكهاتەكان گرێبدرێت، ئەمەش جۆرێك لە ڕەشبینی لەسەر دروست بووەو زۆربەی سەركردە سیاسیەكانی عێراق پێیانوایە ئەو كۆنگرەیەش ناتوانێت چارەسەری كێشەكانی نێوان لیستی ئەلعراقیەو دەوڵەتی یاسا بكات، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە هەستیارەو هەوڵەكان بۆ جڵەوگیری ئەم بارودۆخە نالەبارە، وەك گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەرێز د.موەفەق ڕوبەیعی ڕاوێژكاری پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق سازداوە، ئەمەش دەقەكەیەتی.**

***ڕۆڵی كورد لە پرۆسەی سیاسی و ڕووكردنی هەندێك لە سیاسەتوانەكان بۆ هەرێم و سەرهەڵدانی ناكۆكی چۆن دەبینیت؟**

**موەفەق روبەیعی:** من پێموایە كە ڕۆڵی هەرێم ڕۆڵێكی سەرەكی و میحوەری و مەركەزییە، بەتایبەتی شەخصی بەڕێز سەرۆك بارزانی، مەبەستم، ئەو سەرچاوەی متمانەیەو پاپەندە بە وشە و بەڵێنەكانییەوە. بۆیە پێموایە ئەو وەك مەرجەعییەتێكی سیاسی ڕۆڵێكی زۆر گەورەی هەیە. منیش لێرەوە لەڕێگەی گۆڤارەكەتانەوە داوا لە بەڕێز سەرۆك بارزانی دەكەم ڕۆڵێك بۆ لێكنزیككردنەوەی بۆچوونەكان بگێڕێت، هەروەك جاران. خودی خۆم ئەدای برای بەڕێزیان خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانیم بینی چۆن بووە، هەروەها ئەدای بەڕێزیشیان لە كۆنگرەكانی ئۆپۆزسیۆن، هەر كاتێك ئێمە گەیشتبووینە ڕێگەیەكی داخراو بەڕێزیان دەهات، بینیم ئەدای چۆن بوو لە ئەنجومەنی حوكم، ئێمە دەگەیشتینە ڕێگەی داخراوو ئەویش دەهات لەگەڵ دەستەبژێرەكان دادەنیشت و چارەسەری گونجاوی دەخستەڕوو كە بەلای هەموانەوە پەسەند دەبوو، هەروەها لەمیانەی پرۆسە سیاسییەكەشدا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، فاكتەرێكی سەرەكی بووە لە چارەسەركردنی ئیشكالییاتە سیاسییەكان.

*** لە سێبەری وتوێژەكانی پێش گرێدانی ئەو كۆنگرەیەی كە هەموان پشتی پێ دەبەستن، خوێندنەوەت چییە بۆ دیمەنە سیاسییە ئاڵۆزەكەی ئەمڕۆ؟**

**موەفەق روبەیعی:** لەو بڕوایەدانیم كە قەیرانی سیاسی لە «عێراق»دا بوونی هەبێت. بەڵكو پێموایە یەكێك لەو كێشانە ڕوویانداوە كە ئێمە هەمیشە ڕاهاتووین لە ڕووبەڕووبونەوەیان، ئەو گرفتانەی كە ڕووبەڕوومان دەبۆوە، تەنانەت كاتێك لە ئۆپۆزسیۆن بووین یان پاش ئازادكردن و پاش ساڵی ٢٠٠٣.

مەبەستم لەوەیە كە هیچ قەیرانێكی ڕاستەقینە لەئارادا نییە بەو ئاستەی كە مایەی هەڕەشە بێت لەسەر پرۆسەی سیاسی و كە بیگەیەنێتە ڕووخان، بەڵكو كێشەیەكی سیاسی لەئارادا هەیە، پێموایە چەند كێشەیەك هەیە، یان چەند تەحەددایەك، كە دەتوانین بەسەریاندا زاڵ بین، ئەمە لەلایەكەوە. خاڵی دووەم، بەڕای من پێویستە لەسەر گەلەكەمان لەوە تێبگەن كە لەلای ئێمە لە بەشە عەرەبیەكەی عێراق دوو بەرنامەی سیاسی هەیە، دوو پرۆژەی سیاسی هەیە، دوو ئاڕاستەی سیاسی هەیە. ئاڕاستەی «هاوپەیمانی نیشتمانی» كە ئەمڕۆ برامان «مالكی» (واجیهەكەیەتی)، پرۆژەیەكی دیكە بریتیە لە «عێراقیە» كە ئەمڕۆ «د.ئەیاد عەلاوی» واجیهەكەیەتی. ئەم دوو پرۆژە سیاسییانەش لە یەكتری جیاوازن. بەواتای، ئەگەر بێت و بۆنموونە ١٠ پرسیار ئامادەبكەیت و پرسیارەكان ئاڕاستەی ئەندامێكی سەركردایەتیی «هاوپەیمانی نیشتمانی» بكەیت و هەرهەمان ئەو پرسیارانە ئاڕاستەی ئەندامێكی سەركردایەتیی لیستی «عێراقیە»ش بكەیت، بۆنموونە پرسیار بێت لەسەر كێشەكانی هەرێم و ناوەند، كێشەی مەركەزییەت و نامەركەزییەت، كێشەی هەرێمەكان، كێشەی نەوت، كێشەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، كێشەی بونیادنانی هێزە چەكدارەكان، كێشەی ریشەكێشكردنی بەعس، كێشەی ئاوەدانكردنەوە، كێشەی مانەوە یان كشانەوەی هێزی بیانی لە عێراق، هەروەها لەڕووی هەڵوێستەكانی عێراق بەرامبەر بە سوریا یان بەرامبەر «عەرەبستانی سعودیە» یان بەرامبەر «ئێران» یانیش بەرامبەر بە «توركیا»، ئەمانە هەموویان پرس و كێشەی گرنگ و سەرەكین كە پێوەندییان بە «عێراق» و ئایندەی وڵاتەكەوە هەیە، بەڵام لەئاكامدا دەبینی وەڵامەكان لەنێوان «هاوپەیمانی نیشتمانی» و «عێراقیە» جیاواز دەردەچن، هەربۆیە جیاوازییەكانی نێوانیان سیاسییە نەك شەخصی.

*** بەڕای تۆ هۆكارەكان چین لەپشت ئەم كێشمەكێش و دووركەوتنەوە سیاسییە لەڕووی بانگەشەكردن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بە كۆدەنگی یان بە یەكگرتن و زۆرینەیەكی سیاسی كاروبارەكانی وڵات بەڕێوەدەبات، بۆ ئەم لێكدووركەوتنەوەیە هەیە؟ ئایا هۆكارەكانی بۆ نەبوونی متمانە دەگەڕێتەوە؟**

**موەفەق روبەیعی:** من پێموایە كە جیاوازی لەنێوان قەوارە سیاسییەكاندا شتێكی زۆر ئاساییە لەبەرئەوەی بریتیە لە ململانێ لەسەر دەسەڵات و سامان. سیاسەتوانەكان نوێنەرایەتیی دەنگدەرەكانیان دەكەن و لەگەڵ

نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتە ڕەگەزی و مەزهەبییەکانیان، بۆیە لە هەوڵدان دەبن بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و پارە بۆ پێکهاتەکەیان، هەربۆیە جیاوازی لەمبارەیەوە شتێکی زۆر ئاساییە، تەنانەت لەهەموو بارودۆخەکاندا ئاساییە. لەلایەکی دیکەوە، پێشنیارێکم هەیەو پێموایە کە پێویستە لەسەر «هاوپەیمانی نیشتمانی» و «هاوپەیمانی کوردستانی» بانگەشە بۆ حکومەتێکی زۆرینەی سیاسی بکەن و بانگێشتی لایەنەکانی «عێراقییە»ی بۆ بکەن، حکومەتێکی زۆرینەی سیاسی نەك حکومەتێکی زۆرینەی مەزهەبی. ئەو لایەنانەی کە وەڵامدانەوەیان دەبێت بەشداریی تێدا بکەن و ئەوانی دیکە ببن بە ئۆپۆزسیۆن، بەم شێوەیەیش قەوارەیەکی بەهێزو بەڕێزی ئۆپۆزسیۆن پێکدێت کە هەڵەکانی حکومەت ڕاست دەکاتەوە. لەئاکامیشدا، دەرفەتی دوو ساڵ بۆ ئەم حکومەتە دەڕەخسێت، مەبەستم لەمڕۆوە تاکو هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، دەرفەتی دوو ساڵی لەبەردەم دەبێت و ئەگەر هات و توانیی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان دابین بکات ئەوە شتێکی باشەو ئەگەر نەیتوانی ئەوە ئەوکات دووبارە دەنگی پێ نادرێتەوە.

*** بەڵام هەر لەساڵی ٢٠٠٣ـەوە و تاکو ئەمڕۆمان حکومەتی عێراقی ئەم جۆرە ئاڵۆزییەی تێنەکەوتووە لە دیمەنە سیاسییەکەی ڕەنگ بداتەوە، بۆنموونە کەیسەکەی «تارِیق هاشمی»جێگری سەرۆك کۆمار و هەڵکشانی ئاستی توندوتیژی و کشانەوە لە پەرلەمان و وەزارەتەکان، قەت بەم شێوەیە**

> **هیچ قەیرانێکی ڕاستەقینە لەئارادا نییە بەو ئاستەی کە مایەی هەڕەشە بێت لەسەر پرۆسەی سیاسی و کە بیگەیەنێتە ڕووخان. بەڵکو کێشەیەکی سیاسی لەئارادا هەیە**

**ئاڵۆزیی تێنەکەوتووەو وەستان نەبووە لە وەزارەتەکان و کاروبارەکانی هاووڵاتیان ڕانەوەستاون...**

**موەفەق روبەیعی:** نەخێر، بەڕای من ئێمە لە ماوەی ٩ ساڵی رابردوودا بە قەیرانی گەورەتر و ترسناکتر تێپەڕیوین کە ١٠ بە قەد کێشەکانی ئەمڕۆ گەورەتر بووە. ئەمەیان کێشەیەکی سیاسییە نەك کێشەیەکی شەخصی. لەلایەنێکی دیکەوە، کەیسەکەی جێگری سەرۆك کۆمار بەڕێز تارِیق هاشمی مەسەلەیەکی دادوەرییە نەك سیاسی. بۆیە ئەگەر هات و بێ تاوان دەرچوو، ئەوکات دەگەڕێتەوە بۆ پۆستەکەی و ئەگەریش تاوانبار دەرچوو زیندانی دەکرێت.

*** ئایا ڕێگەچارەکان چین بۆ دەرچوون لەم گرفتانەی کە ناوت لێیان**

> **لەمیانی پرۆسە سیاسییەکەداو لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، بارزانی فاکتەرێکی سەرەکی بووە لە چارەسەرکردنی ئیشکالییاتە سیاسییەکانی ناو عیراق**

**ناوە «کێشەی سیاسی»؟**

**موەفەق روبەیعی:** بەڕای من باشترین و گونجاوترین ڕێگەچارە بریتییە لە پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینەی سیاسی کە هەردوو لە هاوپەیمانەکان لەسەری ڕێککەون و بانگێشتی ئەو لایەنانەی ناو عێراقیە بکەن کە ئەگەری هەیە پێکەوە کاری تێدا بکەن. ئەمە باشترین ڕێگەچارەیە، لەبەرئەوەی بەوپێیە ئۆپۆزسیۆن پێکدێت «حکومەتی سێبەر» لەبەرامبەر ئەو حکومەتە. ئەوەی کە ئەگەری ڕوودانی هەیە، لەو بڕوایەدام کە بەشێك لە وەزیرەکانی «عێراقیە» دەگەڕێنەوە بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و بەشێکی دیکەیان دوادەکەون، بەڵام پێموایە کە بەشە زۆرەکەیان دەگەڕێنەوە. لەلایەنێکی دیکەوە، پێموایە بەشێکی

> **پێویستە لەسەر «هاوپەیمانی نیشتمانی» و «هاوپەیمانی کوردستانی» بانگەشە بۆ حکومەتێکی زۆرینەی سیاسی بکەن و بانگێشتی لایەنەکانی «عێراقییە»ی بۆ بکەن، حکومەتێکی زۆرینەی سیاسی نەك حکومەتێکی زۆرینەی مەزهەبی**

زۆری نوێنەرەکان دەگەڕێنەوە بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەبەرئەوەی ئەم دواکەوتنەیان دواختنی بەرژەوەندییەکانی گەلە.

*** لە دیمەنی سیاسیدا بەردەوام دانیشتن و کۆبوونەوە ئەنجامدراوە، بەڕای تۆ ئەو کۆنگرەیەی کە سیاسەتوانەکان بەنیازن لە بەغدا ئەنجامی بدەن چی لێ دەکەوێتەوە پێتوایە دەگاتە چ ئەنجامێك؟**

**موەفەق روبەیعی:** ئەم کۆنگرەیە گۆپاڵی سیحری نییە بۆئەوەی بتوانێت گرفتەکانی عێراق چارەسەربکات. بەڵام لەوانەیە ببێتە مایەی تواندنەوەی بەشێك لەو بەستەڵەکە کە لەماوەی چەندین ساڵ یان چەند مانگی رابردوودا کەڵەکەی کردووە. کەشوهەوایەکی سیاسیی پۆزەتیف بخولقێنێت بەرەو ئاڕاستەی دۆزینەوەی ڕێگەچارەو کۆمپرۆمایز لەنێوان هاوبەشە سیاسییەکان. خاڵێکی دیکە هەیە، لەوانەیە زۆربەی ئەنجامەکانی کۆنگرەکە بەپێچەوانەی دەستوورەوە بێت. بەواتایەکی دیکە، پێویستە ڕێککەوتن و بڕیارەکانی کۆنگرەکە بەپێی دەقە دەستوورییەکان بێت. هەر لەمبارەیەشەوە، کاتێك کە پێویست بکات بڕیارەکانمان لەچوارچێوەی دەستوور بێت کەواتە با دەستوور بەکاربێنین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان، بۆچی بۆ کۆنگرە بڕۆین؟ باشتروایە دەستوور بەکاربێنین نەك بڕۆین بەرەو کۆنگرەکان، ئەو دەستوورەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان گەلی عێراقی پشتی پێ دەبەستێت.

*** کەواتە بەڕێزت مەبەستت لەوەدایە**

**کۆنگره گۆپاڵی سیحری نییه بۆئەوەی گرفتەکانی عێراق چارەسەربکات لەوانەیە مایەی تواندنەوەی بەشێك لەو بەستەڵەکە بێت کە لەماوەی چەند ساڵ یا چەند مانگی رابردودا کەڵەکەی کردووە**

**کە کۆنگرەکە «رازیکردنی» لێ دەکەوێتەوە؟**

**موەفەق روبەیعی:** پێش هەمووشتێك، گومانی زۆر هەیە کۆنگرە گرێبدرێت. خاڵی دووەم: ناکۆکی هەیە لەسەر ناونانی بە»کۆنگرە»، مەبەستم لەوەدایە کە هەندێك لایەن نارازین لە بەکارهێنانی زاراوەی «کۆنگرە» یان «کۆنگرێس» یانیش «کۆنفرانس»، بەڵکو دەیانەوێ ناوی لێ بنرێت «دیداری نیشتمانیی گشتی – اللقاء الوطني العام» یان «الملتقى الوطني العام» یا «کۆبوونەوەی نیشتمانیی گشتی – الإجتماع الوطني العام».

*** بەڵام کێشە هەیە لەسەر رێوشوێنی کۆنگرەکەو نامتمانەیی لەنێوان لایەنەکان کە هەندێکیان رازی نین لە بەغدا گرێ بدرێت و هەندێکی دیکەیان بەشدار نابێت گەر لە هەولێر بێت، بەرای تۆ هۆکارەکان چین کە نامتمانەیی لەنێوان سیاسەتوانەکان گەیشتۆتە ئەم ئاستە ترسناکە؟**

**موەفەق روبەیعی:** ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە متمانەی نێوان هەندێك لە سیاسەتوانەکان درزی تێکەوتووە، بەڵام پێموایە کە ئەگەر رێگەچارەکان تەنیا «هەولێر» و «بەغدا» بێت ئەوە بەرای من «بەسرە»یش هەیە، مەبەستم ئەگەر نارازین نە لە «هەولێر»گرێبدرێت و نە لە «بەغدا» کەواتە با لە «بەسرە» بێت، خۆ «بەسرە»ش هەروەك «بەغدا» دەژمێردرێت، مەبەستم لەوەیە کە هەموو پارچەکانی «عێراقی عەرەبی» وەك یەك سەیر دەکرێت.

*** خاڵێکی دیکە هەیە و کەمێك دوورە لەم بابەتەوە، بەدرێژایی پرۆسە سیاسییەکە مەرجەعییەتی ئایینی هەمیشە جێگەدەستی لەسەر دیمەنە سیاسییەکە دیاربووە، مەبەستم لە ئەنجامدانی لێدوان و تارادەیەك دەستێوەردانە لەپێناو بەرژەوەندییە گشتییەکان، بەڵام ئەمجارەیان هەستمان نەکردو نەمانبینی هیچ مەرجەعیەتێکی ئایینی دەستێوەردان بکات، بەرای تۆ بۆچی هەڵوێستی وەرنەگرت ؟**

**موەفەق روبەیعی:** مەرجەعییەتی ئایینی لە ئەدای هەندێك لە سیاسەتوان و لێپرسراوەکان بێزارە بۆیە دەیەوێ خۆی بەدوور بخاتەوە لە رەفتارە خراپەکانی هەندێك لە سیاسەتوانەکان.

**ئەگەر هاتوو مالیکی بەشێوەیەکی تاکرەوانە هەر بریارێکی دەرکرد، ئەوکات هاووڵاتی دەتوانێت سکاڵای لەسەر تۆماربکات و بڵێت سەرۆك وەزیران سەرپێچیی کردووە لە دەستوور**

بۆیە لەرێگەی گۆڤارەکەتانەوە داوا لە مەرجەعییەتی ئایینی دەکەم بە قورساییە مەعنەوییەکەیەوە کاربکات بۆمەبەستی یارمەتیدانمان بۆ دەربازبوون لەم کێشەیەی کە دووچاری بووینەتەوە.

*** هیچ ترسێك هەیە لە گەرانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم یا لەرووی دابەشکردنی «عێراق» بۆ سەر هەرێمەکان و لەو جۆرە بابەتانە؟**

**موەفەق روبەیعی:** نەخێر، بەرای من بارودۆخ و فاکتەرەکانی ئەمرۆی وڵات یاریدەدەرنین بۆ سەرهەڵدانی شەری ناوخۆیی، نە لەنێوان عەرەب و کوردو نە لەنێوان شیعەو سوننە لەبەرئەوەی بارودۆخەکانی ئەمرۆ جیاوازە لە جاران، پێشتر هێزی بیانی بوونی هەبوو لەگەڵ گرژییەکی تایفەگەریی گەورە، پێکهاتەی عەرەبی سوننە لە حکومەت و پەرلەمان بەشدار نەبوو، هاوکات «قاعیدە» زۆر چالاك بوو، هەروەها لایەنی شیعەکانیش میلیشیاتەکان زۆر بەجموجۆڵ بوون. هەربۆیە، پێمانوایە هیچ بارودۆخێکی بابەتییانە لەئارادا نییە کە ببێتەهۆی سەرهەڵدانی شەری ناوخۆیی لە ناوچەکە.

*** زۆر بەلامانەوە گرنگە رای بەرێزت وەرگرین لەبارەی ئاستەکانی ئەدای نوری مالکی لەبەرئەوەی بەپێی لێدوان و بۆچوونەکانی سیاسەتوان و چاودێرانی سیاسی، پێیانوایە مەیلی هەیە بۆ دیکتاتۆریەت و تاکرەوی خوێندنەوەت چییە بۆ ئەم قسانە؟**

**موەفەق روبەیعی:** وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستیی بە شیکردنەوەیە هەیە، بەڵام من پێموایە ئەو کەسەی کە سەرۆك مالکی تۆمەتباردەکات بە دیکتاتۆریەت و تاکرەویی لە دەسەڵات، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە دەستوورەکەمان رێگەنادات نە بە تاکرەوی لە دەسەڵات و نە بە دیکتاتۆریەت، بۆیە پێویستە ئەو کەسە لەرووی دادوەرییەوە بەپێی دەستوور بجووڵێتەوە، مەبەستم ئەوەیە هەموو کەسێك دەتوانێت سکاڵا بەرزبکاتەوە بۆ دادگای دەستووریی باڵا یا بۆ دادگای ئیتیحادی لەدژی سەرۆك وەزیران یا سەرۆك کۆمار یان هەر وەزیرێك کە فلان سەرپێچیی کردووە لە دەستوور، دەستوورەکەمان قەدەغەی کردووە تاکرەوی لە دەسەڵات و دیکتاتۆریەت رووبدات. دەستوورەکەمان دەسەڵاتی فراوانی بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەخشیوە، هەموو ئەو بریارانەش کە دەریاندەکات لەرێگەی ئەنجوومەنی

**هەندێك لە وڵاتانی دراوسێ نایانەوێ ئاستی رۆژانەی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق بگاتە ١٢ ملیۆن بەرمیل لەبەرئەوەی ئەمە زەرەریان پێ دەگەیەنێت و وا لە عێراق دەکات ببێت بە وڵاتێکی زلهێز و بریاردەر لەرووی دەستنیشانکردنی نرخی نەوت لە جیهان**

وەزیرانەوە ئەنجام دەدرێت. بۆیە بۆنموونە ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی تاکڕەوانە هەر بڕیارێکی دەرکرد، ئـەوکات هاووڵاتی دەتوانێت سکاڵای لەسەر تۆماربکات و بڵێت سەرۆك وەزیران سەرپێچیی کردووە لە دەسـتوور. بۆیە پێموایە کە ئەم جۆرە شـتانە مەسەلەی سیاسـیی لەپشتەوە هەیەو بۆمەبەسـتی فشارخستنە سەر حکومەت و «مالکی»یە.

*** سیاسـەتوانەکانی «عێراق» لەم جۆرە بارودۆخانەدا هەمیشـە خوازیارن دەستێوەردانی دەرەکی هەبێت لە دیمەنە سیاسییەکەی «عێراق»، یا پەنا بۆ دەرەوە دەبەن. بەڕای تۆ، بۆچی کێشـەکانمان بەشێوەیەکی ناوخۆیی چارەسەر نەکەین؟**

> **هەندێك لەسیاسەتوانەکانی عێراق خاوەن هێزێکی «زاتی» نین. پەنا بۆ لایەنی هەرێمی دەبەن بۆ زاڵبوون بەسەر برایەکی خۆیان. لەدژی رۆڵێکی گەلەکەیان. هاونیشتمانێکی وڵاتەکەیان. هەروەها پەنا بۆ لایەنی نێودەوڵەتیش دەبات لەدژ هاونیشتمانێکی خۆی. ئەمەیە کارەساتەکە**

**مەبەستم، دەستپێشخەرییەکی «کوردی» هەبێـت یاخـود «سـەدری» یانیش «شـیعی»، بۆ لە ناوخۆ کێشەکانمان چارەسەر ناکەین؟**

**موەفـەق ڕوبەیعـی:** لەمبارەیـەوە بەشێوەیەکی تەواو لەگەڵ بۆچوونەکەتان هاوڕام، بەڕای من تێڕوانین بۆ دەرەوەی وڵات یا بۆ وڵاتانـی هەرێمی یەکێکە لە کارەسـاتەکانی «عێـراق»ی پاش ٢٠٠٣. هیـچ وڵاتێکی هەرێمی خێری بۆ «عێراق» ناوێت، هەندێك لە وڵاتانی دراوسـێ دەیانەوێت نفـوزی ئابووری و سیاسـی خۆیان لە «عێـراق»دا فـراوان بکـەن، هەندێك لـە وڵاتانی دراوسـێ نایانەوێ ئاسـتی ڕۆژانەی بەرهەمهێنانی نەوت لـە عێراق بگاتە ١٢ ملیۆن بەرمیـل لەبەرئەوەی ئەمە زەرەریان پـێ دەگەیەنێت و وا لە عێراق دەکات ببێت بە وڵاتێکی زلهێز و بڕیاردەر لەڕووی دەستنیشـانکردنی نرخی نەوت لە جیهان. هەروەها هەندێك لە وڵاتەکان حەزناکەن عێراق ببێت بەخاوەن هێزێکی چەکداریی بەهێز، لەبەرئەوەی ئەو شتە بە هەڕەشـە دەزانێت و خوازیارە عێراق هەمیشە ملکەچ بمێنێتەوە. هەندێك لە وڵاتەکان عێراق تەنیا بەبازاڕێك دەزانێت بۆ بەکاربردن و نفوزی سیاسی. بەڕای من لێدوانەکانی ئەم دواییانەی سەرۆك «ئەردۆغان» لـە «تورکیا» لەبارەی عێراق بـاش نەبوو، بۆیە حەزدەکەم پێی بڵێم، چۆن ڕێگەت بەخۆت داوە دەسـت تێوەردان بکەیت لە کاروبارەکانی عێراق؟ ئایا تۆش ڕێگەم پێ دەدەیت پێشنیارت بۆ بکەم، بۆنموونە گفتوگۆ لەگەڵ «پارتی کرێکارانـی کوردسـتان» بکەیـت و چارەسـەرێکی ئاشـتییانە بۆ پرسـی کورد بدۆزیتەوە بۆنمونە ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵییەتێکی کـوردی بۆ کوردەکانی «تورکیا» فەراهەم بکەیت؟ ئایا ڕازی دەبێت دەستێوەردان لەو کاروبارانە بکەم و ئەم پێشنیارانەی ئاڕاستەبکەم؟ هەروەك چـۆن من ڕێگە بە خۆم نادەم ئەم جۆرە پێشـنیارانە ئاڕاسـتەی بەڕێز سەرۆك «ئەردۆغـان» بکەم، بەهەمان شـێوە پێویسـتە ئەویش ڕێگە بە خۆی نەدات دەستێوەردان لە کاروبارەکانی «عێراق» بکات.


*** کەواتە بۆ سیاسـەتوانی عێراقی، پەنا بۆ دەرەوە دەبات؟**

**موەفـەق ڕوبەیعی:** بەداخەوە هەندێك لـە سیاسـەتوانەکانی عێـراق خاوەن هێزێکی «زاتی» نین، بۆیە بۆ زاڵبوون بەسـەر برایەکی خۆی پەنا بۆ لایەنی هەرێمی دەبـەن، لـەدژی ڕۆڵەیەکی گەلەکەی، هاونیشتمانێکی وڵاتەکەی، پەنا بـۆ لایەنـی نێودەوڵەتیش دەبات، لەدژ هاونیشـتمانێکی خۆی، ئەمەیە کارەسـاتەکە. ئێمەین کە بانگێشـتیان دەکەیـن بـۆ دژایەتیکردنـی خۆمان، خۆمانین دەیانهێنین لەدژی کەسـێك لە خۆمان.

*** رای بەڕێـزت چییـە لەبـارەی داواکارییەکان بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان و خودحوکمکردن هاوشـێوە لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان، هەرێمی «سـەلاحەددین»، هەرێمی «ئەنبار»و بۆنموونە «بەسرە» و «نەجەف». بەڕای تۆ ئایا ئەم پرۆسەیە سـەرکەوتوو دەبێت لەڕووی دابەشبوون بۆ هەرێمەکان؟**

**موەفـەق ڕوبەیعـی:** بـەڕای مـن دیموکراسـییەت و فیدراڵییەت دوو ڕوون بـۆ یـەك دراوی عێراقـی. ئەگەریش بەردەوام بین لەسـەر دیموکراسـییەتێك بەبێ هەرێمەکان یا بەبـێ فیدراڵییەت، ئـەوکات واتـای ئـەوە دەگەیەنێت کە ئـەم دیموکراسـییەتە دەمانگەیەنێتـە دیکتاتۆریەتێکـی زۆرینە، یان لەسـەر بنەمایەکـی مەزهەبـی یـان قەومی. بەواتای شـیعە بەرامبەر سوننەو عەرەب بەرامبـەر کورد، لەئاکامیشـدا دەبێت بە دیکتاتۆریەتێکی شیعەی عەرەبی، ئەویش شتێکی ناپەسـەندە. بەڵام ئەگەر بەتەنیا ڕووبکەینە هەرێمـەکان یا ئیتیحادی یان فیدراڵییەت بەبێ دیموکراسییەت، ئەوکات دەبێت بە جیابوونەوە. کەواتا دیموکراسییەت و فیدراڵییـەت دوو توخمی سـەرەکین، بەواتای پێویسـتە هەردووکیان هاوتەریب بن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانمان. عێراق وڵاتێکـی فرەڕەگەز و فرەئایین و فرەتایفەو فرەمەزهەب و فرەنەتەوەیە، بۆیە لەسـەر ئەم بنەمایە، ئێمـە پێمانوایە کە پێکهێنانی هەرێمەکان پرسێکی سەرەکییەوە

> **دیموکراسییەت و فیدراڵییەت دوو ڕوون بۆ یەك دراوی عێراقی. ئەگەریش بەردەوام بین لەسەر دیموکراسییەتێك بەبێ هەرێمەکان یا بەبێ فیدراڵییەت. ئەوکات واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم دیموکراسییەتە دەمانگەیەنێتە دیکتاتۆریەتێکی زۆرینە..**



چارەسەرە بۆ زۆربەی کێشەکانی عێراق. بۆیە من لەم «مونتەڵەقەوە» دەڵێم هاوڕام لەگەڵ میکانیزمەکان، لەسەر مۆدێلەکەی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی پێموایە نموونەکەی هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووە، بۆیە دەکرێ لەهەموو پارچەکانی عێراق

**هەندێك لایەن لە زاراوەی «کۆنگرە» یان «کۆنگرێس» یان «کۆنفرانس» ناڕازین. دەیانەوێ ناوی لێ بنرێت دیداری نیشتمانیی گشتی یا کۆبوونەوەی نیشتمانیی گشتی**

هەرێمەکان پێکبهێندرێت. بەڵام هاتنەباسی هەرێمەکان بۆ حاڵی حازر دوو کێشەی لێ دەکەوێتەوە، کێشەی یەکەم: ئەم باسە لە ساتێك سەریهەڵداوە دەڵێی وەك ئەوەیە هاندەری سیاسیی لەپشتەوە هەیە بۆ لاوازکردنی حکومەتی ئێستای عێراق. مەبەستم لەوەدایە کە مەسەلەکە دروستە بەڵام مەبەستەکەی هەڵەیە، مەبەستەکە لاوازکردنی حکومەتە. کێشەی دووەم کە زۆر ترسناکە بریتیە لە دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی لە کاروبارەکانی عێراق، ئەم قسەیەشم شیکردنەوە نییە بەڵکو لێی دڵنیام، من ئاگادارم لەوەی کە ئەمڕۆ هەندێك لە وڵاتانی هەرێمی هەندێك لە پارێزگاکان هاندەدەن بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان، کە ئەمەش دەسپێکێکە بۆ

جیابوونەوە. هەربۆیە، ئەگەر بێت و هیچ کام لەو دوو فاکتەرانە بوونیان نەبێت، نە مەبەست بۆ لاوازکردنی حکومەت و نە دەستێوەردانی هەرێمی، ئەوکات زۆرئاساییە هەموو پارێزگایەك بکرێت بە هەرێم، یا چەند پارێزگایەك هەرێمێك پێکبێنن، ئەوکات هیچ کێشەیەك لەوبارەیەوە نابێت.

**مەرجەعییەتی ئایینی بێزارە لە ئەدای هەندێك لە سیاسەتوان و لێپرسراوەکان. بۆیە دەیەوێ خۆی بەدوور بخاتەوە لە ڕەفتارە خراپەکانی هەندێك لە سیاسەتوانەکان**



زیادبوونی سزاکانی سەر ڕژێمی بەشار ئەسەدو گۆشەگیرکردنی نێودەوڵەتی بەردەوامی ئەم ڕژێمە کە ئامانج لێیان ڕاگرتنی ئەو سەرکوتکارییە کوشندانەیە کە کاریگەری خراپی لەسەر زۆرینەی دانیشتووانی سوریا هەیە، ئاماژەیە بە نزیکبوونەی ڕووخان و هەرەسهێنانی ڕژێمەکەی ئەسەد. ئەگەری کەوتنی ئەسەد دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کوردەکانی سووریا دەخوڵقێنێت تاوەکو مافە سیاسی و مەدەنیە یەکسانەکانیان بەدەست بهێنن. بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی تۆتالیتاری حکومڕانی بەعس لە سایەی دەسەڵاتی ئەسەددا، ڕووخانی ڕژێمەکەی سووریا دەبێتەهۆی هەرەسهێنان و هەڵوەشانەوەی تەواوی حکومەتەکە، بە چەشنی کەوتنی ڕژێمەکەی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٣دا. بەڵام بە پێچەوانەی کوردەکانی عێراقەوە کە خاوەنی ئۆتۆنۆمیەکی ڕاستەقینە بوون لە ساڵی ١٩٩١ەوە کاتێك ئەمەریکا ناوچەی دژە فرینی سەپاند بەسەر باکووری عێراقدا، کوردەکانی سووریا کەمتر ڕێکخراون و پتر دابەشبوون. پێویستە کوردەکان سووریا یەکبگرن، بە تەواوەتی بچنە پاڵ خەڵکی سووریا لە خەباتیاندا لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و ڕێگەنەدەن ئەم دەرفەتە مێژووییەیان لەدەست بچێت.

هەر حکومەتێکی هەڵبژێردراوی دوای ئەسەد دەبێت پابەندبێت بە بنەمای یەکسانی بۆ هەموو هاووڵاتیانی سوریا، بە چاوپۆشین لە خەلفیەتی ئیتنییان. تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئەم حکومەتە خواستی حکومڕانیکردنی سووریایەکی دابەش بووی هەبێت، کە ڕەنگە دژی کوردەکان ببێتە مایەی ناسەقامگیریەکی درێژخایەن لەو وڵاتەدا. کوردەکان نەتەوەیەکن ژمارەیان نزیکەی ٤٠ ملیون کەس دەبێت، زۆرینەیان لەو خاکە یەکەوەگرێدراوەدا دەژین کە بەشێکی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا دەگرێتەوە. کوردەکان گەورەترین گرووپی کەمینەی بێدەوڵەتن لە جیهاندا. نکۆڵیکردن و زەوتکردنی مافە سیاسی و مەدەنیە یەکسانەکانی کورد بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەك لەم چوار وڵاتەدا مەسەلەیەکی مشت و مڕ هەڵگر بووە، کە لە دوای دابەشکردنی خاکی کوردەکانەوە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە نێوان عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا کوردەکان بوونە کەمینە، تەنها ئیستیسنایەك کە کوردەکان خاوەنی سەربەخۆیی سیاسی خۆیان بوون بریتیە لە مەملەکەتی کوردستان کە تەمەنێکی کورتی هەبوو کە لە ئەیلولی ١٩٢٢ەوە تاوەکو تەمووزی ١٩٢٤ درێژەی کێشا. ئەگەرچی لە هەموو ئەم وڵاتانەدا بە ئاست و ئەندازەی جیاواز ستەم لە کوردەکان کراوە، بەڵام کوردەکانی سووریا لە خراپترین هەل و مەرجدا دەژین، کە ڕەگەزنامە، خاوەندارێتی زەوی و تەنانەت ئازادی هاتوچۆشیان لێزەوتکراوە.

**نابێت کوردەکانی سوریا لەم ساتەوەختەدا، هەوڵی هێنانەئارای سیستمێکی فیدراڵی یاخود ناوچەیەکی سەربەخۆ بدەن. لە ڕاستیدا دەبێت پابەند بن بە یەکێتی سوریا و یاسا دەستووریەکانی، کە بە بەشداری هەمووان لە پەرلەمانی نوێیەوە دەردەچێت**

بۆ ئەوەی دەستکەوتیان هەبێت لە شۆڕشە جەماوەرییەکەو مافە یەکسانەکانیان بەدەست بهێنن هاوشان بە باقی خەڵکی سووریا، دەبێت کوردەکانی سووریا پێنج هەنگاوی سەرەکی بنێن و پێداگیری بکەن و کۆڵنەدەن و سارد نەبنەوە، بێگوێدانە ئەوەی ڕێگای ئازادی چەند سەخت و پڕ هەورازە.

یەکەم، دەبێت خۆیان ڕێکبخەن و پەرە بە ئەجێندایەکی یەکگرتوو بدەن، کە ئەتوانن بەکاری بهێنن و بیکەنە بناغەی کاریان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی شۆڕشەکە تاوەکو سەرۆك ئەسەد دەڕوخێت و وڵاتەکەش بەرەو چاکسازییەکی ڕوون هەنگاو هەڵدەگرێت.دەبێت کوردەکانی سوریا خۆیان وەك بەشێکی دانەبڕاو لە خەڵکی سوریا بخەنەڕوو و خۆیان بکەنە بەشێك لە خەباتی ڕەواو ناتوندوتیژانە لە پێناو ڕامالینی ڕژێمەکە و هەڵبژاردنی حکومەتێك کە پابەند بێت بە بەها جیهانیەکانی وەك ئازادی، مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەوە. نابێت کوردەکانی سوریا لەم ساتەوەختەدا، هەوڵی هێنانەئارای سیستمێکی فیدراڵی یاخود ناوچەیەکی سەربەخۆ بدەن. لە ڕاستیدا دەبێت پابەند بن بە یەکێتی سوریا و یاسا دەستووریەکانی، کە بە بەشداری هەمووان لە پەرلەمانی نوێیەوە دەردەچێت.

دووەم، ئەگەر ئەیانەوێت ئیعتیرافیان پێبکرێت و بە جیدی وەربگیرێن، دەبێت گرووپە کوردییە ڕکابەرەکان کۆتایی بە دابەشبوونە قووڵەکانی نێوانیان بهێنن و ڕێگاچارەیەکی یەکگرتوو بگرنەبەر. پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا پشتیوانی لە ڕوخاندنی ڕژێمەکەی بەشار دەکات لە کاتێکدا کە پارتی یەکێتی دیموکراتی کە پێوەندیەکی نزیکی لەگەڵ پەکەکەدا هەیە، نیگەرانە لەوەی ڕووخانی ئەسەد سەردەکێشێت بۆ باڵادەستبوونی ئیخوان موسلمینی پشتیوانی لێکراو لەلایەن تورکیاوە کە هەمان سیاسەتی دژ بە کوردی هەیە. ڕژێمەکەی ئەسەد دابەشبوونی کوردەکانی ئیستیغلال کردووە کە ڕێگەی بە گەرانەوەی سەرکردایەتی پارتی یەکێتی دیموکراتی داوە لە مەنفاوە لە هەمان کاتدا بواری بە کردنەوەی قوتابخانەی کوردی، سەنتەری ڕۆشنبیری و بارەگاکانی پارتەکە لە شارەکانی سووریادا داوە. سەرکەوتنی کوردەکانی سوریا لە بەدەستهێنانی یەکسانی ڕاستەقینە دەوەستێتەسەر توانای یەکگرتنیان و پاراستنی یەکگرتووییان بە درێژایی شۆڕشەکە. دەبێت سەرکردەکانی

# كوردەكانی سووریا
# لە بەردەم دەرفەتێكی مێژووییدان

ئالۆن بن مایەر*
مانگانە بۆ گۆڵان دەینووسێت

پارتـــی یەكێتی دیموكراتـــی ئەوەیان لە یاد بێت ســـتراتیجێكی دۆڕاویان گرتۆتەبـــەر، دۆڕاو بە هەردوو دیوەكـــەدا: ئەگە ڕژێمەكـــە ڕزگاری بێـــت و بمێنێتەوە ئەوا هیـــچ دوودڵی ناكات لە هەڵوەشـــاندنەوەی هەموو ئەو تەنازولاتانەی لە ماوەی قەیرانەكـــەدا بۆ ئەم حزبە كردی، ئەگەر ڕژێمەكەش بڕوخێت، ئـــەوا ئەگەری ئەوە هەیە حكومەتە نوێیەكە حســـاباتی خۆی ساف بكات (لەبەرامبەر پشـــتیوانیكردن بۆ ئەسەد) لەگەڵ پارتی یەكێتی دیموكراتی و كوردەكاندا.

ســـێیەم: دەبێت ســـەركردایەتی كورد داوای نوێنەرایەتیكردنـــی ڕێژەیـــی بـــكات لـــە ناو ئەنجومەنی نیشـــتمانی ســـوریادا و پێداگیری لەســـەر بكات. حاڵی حازر تەنیا یەك شـــاندیان هەیـــە، كە بە دەگمـــەن نوێنەرایەتی كوردەكانی ســـوریا دەكات، كە ڕێژەی لە ســـەدا ١٠-١٢ی تێكرای دانیشـــتووانی ســـوریا پێكدەهێنن(یان نزیكەی ٢ ملیۆن كەس دەبن). لە كاتێكدا پارتی دیموكراتی كوردســـتانی ســـوریا، كە پێكهاتەی سەرەكی ئەنجومەنی نیشتیمانی سوریایە، دەبێت كۆششی سەختتر بكات بۆ قەناعەتپێكردنی ئەو پارتانـــەی دوودڵن، لە نێویانـــدا پارتی یەكێتی دیموكراتی، لە بەشداری كردن، دەبێت ئەنجومەنی نیشتمانی هۆشیار بێت بەوەی ئەتوانێت سوودێكی گـــەورە لـــە نوێنەرایەتیكردنێكـــی بەرفراوانی كوردەكان وەربگرێت ئەگەر بە ڕاســـتی بیەوێت بە جیددی نوێنەرایەتی خەڵكی سوریا و پێكهاتە سیاســـی، ئیتنی و ئاینیەكانی بكات. بێگومان دوورەپەرێزكردنـــی كـــورد نیگەرانـــی جیددی دەخوڵقێنێت لە نێو كەمینەكانی دیكەی وڵاتەكەدا وەك ئەرمەنیـــەكان، درووزەكان و گرووپەكانـــی دیكە، كە ترســـیان هەیە بە هەمان شێوە پەراوێز بخرێن لە سوریای نوێدا.

چوارەم: دەبێت سەركردایەتی كورد بە حەزەرەوە پێوەندی لەگەڵ توركیادا ببەستێت. لەبەر ئەوەی بارەگای سەرەكی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا لە ئەســـتەنبولە، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەكەوێتە ژێر

> **دەبێت كوردەكانی سوریا دەرس وەربگرن و داوای پشتیوانی لە برا كوردەكانی عێراق بكەن، كە سوودێكی زۆریان لە كەوتنی سەددام حوسێن وەرگرت و حاڵی حازر ئیدارەی هەرێمی كوردستان دەكەن كە دوورگەیەكی گەشەكردووی سەقامگیرە لە چوارچێوەی عێراقێكی پڕ لە ناكۆكیدا**

كاریگەری حكومەتی ئەردۆغانەوە، كە نایەوێت، (هۆكارەكانیش ڕوونن) پشتیوانی لە فیدراڵی یان ئۆتۆنۆمی بۆ كوردەكان بكات. كوردەكانی سوریاش مافی خۆیانە گومان لـــە نیەتی توركیا بكەن، لەبەر ئەوەی ئەنقەرە بە ئاشكرا خوازیاری ئەوەیە ئیخوان موسلمین بێنەسەر دەسەڵات لە دیمەشقدا، كە پێوەندیەكی نزیكـــی هەیە لەگەڵیدا. لەوەش زیاتر، كوردەكان ئەگەری دەستێوەردانی سەربازی توركیا لە سوریادا بە دوور نازانن، دەستێوەردان بە بیانووی هێنانەئارای سەقامگیریەوە، لە كاتێكدا ڕەنگە لـــە واقیعدا بۆ باڵادەســـتكردنی ئیخوان موسلمینە. هەرچۆنێك بێت، دەبێت سەركردایەتی كوردی ســـوریا هاوكاری و پێوەندییەكانی پتەو بكات لەگەڵ توركیا، نـــەك تەنیا لەبەر ئەوەی هێشـــتا زووە بۆ كوردە دابەشبووەكانی سوریا كە ڕووبەڕووی پلانی توركیـــا ببنەوە، بەڵكو لەبەر ئەوەی تاكـــە ڕێگاچارەی كـــوردە پێچەوانەی خواست و ویســـتی كوردەكانە: ئەسەدێك كە پتر نزیك بێت لە ئێرانەوە.

لە كۆتاییدا: دەبێت كوردەكانی ســـوریا دەرس وەربگرن و داوای پشـــتیوانی لە برا كوردەكانی عێراق بكەن، كە ســـوودێكی زۆریان لە كەوتنی سەددام حوســـێن وەرگرت و حاڵی حازر ئیدارەی هەرێمـــی كوردســـتان دەكەن كـــە دوورگەیەكی گەشـــەكردووی ســـەقامگیرە لـــە چوارچێوەی عێراقێكی پڕ لە ناكۆكیدا. لەبەر ئەوەی پێوەندی نێوان كـــوردەكان (بە چاوپۆشـــین لەوەی لە چ وڵاتێكدا نیشـــتەجێن) زۆر بەهێزترە لە پێوەندییان بـــەو دەوڵەتانەوەیـــە كە تێیدا دەژیـــن، هەرێمی كوردســـتانی عێراق هاوپەیمانێتی سروشـــتیە و دەستوالاترە بۆ پشتیوانیكردنی كێشەی كورد لە ســـوریا بە پێچەوانەی حكومەتی عێراقەوە، كە بە شێوەیەكی زمنی پشـــتیوانی ئەسەد دەكات. كوردەكانی سوریا ئەتوانن سوود لە ئەزموونی برا عێراقیەكان وەربگرن، هەر لە ئەزموونی ئاشتەوایی دوای ڕكابەری نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان بە ســـەرۆكایەتی بارزانی و یەكێتی نیشتیمانی كوردســـتان بە ســـەرۆكایەتی تاڵەبانـــی، بەرەو ڕێگاچارەیەكی هەنگاو بە هەنگاو و ئاشـــتیانە بەرەو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا ئەگەر كۆششی ئاوێتەبوونیان لە ناو دەوڵەتدا شكستی هێنا.

لە دەرئەنجامدا، كاتی ئەوە هاتووە كوردەكانی سوریا پێكەوەكاربكەن و بچنە پاڵ خەڵكی سوریا لە خەباتیاندا لە پێناو ئازادی و داواكردنی مافە بنەڕەتیەكان لە حكومەتی داهاتووی سوریا، كە دەبێت خۆیـــان هاوكاربن لـــە پێكهێنانیدا. هیچ هۆكارێك نییـــە بەهاری عەرەب كـــوردەكان لە خۆنەگرێت. لە ڕووی مێژووییەوە شۆڕشـــەكانی عـــەرەب شۆڕشـــی ئیستیســـنا و بێهاوتان بە چەشنی سەركەوتنی سەلاحەددینی كورد — كە وەك عەرەب لێی ڕوانرا - بەســـەر خاچپەرســـتە ئەورووپیەكاندا لە ســـەدەی دوانـــزەدا، بەڵام ئەم كاتەیان، عـــەرەب و كوردەكان ئەتوانن بچنە پاڵ یەكتر لە پێناو نەهێشتنی ستەم و نادادی.

* * *

*** پرۆفیســـۆرە لە پێوەندییە نیودەوڵەتییەكان لەزانكـــۆی نیویۆرك و یەكێكە لە شـــرۆڤەوانە جیهانییەكان كە بەردەوام نووسین و بیربۆچوونەكانی لەمیدیاكانی جیهان بڵاو دەبێتەوە.**

## خەلدون ئەل نەبوانی ئەندامی ئەنجومەنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بۆ گوڵان:

# لەو بڕوایەدا نیم ڕژێمی سووریا بە یەکجار بڕووخێت پێشبینی دەسپێشخەرییەک دەکەم زۆر یان کەم لە دەسپێشخەرییەکەی یەمەن بچێت



یەکێك لەو ڕۆشنبیرو بیرمەندانەی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن (خەلدون ئەل نەبوانی)یە، سەبارەت بەو بارودۆخە دراماتیکیەی ئەو وڵاتەو پێشبینی و دەرئەنجامەکانی لە داهاتوودا، هەروەها لەبارەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە ئاراستەکردنی شۆڕشەکەو هەڵوێستی ئەرێیانی و نەرێیانی وڵاتانی دەرەکی و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی کورد وەك نەتەوەیەکی غەدرلێکراو لەو نیشتمانەدا، ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستەی ئەل نەبوانی کردو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارو تێبینی و سەرنجەکانی گوڵانی دایەوە..



**گـوڵان:** تۆ وەکـو ڕۆشـنبیرێکی عارەبی سـووریایی و وەك یەکێـك لـە ئەندامانـی ئۆپۆزسیۆنی سـووریا، خوێندنەوەکانت بۆ باری وێستای سووریا چین، تاکو کەی ڕژێمی ئەسەد لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە؟

**خەلـدون ئەل نەبـەوی:** بێگومـان لە پاش تێپەڕبوونی ماوەی دە مانگ بەسەر شۆڕشەکەدا هیچ کەسێك بەو سەراوژێر بوونەی بارودۆخەکەی ئێسـتای سـووریا ڕازی نییە، لێم بگەڕێ با ئەوەت پـێ بڵێم کە بارودۆخەکـە جێی مخابن و دڵتەنگییـە، لێرەدا کە دەڵێـم دڵتەنگ بوون مەبەستم لە بێتوانایی شۆڕشێك نییە کە تا ئێستا ناتوانێت سـەری هەرەمی ڕژێمەکە بڕوخێنێت، ئەمەیان یەکلایی بۆتەوەو تەنیا مەسـەلەی ئان و سـاتە، دڵتووندیم بۆ ئەو دەرگایەیە کە ئێستا لە سـووریا و سوورییەکان خراوەتە سەر گازەرای پشت، بەدرێژایی شۆڕشـەکە درك بەوە دەکەین و واقیعـی حاڵ وامان پێ دەڵێت کە ڕەنگە ئەم شۆڕشـە لە ڕووی پەڕگیـری و نادیموکراتی بوونەوە هیچ جیاوازی نەبێت لە ڕژێمی ئەسەدو لێـك بچن، لە واقیعدا لەوانەیە ئەم شۆڕشـەی سـووریاش هیچ جیاوازییەکی لە شۆڕشەکانی بەهـاری عارەبی پێشـەخۆی یـان ئەوانەی پاشـەخۆی نەبێت، کە بریتین لە شۆڕش دژ بە ستەمکاری و چەوساندنەوەو دژ بە قۆرخبوونی سیاسەت و دژ بە بێحورمەتی کردن بە مافەکان و کەرامەتی مرۆڤەوە هەروەها دژ بە سیاسـەتی هەژاراندن و گێلاندن و بە کۆیلەکردن و لەناوبردن و جیاکارییـە، بەڵام لە لایەکی دیکەشـەوە ئەم شۆڕشەی سـووریا هەندێك پنت و خاڵی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە شۆڕشـەکانی تر، ئەوەش بەهۆی پلۆرالیزمیـەت و فرەیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیی سـووریایی لـە ڕووی ئیتنی و ئایینی و تائیفی و بە تایبەتیش پێگەی سووریا لە ڕووی هەرێمایەتی و جیۆگرافیاییەوە، هەرلە دەسـپێکی شۆڕشـی گێڕانەوەی کەرامەت و ئازادییەوە، ڕژێمی ئەسـەد کە تا مردن دەستی لە جڵـەوی فەرمانڕەوایەتـی نابێتەوە، بە پێی بۆلوانـی خۆی گەمەی بە هەمـوو کارتەکان کـردووە، هەر کاتێـك لە گەمەکـەدا کارتێك دەدۆڕێنێت، بە خێرایی کارتێکی تر دادەبەزێنێت، بەمەش خۆیی و شۆڕشـەکەو وڵاتەکەشی بەم چارەنووسـە دراماتیکیەی ئێسـتا گەیاندووە کـە پێی گەیشـتووین، زۆر هەوڵی دا کورد لە عارەب جیابکاتەوەو لێکیان دابڕێنێت، هەوڵی دا وڵاتەکە دابەش بکات بـۆ چەند کەمینەیەکی تائیفی و زۆرینەیەکی سوونیی، هەروەها هەوڵی دا گەلی سـووریا دابەش بکات بۆ خیانەتکاران و نیشـتمانپەروەران، ئیتـر لـە هەوڵەکانـی بەردەوامە، بە بۆچوونی خۆم مانەوەی ئەسـەد لـە فەرمانڕەواییدا نیگەرانم ناکات چونکە گەل چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی دیاریکردووە،

مەحاڵە لەمەودوا ئەم ڕژێمە بتوانێت کاروبارەکانی سووریا هەڵبسـوڕێنێت، گەرچی گۆڕینەکەی کات و سـاتی زیاتر دەخایەنێت لـە بەرانبەردا قەبارەی گەورەی خوێنڕژانی ڕۆژانەو وێرانەیی و ئازارەکانـی خەڵکـی کە ڕۆژانـە ئەم وڵاتە بەدەستییەوە دەناڵێنێت زۆرتر دەبێ.

**گوڵان:** بەپێی ئاگاداریم دەربارەی نووسـینە فکری و سیاسییەکانت، سەرنجم داوە لەوەی کە بیرکردنەوەت پێشـکەوتووخوازانەو دیموکراتیانەو عیلمانیە، بەڵام ئەگەرەکان دەربارەی داهاتووی سـووریاو گەیشـتنی ئیسـلامەوییەکان بـە جڵەوگیربوونی چنگیان بە دەسەڵات یان بەلانی کەمەوە لەوانەیە ئیسلامەوییەکان زۆرینەی ڕەها بۆ داهاتووی سووریا پێکبهێنن، تۆ وەك بیرمەندو ڕۆشـنبیرێکی فرەڕوانین، ئایا پێشـبینی ئەوە دەکەیت لە ژێر سـێبەری تەوژم وبزووتنەوەکانی ئیسـلامەوی ئیخوانەکانـدا، سـووریای پاش

> **ڕژێمی ئەسەد کە تا مردن دەستی لە جڵەوی فەرمانڕەوایەتی نابێتەوە. بە پێی بۆلوانی خۆی گەمەی بە هەموو کارتەکان کردووە. هەر کاتێك لە گەمەکەدا کارتێك دەدۆڕێنێت. بە خێرایی کارتێکی تر دادەبەزێنێت**

ئەسـەد ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی و عیلمانی پلۆرالیزم؟

**خەلدون ئەل نەبەوی:** ئێستاش لە عیلمانیەتدا نموونەییترین شـێواز دەبینمەوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگـەی مەدەنی کە تێیدا بە یەکسـانی و لەسەر بناغەی هاووڵاتی بوون ڕێز لە هەمووان دەگیرێت نەك لەسـەر بناغەی ئایین و تائیفە، بەڵام واقیعی کۆمەڵگە عارەبییەکان شـتێکی ترمان بەسـەردا دەسـەپێنن، گـەر بمانەوێت مەنتیقـی بین بـەوەی لە تواناداییە سیاسـەت بکەین، پێویسـتە دان بەوەدا بنێین کە ئایین بە زۆریی ئامادەگی هەیە، لەم کۆمەڵگانەی کە بە ئایینەوە بارگاوی کراوان هاووڵاتی لەو بڕوایەدا نییـە ئایین لە کاروباری ژیـان جیابکرێتەوە بە سیاسەتیشـەوە، لە هەردوو ئەزموونەکەی تونس و میسـرەوە ڕوونبۆتەوە کە خیتابی عیلمانییەت لـە پەراوێزی کۆمەڵگەی عارەبـی دانراوە بەو شـێوەیەی گوایە خیتابێکی دەستەبژێرانەیە، بۆ ئەمەش سـتەمکاریی ڕژێمەکانی پێشـوو کە ئێستا لەسـەروبەندی ڕووخاندان هاوکار بوون لە چەسـپاندنی ئەم ڕوانینەدان بە نموونە هەردوو ڕژێمی تونسـی و سـووری عیلمانیەتیان لای

خەڵکی بێزراندووە کاتێك شـێوازێکی ناشرینیان لەسـەر عیلمانی بوون پێشکەش دەکردن، ئێستا هۆشـیارییەکی تۆڵەسـێن بـۆ عیلمانییـەت داتاشـراوە کـە عیلمانیـەت دەبەسـتێتەوە بە بێباوەڕیی و ستەمکاریی و دوژمنی ئیسلامەوە، بەم شـێوەیە کاتێك دەرفەت ڕەخسا بۆ خەڵکی گوزارشـت لە ڕاو بۆچوونەکانـی خۆیان بکەن لە ئەنجامدا تەوژمە ئیسـلامییەکانیان لە ئامێز گرت لەو باوەڕەوەی کە ئیسـلام چارەسەرەکەیە، بەڵام لەسـووریا ئەم حاڵەتـە بەهۆی ژێرخانی کۆمەڵگـەی سـووریایی بـەلای بەرژەوەندی ئیسـلامیەکاندا یەکلایی نەبۆتەوە، وەك چۆن لە تونس و میسر یەکلایی بووەوە، ڕاستە کە هەندێك پێیان وایە کە سووننە بەهۆی ئەوەی زۆرینەن لە سووریادا هەر کەسێك بە سووننی لەدایك بووبێت بە تەواوەتی لە بەرژەوەندی پارتە ئیسـلامیەکان دەنگ بدات، ئەوەی ئێسـتا لـە پانتاییەکەدا دیـار بێت پارتی ئیخوان موسـلمینە، بەڵام بەم شێوەیە نییە چونکە ئیخوانەکان لەسەر زەمینەی واقیع کاریگەرییان نییە، بە پێچەوانەوە تا ئێستا شەقامی سووریایی و شەقامی سووننەکانیش لە ڕەفتارەکانیان بەگومانن و هەروەها لەو مێژووەیان دەترسێن کە ڕژێمی بەعس بۆی داڕشتوون بەوەی گوایە تیرۆریست و بکوژن..

هەرچۆنێك بن، ئەگەر پێویست بێت لەسەرمان ڕێز بۆ دیموکراتیەت دابنێین ئەوا پێویستە ڕازی بین بەوانەی لە هەڵبژاردن دەیبەنەوە، هەرکەسێك بن، بەو مەرجەی پابەند بکرێن بە یەکسـانی و دادپـەروەری و ڕێزدانان بۆ ئازادییە گشـتی و کەسـییەکان و دەرفەتیان بدەینێ حوکم بکەن تا لەسەر شێوازو ئەدای حوکمەکەیان ڕاو بۆچوونی خۆمـان بدەیـن، ناکرێت لە جیهانـی عارەبیدا لەسەر شـێوازی فەرەنسی دەوڵەتێکی عیلمانی دابمەزرێت هـاوکات ناتوانرێت میرنشـینێکی ئیسـلامی دابمەزرێت، بەڵکو بەهۆی داسەپێنی مێژووەوە لـەم قۆناغەدا پێویسـتە دەوڵەتێکی دوالیزمیانەی نیوە ئیسـلامی و نیوە عیلمانی دابمەزرێت، ئیسـلامیەکانیش ناچارن ڕازی بن بەوەی کە بە کەرەسەکانی دەوڵەتی هاوچەرخەوە ببنە فەرمانڕەوا، واتە بە دەستوورو دامودەزگای دادوەری و سیستمی خوێندنی هاوچەرخ و ..تاد، لە هەرلایەك وا دەخوازرێت فێر بێت چۆن لەگەڵ لای بەرانبـەر بۆ پێکەوە ژیـان خۆی ڕابێنێت و هەنگاوێك لێی نزیك بێتەوە پێویسـتە لەسەر ئیسلامییەکان ئەم وانەیە فێربن.

کەواتە سـووریا لە سەدا سـەد عەیارێکی عەلمانی نابێت، بەڵام سـەبارەت بە داهاتووی دیموکراتی بوونی سووریا شتێکی ترە، دەیڵێمەوە نیگـەران نیم بـۆ کات و وادەی تەواوبوونی ئیمپراتۆریەتـی دیکتاتۆریی ئەسـەدی، بەڵکو لە داهاتووی سـووریای دوای ئەسەد دەترسێم، چونکە سەرکردایەتی شۆڕشەکە لە

بەڕێوەبردنی شۆڕشدا تووشی نوشوستی هاتوون، ڕووخسارێکی مژدەبەخشیان دەرنەختووە بۆ داهاتووی دیموکراتیەتی چاوەڕوانکراوی سبەی، ئەمە سەرکەوتن نییە کەسەکان لابدەین و عەقڵیەتەکەی ستەمکاری وەك خۆی بهێڵرێتەوە، لەوانەیە ڕژێمێکی ستەمکار هاوشێوەکانی خۆی بەرهەم بێنێتەوە، ئەوکات قوربانی دەچێتە ناو سیماو جلوبەرگی جەلادەوە، لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتی بەعسەوە تا ئێستا بۆ یەکەمین جارە دیموکراتیەت لە سووریا چەکەرە دەکات، بەڵام بە نەخۆشی لەدایك دەبێت و لە شووشەدا دەپارێزرێت، ئەگەر سەرپەرشتی و چاودێری ورد نەکرێت، ناتوانێت گاگۆڵکێ بکات و بێتە سەر پێی خۆی..

**گوڵان:** هەڵوێستی نێودەوڵەتی لەبەرانبەر بارودۆخی ئێستای سووریا هەڵوێستێکی لاوازە، هەڵوێستی کۆمکاری عارەبیشمان بینی کە چاودێرانێکی ڕەوانە کردن کە لە ئاستی پێویستیدا نەبوون، هەموو دنیا کۆمەڵگەی

**لە عیلمانیەتدا نموونەییترین شێواز دەبینمەوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تێیدا بە یەکسانی و لەسەر بناغەی هاووڵاتی بوون ڕێز لە هەمووان دەگیرێت نەك لەسەر بناغەی ئایین و تائیفە**

سووریا دەبینێت کە ڕۆژانە توندوتیژی و کوشتارگەیەکی وای بۆ دانراوە کە پێشتر وێنەی نەبووە، بۆیە پێویستە کۆتاییەك بۆ ئەم ستەمکارییە سیاسی و ستەمە بەهەر نرخ وشێوازێك بێت دابنرێت، ئێوە وەك ئۆپۆزسیۆنی سووریایی چۆن تەماشای هەڵوێستی عارەبی و نێودەوڵەتی دەکەن لە بەرانبەر بارودۆخەکەی سووریاو ڕژێمەکەی ئەسەددا، تۆ بڵێی وڵاتانی خۆرئاوایی و عارەبی لە پێناوی زامن بوونی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ئەم ڕژێمە سەرکوتکارە لە جێی خۆیدا بهێڵنەوە؟

**خەلدون ئەل نەبەوی:** لە سیاسەتی دەرەکی ئەو وڵاتانەدا بە قەد گەردێك چییە حیساب بۆ مافەکانی مرۆڤ ناکرێت، تەنیا بۆ دروشمبازی و لە پێناوی وەدیهاتنی بەرژەوەندییە دەرەکی و ناوخۆییەکانیاندا بەکاریدەهێنن، مەسەلەکە پێوەندی بە بەرژەوەندی ئابووری و جیۆسیاسی و هەڵبژاردنەکانی خۆیانەوە هەیە، نەك بە بەهاکانی مرۆڤایەتییەوە، لە چاوچنۆکییانەوە بوو بۆ نەوتی لیبیا کاتێك وڵاتانی خۆرئاوایی

**بۆ یەکەمین جارە دیموکراتیەت لە سووریا چەکەرە دەکات. بەڵام بە نەخۆشی لەدایك دەبێت و لە شووشەدا دەپارێزرێت. ئەگەر سەرپەرشتی و چاودێری ورد نەکرێت. ناتوانێت گاگۆڵکێ بکات و بێتە سەر پێی خۆی**

بۆ بەهاناوە چوونی گەلی لیبیا بە پەلە کەوتنە خۆ، بەڵام لەسووریادا شتێك نییە چاویان تێر بکات، شتێك بەدی ناکەن پسولەی پارەی جەنگێکی ڕزگارکەریان بۆ پڕبکاتەوە، بە تایبەتی لەم ماوەیەی دوایی قەیرانی ئابوورییدا کە ئەو وڵاتانە پێیدا تێدەپەڕن، گەر بەرژەوەندی ئابووریش بوونی لە ئارادا نەبێت ئەوا دەگەڕێن بە دوای بەرژەوەندی تری جیۆسیاسی ئاڵۆزدا کە هەندێك کات تای تەرازوو بە لای بەرژەوەندی ڕژێمی سووریادا دەشکێتەوەو هەندێك جاریش بە پێچەوانەی بەرژەوەندی وی دەکەوێتەوە، بۆ نموونە لە بەرژەوەندی ئیسرائیلدا نییە ڕژێمەکەی ئەسەد لابچێت، چونکە ئێستا ئەو دەزانێت چۆن چۆنی سەوداو مامەڵەی لەگەڵ بکات، بەڵام نازانێت دواتر شێوازی دەوڵەتی داهاتوو چۆن دەبێت، ڕەنگە بەلایەوە شێوەیەك بێت کە هەڕەشە بێت بۆ ئاسایش و سنووری ئەم ئیسرائیلەی کە لە ساڵی ١٩٧٣ بە دواوە ڕژێمی ئەسەد پاراستویەتی، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کەوای کردووە زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوایی لە گۆڕینی ئەسەد سڵ بکەنەوە، دوای ئەوە ترسێکی زۆر هەیە لەوەی لە هەڵبژاردنەکانی تونس و میسردا، بزووتنەوە ئیسلامیەکانی کە دژایەتی خۆرئاوا دەکەن بگەنە دەسەڵات و هەڕەشە بن بۆ بەرژەوەندییەکانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەندا، تەنیا فەرەنسا هەوڵ دەدات دەستێوەردانی سەربازی ئەنجام بدات چونکە بەو کارەی خزمەت دەگەیەنێت بە پرۆسەی هەڵبژاردن و لە بەرژەوەندی حکومەتی ئێستادایە تا نیشانی گەلی فەرەنساوی بدات کە چۆن بۆ وەدیهێنانی دیموکراتیەت حکومەت بە هانای گەلانەوە دەچێت، هەروەها بەو شێوەیە حکومەتی فەرەنسا بەنیازە لە کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی خۆی قوتار بکات، هەر بۆ هەمان مەبەستی هەڵبژاردن، بەڵام بە پێچەوانەی فەرەنساوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی ئەو قەیرانە ئابووری و سایکۆلۆجیەی لە دوای هەردوو جەنگی ئەفغانستان و عیراقەوە تووشی وڵاتەکەی هاتووە ناخوازێت هیچ دەستێوەردانێکی سەربازی لە سووریادا ئەنجام بدات، هیچ پاڵێوراوێکی ئەمریکایی ئامادەی دۆڕاندن نییە لە هەڵبژاردندا بەوەی باس

لە جەنگێکی نوێ بکات، لە هەموو ئەمانە گرنگتریش سووریا وڵاتێکی پەراوێزو دابڕاو نییە، بەڵکو بەشێکە لەکوتلەیەکی هەرێمایەتیی کە لە ئێران و عیراق و لوبنان و سووریا ئەو کوتلەیە پێکدێت، بە گۆڕینی ڕژێمی سووریا هەموو بەشەکانی تری کوتلەکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەر بێت و یەکێك لە ئەڵقەکانی بپسێنرێت، تەنیا شرۆڤکردنێك لەبارەی خۆیەکلانەکردنەوەی ئەو سێ دەوڵەتەی دیکەی نێو کوتلەکە بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە سووریا و مانەوەی ڕژێمی ئەسەد پێوەندیدارە بەم هۆکارەوە، ئەمە جگە لە بەرتیلدانەکانی ڕووسیاو صین، بەڵێ دۆسیەی سووریا گەلێك ئاڵۆزە، بەڵام زۆربوونی خەلخەلە جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی ئەم دەرگا داخراوە زۆری نەماوە لە گرێژنەوە دەربهێنرێت و هەموو ناوچەکە بکەوێتە بەر ئاسۆی داهاتوویەکی هەم تازەو هەم تەمومژەوە لە یەك کاتدا..

لەناو ئەم هەموو بێنەو بەردەیەدا کۆمکاری وڵاتانی عارەبی بە باشی ئەوە دەزانێت کەئەو هەولانەی ئەنجامی دەدات سنووردارە، لە کۆتاییدا وڵاتانی عارەبی هەندێکیان بەرژەوەندییان هەیەو هەندێکیشیان مەترسییان هەیە لەوەی لە سووریادا دەقەومێت، ئەمەش وا لە بڕیارەکانی ئەو کۆمکارە دەکات کە بە هەرحاڵێك لە حاڵەتەکان ئەکتیڤ نەبن، بەم بۆنەیەوە نامەوێ ڕۆڵی شەرمهێن و پیلانگێڕییانەی حکومەتی جەزائیر دژ بە گەلانی عارەبی لەبیر بکەم کە نایەوێت ئەو گەلانە ئازاد بن، لە ترسی ئەوەی نەوەك بای گۆڕانکاری بەرەو لای خۆی هەڵبکات، لەم ڕووەوەش ئەحمەد بن حلی ئەمینداری کۆمکاری عارەبی فەرمانبەرێکی بچکۆلەیە و بۆ بەرژەوەندی ڕژێمی سەرکوتکاری ئەسەد ئەڵقەی لە گوێیە..

**گوڵان:** لەسەرەتادا هەڵوێستی تورکیا پاڵپشتی کردنی ئۆپۆزسیۆن و گەلی سووریای لێ بەدی دەکرا، بەرپرسانی تورك لێدوانەکانیان لە ڕاگەیاندنەکانەوە، ئەو کارە دڕندانەی ڕژێمی ئەسەد کە لە دژی گەلەکەی ئەنجامی دەدات شەرمەزار دەکرد، بەڵام لە واقیعی کردارەکیدا تورکیا وەك تەماشاچی لەبەرانبەر دیمەنە

**حزبی بەعس پێی وابوو، عروبەت ناسنامەیەکە، گرێبەندە بە نەتەوەوە، لەوە تێنەدەگەیشت کە عارەب پێکهاتەیەکی کەلتووری و مێژووییەو نابێت پێکهاتە کەلتووری و مێژووییەکانی تر لەناوبەرێت**

خۆرئاوییەکاندا وەستاوە، بۆچـی تورکیا لەو هەڵوێستە جدییەی لە سەرەتاوە نواندبووی؟ پاشەگەزی کرد؟

**خەلدون ئەل نەبەوی:** لە کۆتاییدا تورکیاش دەوڵەتێکە بە لۆژیکی پراگماتیکیانەی سیاسەتی ڕۆژ مامەڵە دەکات، ئەوەی دەیجووڵێنێت بەرژەوەندییەکانێتی، هەروەها حیسابکردنی قازانج و زیانەکانێتی، وەك چەرچل وتویەتی لە سیاسەتدا برادەری هەمیشەیی و دوژمنی هەمیشەیی بوونیان نییە بەڵکە بەرژەوەندی هەمیشەیی بوونی هەیە، بەم لۆژیکەوە تورکیا دەجووڵێتەوە، واتە بەپێی پێوەندییەکانی هاوسەنگی هێزو گۆڕانکارییەکان لە ناوچەکەدا، تورکیا سڵ دەکاتەوە لەوەی وڵاتەکەی پڕ نەبێت لە پەناهەندەو ململانێی تائیفی ڕوو لەویش نەکات، ئەوەش باش دەزانێت بە بێ بوونی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش ناتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە بە تەنیا دەستێوەردان بکات، ئاگاداری ئەوەیە کە ئەگەری دەستێوەردانی نێودەوڵەتی جارێ زووەو دواخراوە تا ئەو کاتەی ڤیتۆی ڕووسی و صینی هەموار دەکرێنەوە، درك بەوەش دەکات کە تێچووی پرۆسەیەکی دەستێوەردانی تورکی و عارەبی لە سووریادا چەندە بەرزە، بەتایبەتی لە بەرانبەر قەبارەو گرنگیتی هەڕەشەی ئێران بۆ ئەو دەستێوەردانە، بۆیە بە حیساباتی خۆیدا دەچێتەوەو بەپێی هاوسەنگی هێزەکان دەجووڵێتەوە، بەو شێوەیە کار دەکات کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا بگونجێت..

**گوڵان:** کورد لە سووریا لە لایەن ڕژێمی ئەسەدەوە جەورو ستەمی زۆریان دەرهەق ئەنجام درا، تەنانەت لە پێدانی ڕەگەزنامەی نیشتمانی سووریی و مافی هاووڵاتی بوون بێبەشکران، ئێمەی کورد لێرە بە جدییەوە بەرنامەکان و هەڵوێستە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریمان هەڵدەسەنگان، بە داخێکی زۆرەوە کە دڵێم هیچ شتێکمان لە بارەی مافی گەلی کوردی سووریا لە ناو بەرنامەکانی ئۆپۆزسیۆن درك پێنەکرد، ئایا ئۆپۆزسیۆنیش بەنیازە لەئاست مافەکانی گەلی کورد چاوی بنوقێنێت، یان چ هەنگاوێکتان هەیەو تا ئێستا ڕاتان نەگەیاندبێت

> **ئەمە سەرکەوتن نییە کەسەکان لابدەین و عەقڵیەتەکەی ستەمکاری وەك خۆی بهێڵرێتەوە. لەوانەیە ڕژێمێکی ستەمکار هاوشێوەکانی خۆی بەرهەم بێنێتەوە، ئەوکات قوربانی دەچێتە ناو سیماو جلوبەرگی جەلادەوە**

> **سەرەتا دەبێت دانپیانانی زیمنی ناسنامەی سووریانەی کورد بدرێتەوەو ئەم شەرە دروستکراوە هەڵچنراوەی ناسنامەی نێوان عارەب و کورد کۆتایی پێ بێت**

لەم بارەیەوە..؟

**خەلدون ئەل نەبەوی:** پێویستە سەرەتا دەستخۆشی لە کەسوکارە کوردەکانمان بکەم کە هەموو هەوڵەکانی ڕژێمیان ڕەتکردەوە لەوەی کورد وەك ئیتنییەك لە بەشەکانی تری گەلی سووریا دابڕێنن، هەوڵی ئەوە درا وایان تێبگەیەنن کە پێویستە بەرانبەر عارەبە سووریاییەکان بوەستنەوە، هەڵوێستی کورد لە سەرەتای شۆڕشەکەوە کە هیچ تروسکاییەك ڕوون نەبووبۆوە هەڵوێستێکی ئازایانە بوو، هەڵوێستەکە لە لایەن خەڵکانێکەوە هات کە چەوساوبوونەوەو لێدرابوون و بەدرێژایی حوکمی ڕژێمی فاشیست مافەکانیان لەوتێنرابوون، بەڵام مەسەلەی کورد لەسووریا مەسەلەیەکی هەستەوەرو پڕ لە وردەکارییە بەتایبەتیش بۆ قۆناغی دوای حوکمی ئەسەد، حزبی بەعس پێی وابوو، عروبەت ناسنامەیەکە، گرێبەندە بە نەتەوەوە، لەوە تێنەدەگەیشت کە عارەب پێکهاتەیەکی کەلتووری و مێژووییەو نابێت پێکهاتە کەلتووری و مێژووییەکانی تر لەناوبەرێت یان ڕەنگ وبۆی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و لە بازنەی وڵاتەکەدا دەریبکاتە دەرەوە، بە ڕوانینی من کورد ئەوانی دیکەی سوورییایی نین بەڵکو یەکجار ئەوان سووریایین دواجاریش هەر ماف و ئەرکێك لەو وڵاتەدا هەبێت هی ئەوانیشە، بەم واتەیە سەرەتا دەبێت دانپیانانی زیمنی ناسنامەی سووریانەی کورد بدرێتەوەو ئەم شەرە دروستکراوە هەڵچنراوەی ناسنامەی نێوان عارەب و کورد کۆتایی پێ بێت تا ببێتە ناسنامەیەکی نوێ ئەویش ناسنامەی سووریاییە، ئەو کاتەش گرفتێك نامێنێتەوە بەم ناوە وەك ئەوەی بە کەسێك بووترێت کەسێکی کوردی ناعارەبی، لە ماوەی حوکمی ڕژێمی بەعس ئەم بەزمە هەبوو..

بە تەنیا کورد موعاناتی نەبووە لەبەرانبەر دڕندەیی ئەو ڕژێمە بەڵکە هەموو گەلی سووریا بە تەواوی موعاناتیان چەشتووە لەگەڵ دانان بەوەی موعاناتی کورد زۆر زیاتر بووە، بۆچی تێڕوانینێکی جدی بۆ مەسەلەی کورد نییە؟ بە ڕاشکاویی چونکە ئەو بابەتە لە دوالیزمە بەرابەرەکەی نەچۆتە دەرەوە کە بریتییە لە عارەب بەرانبەر کورد یان بە پێچەوانەوە، ڕاشکاوانەتر دەربڕینێکی ترسناك هەیە کە هەندێك لە کورد دەیخوازن ئەویش لە لۆژیکی تۆڵسێنی و قەرەبووکردنەوەی قوربانیی نزیك دەبێتەوە، داوای مامەڵەیەکی جیاوازی کورد دەکەن بەهۆی ئەو موعانات و چەوسانەوەیەی لە ڕێی ڕژێمی ئەسەدەوە چەشتویانە، هەندێکیشیان ئارەزووی دامەزراندنی کیانێکی سیاسی سەربەخۆی هاوشێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی دەخوازن وەك ئەوەی لە عیراقدا هەیە، ئەم تێزو بۆچوونانە بە ڕای من ڕێی تێناچێت، لەو بڕوایەدام مۆدێلەکەی عیراقی فیدراڵی مۆدێلێکی خراپ بێت بۆلێك دوورخستنەوەی عارەب و کوردەو گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکەن و جەخت دەکاتەوە لەسەر جیاوازییەکانیان، لەبری ئەوەی هاوکاریان بێت بە هەمان ئەرك و مافەکانەوە وەك یەك هەمووان لە ژێر بنمیچی نیشتمانێکدا پێکەوە بژیین، نیشتمانێك بەر لەوەی عارەبێکی ڕەسەن و کوردێکی ڕەسەن بوونی هەبێت سوورییەکی دڵسۆز بێت و سووریا بۆ هەمووان بێت، زۆربەی کورد لەسووریا باس لە خەونی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکەن، هەست بە ئازارەکانیان دەکەم کە لە ئاکامی جەورو ستەمی ڕژێمەکانی تورکیاو عیراق و سووریاو ئێران چەشتویانە،

> **ئەگەر پێویست بێت لەسەرمان ڕێز بۆ دیموکراتیەت دابنێین ئەوا پێویستە ڕازی بین بەوانەی لە هەڵبژاردن دەیبەنەوە. هەرکەسێك بن. بەو مەرجەی پابەند بکرێن بە یەکسانی و دادپەروەری و ڕێزدانان بۆ ئازادییە گشتی و کەسییەکان**

بەڵام بە ڕاشکاوانە دەیڵێمەوە دژ بە دامەزراندنی دەوڵەتێکم لەسەر بناغەی نەتەوەیی یان ئایینی، بۆچی داوای جیابوونەوە لە دەوڵەتێك بکەین کە تێیدا لەدایك بووین و پەروەردەکراوین و گەر لە ئەرك و مافەکانیشدا وەك ئەوانی ترمان لێ بێت و بە یەکسانی ژیان بەرینەسەر؟ لەم ڕووەوە سەرسامی خۆم دەردەبڕم بەو بەیانەی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد کە جەخت دەکاتەوە لەسەر دوورکەوتنەوە لە جیابوونەوەو سەربەخۆیی بوون، ئەم وڵاتە دەبێتە وڵاتی هەمووان بە کوردو عارەب وەك یەك..

**گوڵان:** سووریا پێگەیەکی جیۆستراتیژی گرنگی لە ناوچەکەدا هەیە، تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی لە حاڵەتی جەنگدایە بەرانبەر ئیسرائیل، هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژی و مێژووی لەگەڵ ئێراندا هەیە، کاریگەرێتی زۆری لەسەر لوبنان و فەلەستین هەیە، پرسیارێك لێرەدا کە دەوروژێت ئەوەیە: لە پاش ڕووخانی یان ڕۆیشتنی ڕژێمی ئەسەد هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت؟

**خەلدون ئەل نەبەوی:** ڕەنگە گەلی سووریای شۆڕشگێڕ بە شێوازێکی ناهۆشیارانە، لە پاش ململانێیەکی درێژو مەرگەساتاوی لە بەرانبەر ڕژێمدا هەندێك کاردانەوەی هەبووبێت لە بەرانبەر ئەو جەمسەرانەی بە ئاشکراو نهێنی بوونەتە پشت و پەنا بۆ ڕژێمی ئەسەد، بە نموونە ئەو سیاسەتانەی ئێران و هەژموونگەرییەکەی لەسەر بڕیارەکانی سووریا بەوەی گوایە چارەنووسیان هاوبەشە گەلی سووریا ئەمە ڕیسوا دەکەن، تەنانەت خۆشەویستی گەلی سووریا بۆ حزبوڵڵاوسەرکردەکەی حەسەن نەسروڵڵا ئێستا هەڵگەڕایەوە بۆ ڕقلێبوونەوەو دوژمنایەتی، شەقامی سووریا ڕژێم بەوە تاوانبار دەکات کە پارێزگاری لە سنووری ئیسرائیل کردووەو هەوڵی نەداوە جۆلان ڕزگار بکات... تاد،سەرەڕای هەموو ئەمانەش بە ڕای من دوا بەدوای ڕووخاندنی ڕژێم، لە ئەنجامدا سووریا ئەو دەوڵەتە دەبێت کە گەمە بە کارتەسیاسییە پراگماتیکیەکان دەکات بەو جۆرەی کە یاساکانی گەمەکە دەیخوازێت لە جیهانی بەرژەوەندخوازو هاوچەرخی ئەمڕۆماندا، پێوەندییەکانی خۆیشی نە لەگەڵ ئێران دەپچڕێنێت نە لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی تردا کاری وادەکات، بەڵام سووریا لە هەژموونی پرۆژەی ئیمپراتۆری ئێرانی دێتە دەرەوە، بێزراندنی گەلی تونسیمان بینی بەرانبەر موعەمەر قەزافی کاتێك بە ئاشکرایی پاڵپشتی لە زێنولعابدین بن عەلی دەکردو دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکرد تا لە فەرمانڕەوایەتیدا بمێنێتەوە، هەورەها هەوڵی تێکدانی باری ئارامی تونسی دەدا، بەڵام ئەم کارەی نەبووە هۆی ئەوەی لە دوای ڕۆیشتنی بن عەلی ململانێ لەگەڵ ڕژێمی قەزافی بکرێت بەڵکو بووە گەمەیەکی دیبلۆماسییانەو هاوسەنگبوونی هێزو ئارەزوو کردن بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخ وگەمەکەو سووڕانەوە بۆ گرنگیدان بە چەند مەسەلەیەکی گرنگتر کە خۆی لە ئاسایش و ئابووریدا دەبینییەوە..تاد، هەمان بۆچوون دەکرێت باس بکرێت لە بەرانبەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانی لیبیایی بەرانبەر

**ناکرێت لە جیهانی عارەبیدا بە شێوازی فەرەنسی دەوڵەتێکی عیلمانی دابمەزرێت هاوکات ناتوانرێت میرنشینێکی ئیسلامی دابمەزرێت. لەم قۆناغەدا پێویستە دەوڵەتێکی دوالیزمیانەی نیوە ئیسلامی و نیوە عیلمانی دابمەزرێت**

**لە چاوچنۆکییانەوە بوو بۆ نەوتی لیبیا کاتێك وڵاتانی خۆرئاوایی بۆ بەهاناوە چوونی گەلی لیبیا بە پەلە کەوتنە خۆ، بەڵام لەسووریادا شتێك نییە چاویان تێر بکات، شتێك بەدی ناکەن پسولەی پارەی جەنگێکی ڕزگارکەریان بۆ پڕبکاتەوە**

حکومەتی جەزائیر کە پاڵپشتی لە مانەوەی قەزافی دەکرد چ بە نهێنی یان بە ئاشکرایی، بەڵام ئێستا دیبلۆماسیەت باڵی کێشاوەتە سەر پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات..

لەو بڕوایەدا نیم ڕژێمی سووریا بە یەکجار بڕووخێت ولەشەوو ڕۆژێکدا ڕژێمێکی تر بێتە سەر حوکم، ئەوەی پێشبینی لێ دەکەم دروست بوونی دەسپێشخەرییەکە کە زۆر یان کەم لە دەسپێشخەرییەکەی یەمەن دەچێت بە شێوەیەك بەهۆیەوە بە هێمنی دەسەڵات بگوازرێتەوە لەگەڵ مانەوەی هەندێك لە دەستڕۆیشتووانی خاوەن بڕیاری ڕژێمی ئێستا لە چەند پێگەیەکی خاوەن نفووز لە دوای دانوستاندن لەگەڵیاندا، ئەوەش واتای ئەوەیە کە گۆڕینکاری لە پێوەندییە هەرێمایەتییەکان بە پەلەپڕوزێ و دراماتیکی نابن، بەڵکو سەرلەنوێ ڕاکێش ڕاکێشی گەمەی ململانێ لەسەر بەرژەوەندی و هاوسەنگی هێز دەسپێدەکاتەوە. لەداهاتووی دووردا گەورەترین دۆڕاو لەم مەسەلەیەدا ئێران و حزبوڵڵایە کە دواجار دەبێتە هۆی گۆڕین لە کارتەکانی ململانێی خۆرهەڵاتی ناوین، بە ڕۆیشتنی ڕژێمی ئەسەد ئیسرائیلیش زەرەرو زیانەکەی لە ئێران کەمتر نابێت، دوای دڵنەوابوونێك لەسەر کۆنترۆڵکردنی جۆلان بێ ڕکابەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، دواجار ئەویش ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گۆڕانکاری هەرێمایەتی گەورە دەبێتەوە چ لە میسرەوە یان لە سووریاوە، کە هەڕەشەن بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی جەنگەکانی نێوان عارەب و ئیسرائیل، بە تایبەتی سوورییاییەکان کە خۆیان پابەندی کێشەی فەلەستین کردووەو سوورن لەسەر گێڕانەوەی جۆلان لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەدەوە..

**گوڵان:** زۆر لە چاودێران و سیاسەتمەداران لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ دەترسێن، بێگومان هەموومان ئەوە دەزانین هەڵگیرسانی شەڕی لەو شێوەیە لە بەرژەوەندی ڕژێمی ئەسەدە، ئەو کاتە بارودۆخە شۆڕشگێڕییەکە دەگۆڕدرێت بۆ فەوزاو ناسەقامگیری، بەرنامەتان چییە بۆ دروست نەبوونی شەڕی ئەهلی؟

**خەلدون ئەل نەبەوی:** لێتانی ناشارمەوە ئۆپۆزسیۆنی سووری بە جیاوازی بیرو ڕاو بڕواو بۆچوونەکان و ناو دامەزراوەکانیەوە بەرنامەیەکی ڕوونی پێ نییە تا سوورییەکان دڵنیا بکاتەوە لەوەی دوای ڕژێمی ئەسەد چی بکرێت، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ڕیزەکانی خۆی سەرلەنوێ ڕێك نەخاتەوە، دۆسیەی سووریا ئاڵۆزتر دەبێتو ئازارو میحنەتی ئەو وڵاتە کاتێکی زۆرتر بەردەوام دەبێت و بەرژەوەندییەکانیش فرەتر دەبن و ڕژێمیش وەك نیرۆن بڕیاری داوە نیشتمان سەرتاپا بسووتێنێت ئینجا خۆی لێی دەربچێت، وەلانانی شەڕی ئەهلی کاغەزێکی نووسراو نییە ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی بکات بەڵکو ئاکامی هۆشیاری گەلی سووریایە کە بەباشی درك بەوە بکات کە ناتوانرێت پێکەوەژیان مسۆگەر بکرێت تا هەموو ڕەنگەکان هەمەجۆرییەکان لێکنزیك نەخەنەوە بەو شێوەیە دەوڵەمەند دەبن،لێرەدا پێویستە جیاوازی بکەین لە شەڕی ئەهلی نێوان پێکهاتەکانی گەلی سووریاو هەروەها ململانێی نێوان سەربازو سەربازیی کە بەگشتی لە نێوان سوپای ئەسەدو سوپای ئازادیی سووریا دەکەوێتەوە، بێگومان

**ئەگەری دەستێوەردانی نێودەوڵەتی جاری زووەو دواخراوە تا ئەو کاتەی ڤیتۆی ڕووسی و صینی هەموار دەکرێنەوە**

ڕەنگە هەندێك ڕانە مێگەلی شەبیحە دوای ئەویان بکەون و هەندێك خۆبەخشیش دوای ئەمیان، بەڵام کرۆکی شەڕەکە نابێتە شەڕی مەدەنی بەڵکە دەبێتە شەڕێکی سەربازی، واتە سوورییەکان لەسەر بنەڕەتی ئیتنی و ئاینی و مەزهەبی و تائیفی ناکوژرێن، تا ئێستاش خۆیان لەو جۆرە کوشتارانە پاراستووە، چەند ئیستسنایەك لێرەو لەوێ نەبێت، بەگشتی تائیفیەت ڕەت دەکرێتەوە و جەختیش لەوە دەکرێتەوە گە گەلی سووری یەکگرتووە.

بەڵام ترسی خۆم لەوەش ناشارمەوە کە ڕەنگە دوای ڕژێم حاڵەتی تۆڵەکردنەوە لە چەند ناوچەیەك سەرهەڵبدات بەڵام کۆنترۆڵ دەکرێن تا سەقامگیری نەشێوێنرێت،بۆیە پێویستە لە یەکەمین قۆناغی دوای ڕۆیشتنی ڕژێمی ئەسەد دانوستاندن بۆ کردنەوەو سازدانی دیالۆگی نیشتمانی سەرتاپاگیر بۆ هەموو سوورییەکان بکرێت، دەست درێژ بکرێت بۆ گوشینی دەستی بەرانبەر ئەگینا ئەوەی لێی دەترسین دەقەومێت ڕژێمێکی دیکەی بێکەڵکی جیاوازیکاری وەك ئەوەی پێشوو سەرهەڵدەداتەوە.

# ئافرەت

# دەبێتە قوربانی لە شۆڕشی میسردا؟

## نوێنەرایەتییەکی داهێزراو.. و مەترسی پاشەکشێ کردن بە ڕۆڵی ئافرەتان لە سایەی هەڵکشانی ئیسلامییەکان



گوڵان – قاهیرە- ئەسما ئەلحوسەینی

کچە ڕۆژنامەنووسێك پرسیارێکی لە(نادی بەکار)ی سەرکردە لە حزبی نووری سەلەفی کرد دەربارەی ئەوەی کە ئایا ڕێژەی ئافرەت لە پەرلەماندا لەگەڵ پێگەو ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا

**ئافرەتانی میسر تووشی سەرسوڕمان هاتن لەو ڕێژە داهێزراوەیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەم دواییەدا، کە تەنیا شەش ئافرەت تێیدا سەرکەوتن، واتە بە ڕێژەی 0،5% لە کۆی ئەندامانی پەرلەمان**

دەگونجێت؟ لە وەڵامدا وتی: مەرج نییە ئافرەت لە پەرلەمان خۆی نوێنەرایەتی خۆی بکات بۆ ئەوەی گوێ لە دەنگی بگیرێت، بەڵکو ئەوەندە بەسە لە دوورەوە بەشداری بکات لە دروستکردنی بڕیار و مافی پارێزراوە بە هەبوونی ئەو(پیاوانەی) نوێنەرایەتی دەکەن، هەروەها لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا یەکێك لە سەرکردە سەلەفییەکان داوای لەو کچە بێژەرە کردووە کە میوانداری کردبوو، پەردەیەك لەنێوانیاندا دابنرێت..

یەکێکی دیکەش داوای لە کچە بێژەرێك کرد بوو کە پێویستە سەری بپۆشێت بۆ ئەوەی دیمانەی لەگەڵدا ئەنجام بدات. لەکاتی هەڵبژاردنەکانیشدا حزبی ناوبراو وێنەی گوڵێکیان دانا بوو لە شوێنی وێنەی ئافرەتێکی پاڵێوراوی لیستەکەیان، هەروەها دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لە شوێنێك وێنەی مێردەکەیان دانابوو، لە جیاتی وێنەی خۆی...

کاتێك پرسیاریان لە یەکێك لە سەرکردە سەلەفییەکان کرد دەربارەی هەڵوێستیان لە

**ڕەوتە ئیسلامیە ڕێکخراوەکان کە ئێستا بەروبوومی ئەو شۆڕشەی میسر دەچننەوە، هەوڵ دەدەن چەند تەرحێکی دژ بە ئازادییەکان بەگشتی و دژ بە ئافرەت و کەمایەتییەکان بەتایبەتی بخەنەڕوو**




بەشـــداری کردنی ئافرەت لە هەڵبژاردنەکاندا وتی: ڕازی بوونمان لەســەر بەشــداری کردنی ئافرەت وەك(خۆخواردنێکی ناچاری)وایە، چونکە سیســتمی هەڵبژاردنی لیستەکان ئەمەی بەسەر ئێمەدا ســەپاندووە، کاتێك ویســتیان هەڵوێستی یەکێك لە ئافرەتە پاڵێوراوەکانی سەلەفیەکان بزانن دەربارەی ئەم لێدوانە لە وەڵامدا وتی: ئافرەت لە عەقڵ و دین کەموکوڕیان هەیە!

ئەم چیرۆکە ڕاســتەقینانە کــە لە یەك کاتدا مایــەی گریان و پێکەنینــن، جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو ئافرەتانی میســر دروست دەکەن و ئاماژەیەکی ســلبین بۆ ئەو پەیامەی کە ڕەوتە ئیسلامییەکان، (ئەوانەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی میسر هەڵکشان) بۆ ئافرەت هەڵیانگرتووە، بەتایبەتی لەنێو بژاردە ڕۆشــنبیرەکەی ئافرەتانی میســردا، ئەوانەی هەمیشــە تموحــی ئەوەیان هەبووە کــە ڕۆڵ و بوونی ئافرەت بەرزتر بێت لە کۆمەڵگادا بۆ دەســتهێنانی مافەکانی خۆیان بە یەکسانی لەگەڵ پیاودا، بەڵام تووشی سەرسوڕمان هاتن لــەو ڕێــژە داهێزراوەیان لــە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکــەی ئــەم دواییە کە تەنیا شــەش ئافرەت تێیدا ســەرکەوتن واتــە بە ڕێژەی ٥،٠٪ لە کۆی ئەندامانــی پەرلەمان، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بوونی فیعلی ئافرەت ناگونجێت لە کۆمەڵگای میسریدا، کە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی سەنگی دیمۆگرافی ئافرەت دیارە، چونکــە ئافــرەت ٥٠٪ی کۆی دانیشــتووان و ٢٥٪ی هێــزی کار و ٤٩٪ی قوتابیانی زانکۆ و

**حزبی نوور لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا وێنەی گوڵێکیان دانا بوو لە شوێنی وێنەی ئافرەتێکی پاڵێوراوی لیستەکەیان، هەروەها دەنگۆی ئەوە هەبووە کە لە شوێنێکی تر وێنەی مێردەکەیان داناوە، لە جیاتی وێنەی خۆی**

٤٠٪ کۆی دەنگدەرە تۆمار کراوەکان لە خشتەی هەڵبژاردنەکانی میسر پێکدەهێنن.

هەرچەندە بەشێکی ئیسلامییەکان بەرگری لە خۆیان دەکەن و دەڵێن: ئیســلامییەکان وەك یەك نین و بەرامبەر بە ئافرەت یەك هەڵوێستیان نییە، بەڵام زۆر لە ئافرەتە ڕۆشــنبیر و چالاکوانەکانی میســر زۆر گرنگی بــەم جیاوازیانــە نادەن و پێیانوایە کێشــەی ئافرەت و تەنانەت بوونیشــی لە مەترســییەکی گەورەدایە و ئــەو( ئافرەت) ڕووبــەڕووی هێزێکی دڕنــدە دەبێتەوە و لەوانەیە چەند ســاڵێك بیگەڕێنێتــەوە دواوە، زۆریش لەم ئافرەتانــە دەگەڕێنــەوە بۆ خودی ئیســلام، بۆ ئــەوەی بزانن ئاخۆ زۆر مرۆڤایەتیتر و لێبوردەیی ترە و ڕۆڵی ئافرەتیش قبوڵ دەکات یان لە ژیانی گشــتیدا مافەکانی بەدەست دەهێنرێن لە هەموو ئەو نموونانــەی کە دێنە پێش یــان نا. دکتۆرە ئیناس تەها پسپۆر لە کاروباری ئافرەتان:

گرفتەکە لە کەلتووری نێرینەدایە کە لە میسر لەسەر جیاوازی ڕەگەزایەتیی وەستاوە،

پێیوایە دۆخی کۆمەڵگە بەگشتی وایە ئافرەت لە بەرانبەر پیاو جۆرێك لە بە کەمگرتنی تێدایە و نوێنەرایەتی کردنیشی بەشێوەیەکی گشتی لاوازە، جگە لە چالاکییەکانی لە بواری کۆمەڵە مەدەنی و ئەهلییەکان، هەروەها وای دەبینێت کە پاشەکشێی ڕۆڵی ئافرەت لە سەردەمی پێشووش هەبووەو ڕێگا لە دامەزراندنی یەکێتییەکی سەربەخۆی ئافرەتان گیراوە چونکە تەنیــا ئەنجوومەنێکی نەتەوەیی ئافرەتان هەبووە، کە هاوســەری سەرۆکی پێشوو سەرۆکایەتی کردووە.

ئیناس تەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە گرفتی ئافرەت بوونی هەیــە لە بەها و کەلتووری باو و چەند یاسایەکدا چەسپێنراون کە دژایەتی ئافرەتی تێدایــە و مەترســییەکان توندتر دەبــن لەگەڵ هەڵکشــانی ڕەوتــە ئاینییەکان کــە جۆرێك لە دوژمنایەتی مێژووییان هەیە بۆ کێشــەی مافی ئافرەت، هەروەها دەڵێ: ئێستا گوێمان لە دەستەی (الامر بالمعروف و النهى عن المنكر) دەبێت وەك هەوڵێك لاســایی کردنەوەی نموونەی سعودی لە میسر، هەرچەندە شۆڕشی میسر چەند ئومێدی بەرزی خستەڕوو، بەڵام بینیمان کە ئیسلامییەکان دەمانخەنە پێچو پەنای تاریکەوە وەك خستنەڕووی چەند پرســیارێکی گێلانە دەربارەی پیرۆزبایی کردن لە مەســیحییەکان بەبۆنــەی جەژنیان کە ئایــا حەڵاڵە یــان نا، ئایا دەنگــدان بە (بەڵێ)



مونا سەلاح پاڵێوراوی سەلەفییەکان:

# ئافرەت کەم ئەقڵ و کەم دینە بەکەڵکی سەرۆکایەتی نایەت

یان(نەخێر) دەتباتە بەهەشت یان دۆزەخ، سەرەڕای ئەوەی ئافـــرەت بە هێزەوە بەشـــداری کردووە لە شۆڕشی میسری، کچان شـــان بەشانی لاوان و ئافرەتان لەگەڵ پیاوان، بەڵام ڕەوتە ئیســـلامییە ڕێکخراوەکان کە ئێســـتا بەروبومی ئەو شۆڕشـــە بچننـــەوە، هەوڵ دەدەن چەنـــد تەڕحێکی دژ بە ئازادییەکان بە گشتی و ئافرەت و کەمایەتییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی بخەنە ڕوو، ئەمەش کۆمەڵگا بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە.

ئینـــاس تەهـــا وای دەبینێت کـــە تەڕحێکی ئیسلامی ڕۆشنکەرەوە هەیە لە پشت ئازادییەکان و مافی مرۆڤ دەوەستێت و کەلتووری ئێمە پڕە لەو بیرمەندانەی کە هەڵوێســـتی ڕۆشنکەرەوەیان هەبووە بەرامبەر بە کێشـــەی ئافـــرەت و دەڵێ: بارودۆخی ئێســـتا بارگرانییەکـــی زۆر بۆ هێزە پێشـــکەوتووخوازەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات و زەرورەتی پێشـــکەش کردنی شـــرۆڤە کردنێکی ڕۆشـــنکەرەوی ئـــەو ئیســـلامەی هەیـــە لـــە جەوهەرەکەی بەرامبەر بە بیرۆکەی دادپەروەری دەخاتەڕوو.

دکتۆرە ئیجلال ڕەئفەت ئوســـتاد لە زانســـتە سیاســـییەکانی زانکۆی قاهیرە و ســـەرکردە لە حزبی وەفد ترســـی خۆی ناشارێتەوە بەرامبەر بە هەڵکشانی ئیسلامییەکان لەم هەڵبژاردنەی دواییدا و پێیوایە قسە و لێدوانی سەلەفیەکان دڵخۆشکەر نین نەك تەنیا بەرامبەر بە ئافرەت بەڵکو بەرامبەر بە گەشتوگوزار و نا موسڵمانەکان و ژیانی مەدەنی بە گشتی و دەڵێ: من وەك لیبرالییەك ترسێکی زۆرم لـــە لێدوانەکانیان هەیە و مایەی نیگەرانین ســـەبارەت بە دوارۆژی بە تـــەواوی، نەك تەنیا بەرامبەر بە ئافرەت، هیوادارم هاتنە ناوەوەیان بۆ کەشێك کە بەشێك لە دیموکراسی تێدایە پاڵنەرێك بێت بۆ میانڕەوی ئەگینا دوارۆژی میســـر لە مەترسییەکی ڕاستەقینەدایە.

سەبارەت بە ئیخوان موسلمین، ئیجلال ڕەئفەت پێیوایـــە لـــەرووی ئاشـــکرای گوتارەکەیان تا ئێســـتا میانڕەون، بەڵام دەڵێ: هەموو حیساباتی ئیخوانەکان ڕوون و ئاشـــکرا نین و ناتوانین بڕیار لەســـەر ئەوە بدەین کە لە ڕۆژانی داهاتوو چۆن دەبن و ڕایەکـــی یەکلاکەرەوە دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنیـــان بدەین بەتایبەتـــی دوای ئەوەی بوون بە نزیکەی زۆرینـــە لە پەرلەمان و لایەنی بەهێزی پێکهێنانـــی حکومەتی داهاتوو، ئیجلال هیواخوازە دەســـتی خوا میسر بپارێزێت بۆ ئەوەی پێش بکەوێت و نەگەڕێتەوە دواوە.

ئەمیرە ئەلتەحاویی چالاکوان و ڕاگەیاندنکاری میســـری پێیوایە کە گەلی میسری بەشێوەیەکی چـــڕ دەنگی بـــۆ ئیســـلامییەکان داوە، چونکە کۆمەڵگاکان زۆربەیان لە کاتی قەیرانەکاندا ڕوو لە هـــزرە موحافزکارەکان و زۆر کلاســـیکییەکان دەکەن، وای دەبینێت ئەنجوومەنی ســـەربازی کە حوکمڕانی میسری کرد دوای شۆڕش حاڵەتێکی نەبوونی یەقین و ئاژاوەی دروســـتکردو پاڵی بە میســـرییەکانەوە نا کە ڕوو لـــە ڕەوتە ئاینییەکان بکەن و دەڵێ: ئافرەت بووە قوربانی ساڵی دوای شۆڕش و هێرشـــی بە ئەنقەستی سەر ڕەوتە زۆر پێشکەوتووەکان.

ئەمیرە بەم شێوەیە درێژە بە قسەکانی دەدات: سەلەفییەکان ناچار بوون لە کۆتایی لیستەکانیاندا ئافرەت بپاڵێون و هەڵوێســـتیان بە گشتی جۆرێك لە بێزراندن و فۆبیای تێدایە بەرامبەر بە ئافرەت و بە بنەمای هەموو شەڕەکانی (شرور) دادەنێن، ئەمیرە هەروەها دەڵێ: هەڵکشانی ئیسلامییەکان کاریگەری دەبێت لەسەر ڕۆڵی ئافرەت لە ژیانی گشـــتیدا، چونکە ئیســـلامییەکان هەوڵ دەدەن وصایـــەی بەسەردابســـەپێنن، پێیوایە کۆمەڵگا هێشـــتا هەندێك لە وشیاری تێدا ماوەو ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە دەســـت بخاتە نێو ژیانی تایبەتی و کەســـێتی تەحەکوم کردن بە ئافرەتان و جیاوازی دەکات لەنێوان هەڵەی ئیسلامییەکان و کەرامەتی مرۆڤی میســـری کـــە ڕێگا بە بێگانـــە نادات هاوسەری یان خوشك و کچەکانی ئاڕاستە بکات و زۆربەی میسرییەکان پێیانوایە پۆشینی حیجاب ئازادییەکی تاکە کەسییە و ئیسلامیەکان ناتوانن ئەمە بە یاسا یان بە کۆنترۆڵ کردنی

**یەکێك لە سەرکردە سەلەفییەکان داوای لەو کچە بێژەرە کردووە کە میوانداری کردبوو، پەردەیەك لەنێوانیاندا دابنرێت**



دکتۆره ئیجلال ڕەئفەت ئوستاد لە زانستە سیاسییەکان و سەرکردە لە حزبی وەفد:

**وەک لیبرالییەک ترسێکی زۆرم لە لێدوانی ئیسلامیەکانە، هیوادارم هاتنە ناوەوەیان بۆ کەشێک کە بەشێک لە دیموکراسی تێدایە پاڵنەرێک بێت بۆ میانڕەوی ئەگینا دوارۆژی میسر لە مەترسییەکی ڕاستەقینەدایە**



ئەمیره ئەلتەحاوی چالاکوان و ڕاگەیاندنکاری میسری:

**سەلەفییەکان ناچار بوون لە کۆتایی لیستەکانیاندا ئافرەت بپاڵێون و هەڵوێستیان بە گشتی جۆرێک لە بێزراندن و فۆبیای تێدایە بەرامبەر بە ئافرەت**

دکتۆره ئیناس تەها پسپۆر لە کاروباری ئافرەتان:

**گرفتەکە لە کەلتووری نێرینەدایە کە لە میسر لەسەر جیاوازی ڕەگەزایەتیی وەستاوە، پێیوایە دۆخی کۆمەڵگە بەگشتی وایە ئافرەت لە بەرانبەر پیاو جۆرێک لە بە کەمگرتنی تێدایە**

ئافرەت و خراپە کردن بەرامبەریان فەرزی بکەن و پێویستە ئافرەتان ڕووبەڕووی هەر هەوڵێك ببنەوە کە هەوڵی سەپاندنی شێوازێکی جیاوازی ژیانیان بەسەردا بسەپێنێت.

لەلایەن خۆیەوە شیرین مونیری ئەدیب و ڕۆژنامەنووس وای دەبینێت کە: هەڵکشانی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی پەرلەمانی میسریدا بە پووکانەوەی ڕۆڵی ئافرەت بەستراوەتەوە،بە تایبەتی لە ئاستی نوێنەرایەتی لە کۆمەڵگادا کە بە پلەیەکی نزمتر حیسابی بۆکراوە، چونکە ئیسلامیەکان وەك بوونەوەرێکی کامڵ سەیری ئافرەت ناکەن، بەڵکو بە هۆکارێکی یاریدەدەری پشت پیاوەوەی سەیر دەکەن، مونیری دەڵێ: هەرچەندە دیموکراسیەت قبوڵ کردنی ئەنجامەکانی ڕای گەل دەسەپێنێت، بەڵام من و زۆری دیکە ئەوە ناشارینەوە کە بە یەقینی دەیبینین و مەحاڵەو دەبێ ئەوەش ڕوودات، کە بریتییە لە چەند فشارێکی دیکە لەلایەن ئەم ئیسلامیانەوە دژی ئافرەت، پێموایە ئەو نوێنەرایەتییە رواڵەتییەی کە دایانناوە بەشێوەیەکی کاریکاتێری، لە زۆربەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیاندا نیشانەی دیدی بێ نەوای ئەوانە بۆ ئافرەت، پێم وانییە هیچ یەك لەم حزبە ئیسلامیانە کە ئەندامە ئافرەتەکانیان گفتوگۆ لەسەر کێشەیەك بکەن خودی خۆیان هەڵیان بژاردبێت، چونکە ئەوان دەنگ و ڕووخساری ئافرەت بە عەورەت دادەنێن و

هەندێکیان وەك دیکۆر پێشکەش کردووە تەنیا بۆ ئەوەی خۆڵ بکەنە چاوەکانەوە، بۆ ئەوەی پێیان نەگوترێت ئیعتیراف بە ئافرەت ناکەن، مونیری وای دەبینێت کە دوارۆژی ئیسلامییەکان دەبەسترێتەوە بە هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئافرەت و چەند کێشەیەکی دیکە کە بە ئیشکالی ڕاستەقینە دادەنرێن بۆیان و چارەنووسیان سەرنەکەوتن دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ئەگەر لەسەر ئەم هەڵوێستەیان بمێننەوە دەربارەی ئافرەت و بیانەوێت کەسایەتییەکەی بسڕنەوە و تەنیا بە مایەی چێژ وەرگرتن بۆ پیاو و بە بەرپرسی پەروەردەکردنی منداڵانی دابنێن، مونیری وای دەبینێت کە تەنانەت ئەو دەنگە کەمانەی کە

هاتوونەتە پەرلەمانیش هیچ ڕۆڵێکیان نابێت و حزبە ئیسلامییەکانیان بیروبۆچوونی خۆیانیان بەسەردا فەرز دەکەن و لەو باوەڕەدانیم هیچیان بابەتێك بخەنە ڕوو بۆ قسەکردن و تەنیا وەك دیکۆر دەبن.

چالاکوانی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی سوهێر غەنام پێیوایە کۆمەڵگای میسری لەسەر فرەیی بونیاد نراوە و سەرەڕای هەڵکشانی ئیسلامییەکان دەبێ ئافرەت نوێنەرایەتی بکات، ئەگەر ئاراستە و ئینتیماکانی هەرچییەك بێت و ئاماژە بەوە دەدات ئەو ئافرەتانەی کە تەنیا سەر بە ڕێکخراوەکانن کەمێك لەوێدا توانیویانە بگەن بە پەرلەمان، دوای ئەوەی دەرفەتی کار کردنی ئافرەت بە گشتی لاواز بووە چ بە شێوەی تاك یان بە لیست، غەنام دەڵێ: بەپێی ئەزموونی ٢٠ساڵیم چ لە بواری خێرخوازی یان لە بواری سیاسی، من زۆر بەتوندی گرەو لەسەر دەنگدەرە نوێیەکان دەکەم لە گەنجان ئەوانەی شۆڕشی میسری بەرهەمیان دەهێنێت و لە دوارۆژێکی نزیکدا ڕۆڵیان دەبێت و



شیرین مونیری ئەدیب و رۆژنامەنووس:

## ئیسلامیەکانی میسر دەنگ و رووخساری ئافرەت بە عەورەت دادەنێن، تەنیا بە مایەی چێژ وەرگرتن بۆ پیاو و بە بەرپرسی پەروەردەکردنی منداڵانی دادەنێن

ئەم گەنجانە شیاو دەبن و زۆر زەحمەتە بە ئاسانی کاریان تێبکرێت لەلایەن هیچ رەوتێکی سیاسییەوە بێ ئەوەی عەقڵیان بەکار بهێنن.

سوهێر غەنام هیوادارە کە رەوتە ئیسلامییەکان زۆربەی گرنگـی پێدانی خۆیان نەخەنە سـەر رووخساری ئافرەت، چونکە ئیسلام تەنیا پەرستش و رووخسار و قسـە و دروشم نییە بە قەد ئەوەی ئەخلاق و رەفتاری باشەوەو کردەوەیە کە وڵات بەرەو پێشـکەوتن و بەرهەمهێنـان و بەرزایی دەبات لە هەموو بوارەکاندا، خودی ئیسلام باس لەوە دەکات کە باشترین خەڵك ئەوانەن کە زۆرترین مەنفیعەتیان بۆ خەڵك هەبێت و دوورخسـتنەوەی خراپە لەسەر رێگادا بۆ موسڵمان پاداشتی خۆی هەیە، بەمەش ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە پێویستی پێیەتی ئێستا ئەوە نییە کە خۆی کێشـە بە پەراوێزخراوەکانەوە سەرقاڵ بکات وەك ئەوانەی ئەمڕۆ دەخرێنە ڕوو، بەڵکو پتەو کردنی کەلتووری کارو پێشکەشکردنی وێنەیەکی رۆشـنی وڵاتەکەمان و لابردنی شـتە هەرەمەکییەکان و ئیسـتغلال کردنـی تواناکان و پەرەسـەندنی هێزی مرۆییە کە ئافرەت بە نیوەی دادەنرێـت، نەك تێکشـکاندنی و کەمکردنەوە لە پێگە و بەهاکەی.



جاکلین زاهیری
پەیامنێری رۆژنامەنووسی:

## زۆربەی ئافرەتانی میسر دەیانەوێ چەند یاسایەکی دادپەروەرانە دەربچێت و یارمەتی ئەو ئافرەتانە بدات کە خانەوادەکانیان بەخێو دەکەن و رێژەیان ٣٠٪ی ئافرەتانی میسرە

هەرچـی جاکلیـن زاهیـری پەیامنێـری رۆژنامەنووسـی پێیوایە رەنگە مەترسـییەکانی هەڵکشانی ئیسـلامییەکان لە میسر زیادەڕۆیی تێدا بێت و دەڵێ: تا ئێسـتا دەسـتوورێکی نوێ و کۆمەڵەیەکـی دامەزرێنەرمـان نەبینیـوە کە دەسـتوورەکە دادەنێـت، جاکلین هیـوا خوازە کە یەکسـانی لە نێوان پیاو و ئافرەت لە ماددەکانی دەسـتووردا هەبێت لە کەفالـە و خوێندن و کار و چەندیـن مافی دیکە و زیاتر دەڵێ: پشـتگوێ خسـتنی ئافرەت لە میسر بۆ سـەردەمی پێشوو دەگەڕێتەوە بەهۆی باڵادەسـتی پارەو پەڕگیریی کە ئەمەش لـەم ماوەیەدا زیـادی کرد، چونکە ئیسـلامییەکان ئافرەتیان بە یەکسـانی وەك پیاو نەپاڵاوت، بەڵکو رێژەی پاڵاوتنیان زۆر لاواز بوو، چونکە تێڕوانینی نێرینە هێشتا زاڵە.



سوهێر غەنام چالاکوانی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی:

## ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە پێویستی پێیەتی ئیستغلال کردنی تواناکان و پەرەسەندنی هێزی مرۆییە کە ئافرەت بە نیوەی دادەنرێت، نەک تێکشکاندنی و کەمکردنەوە لە پێگە و بەهاکەی

جاکلین هەروەها دەڵێ: تا ئێستا کەس باسی لە سەپاندنی جلوبەرگێکی دیاریکراوە بەسەر ئافرەتاندا نەکردووە و بـە دووری دەزانێت ئیسـلامییەکان بکەونە ئەم تەڵەیەوە یان ناچار بن یاسا دەربکەن و رێوشوێن دژی ئافرەت پیادە بکەن، چونکە پێیوایە رەوتە ئیسلامییەکان گەورەترین خەمیان ئەوە دەبێت چۆن بوونی خۆیان بسەلمێنن و هەلی ئابووری و پەرەپێدانی خوێندن و راگەیاندن و مسۆگەر کردنی سـەقامگیری فەراهەم بکـەن، هەروەها دەڵێ: پێموانییە ئافـرەت لە ئەولەویاتیان بێت و لەوانەیە بە جۆرێك لە فەرامۆشـکردن باس لە کێشەکانی بکەن، ئەوەی ئێسـتا زۆربەی ئافرەتانی میسـر دەیانەوێ بریتییە لە چەند یاسایەکی دادپەروەرانە یارمەتی ئەو ئافرەتانە بـدات کە خانەوادەکانیان بەخێو دەکەن و رێژەیان ٣٠٪ی ئافرەتانی میسرە، هەروەها چەند یاسـایەکی دیکە کـە یارمەتی ئافرەتە پەراوێزخراوەکانی سینا و صەعیدی میسر دایکە پەك کەوتـووەکان و ئافرەتە تەڵاقدراوەکان بدات و هیوادارم ئەم کێشەیە لە قۆناغی داهاتوودا فەرامۆش نەکرێت.



## کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری و لاوان بۆ گوڵان:

# ئێمە پێویستمان بەچەندین دەزگای راگەیاندن هەیە حکومی نەبن بەڵام حزبیش نەبن و کەناڵی خەڵکی بن..



### چالاکی و پرۆژەی رۆشنبیری و لاوان لە قەزاو ناحیەکان فراوانتر دەکەین

### سەنتەری رۆشنبیری وا هەیە بۆتە ئۆفیسێک بۆ دانیشتنی ئێواران و چاخواردنەوە

### لەم ساڵدا بایەخ بەو درامایانە دەدەین کە پشت بەشاکارەکان دەبەستن

*** بەو سیفەتەی تۆ وەزیری رۆشنبیریت ئایا بوارەکانی وەزارەتەکەت چی دەگرنەخۆ؟**

- بواری رۆشنبیری بوارێکی فراوانەو پێوەندی بە تێکڕای جومگەکانی ژیانەوە هەیە، بەرادەیەك رەنگدانەوەی تێکڕای سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە بواری گەشەپێدانی بەردەوامدا، ئەو گەشەپێدانەی کە لەبوارەکانی ئاوەدانکردنەوەو دۆزینەوەی هەلی کارو بەرەوپێشبردنی خوێندن و تەندروستی و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی پێویستمانە، تێکڕای ئەم بوارانەش کامڵ نابێت ئەگەر کار لەسەر خودی مرۆڤ نەکرێت، کارکردن لەسەر مرۆڤ کارێکی رۆشنبیری بەرفراوانە، بۆیە کاتێك مامەڵە لەگەڵ چەمکی رۆشنبیری دەکەین کە دوو لایەن لەچەمکی رۆشنبیری هەیە، لایەنێکیان پێی دەڵێن کێڵگەکانی رۆشنبیری و بوارەکانی رۆشنبیری ئەوانەی لەو بوارانە کار دەکەن کە خۆیان جۆرە تایبەتمەندییەکیان هەیە، واتا کەسایەتیەکە رۆژنامەنووسە یا توێژەرە یا لەبواری شانۆ کار دەکات یان شێوەکار یا گۆرانیبێژە چونکە هونەریش بەشێکە لە رۆشنبیری، لایەنێکی تری رۆشنبیری بەرفراوانترە بەوەی ئێمە مامەڵە لەگەڵ رۆشنبیرییەك دەکەین پێی دەوترێت رۆشنبیری کۆمەڵگا، ئەوەی لەگەڵ نەریتە دیموکراتیە مەدەنییە پێشکەوتووەکان دەگونجێت، هەر هەمووی رەنگدانەوەی سیاسەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی مرۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، چۆن ئەم سیاسەتە لەسەر کۆمەڵگادا رەنگ بداتەوە، هەر بۆیە ئێمە لەگەڵ چەمکی رۆشنبیری بەو مانایە مامەڵە دەکەین لەچوارچێوەی ئەو تەرزە باوەی کە بیرکردنەوەو هۆشمەندیی تێدایەو بەشێکیش لەئەرکەکان بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشمەندی گشتییە، باسکردنی رۆشنبیری راماندەکێشێت بۆ ئەوەی ئەم رۆشنبیرییە چۆن بیر دەکاتەوەو چ سیاسەتێکی هەیە؟ بۆ نموونە کاتێك ئێمە باسی رۆشنبیری دەکەین بیروبۆچوونمان وایە ئەم رۆشنبیرییە راستەوخۆ پێوەندی بە چەمکی ناسنامەی کوردستانییەوە هەیە، هەر بۆیە کاتێك باس لە چالاکیەکانی بواری هونەری یا بایەخدان بەزمان یا بایەخدان بەشانۆ دەکرێت بیر لەوە دەکرێتەوە چۆن لە ناو تێکڕای ئەم چالاکیانەدا رەچاوی ناسنامەی کوردستانیی بکرێت، بەو مانایە نا تەنیا رەچاوی ناسنامەی کوردستانی لە سروشتی چالاکیەکان بکەیت بەڵکو لە شێوازی رێکخستنی چالاکییەکانیش بەشێوەیەك کە هاوسەنگیەك هەبێت لەنێوان ناسنامەی لۆکاڵی کە لەناو هەموو کۆمەڵگایەك هەیە لەگەڵ ناسنامە جیهانیەکە، ئیتر مەرج نییە ئەم ناسنامانەش هەموو کاتێك زاڵ بێت بەسەر ناسنامە کوردستانیەکەدا، واتا لێرەدا هاوسەنگی دروست نابێت و کەموکوڕی لێ دەکەوێتەوەو گرفت پەیدا دەبێت، ئالێرەدا لەکاتی کەوتنەوەی گرفتدا ئێمە ناتوانین ئەو بەرنامانەی کە هەمانەو بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە جێبەجێی بکەین، هەر لەبەر ئەمەشە کە تۆ بتەوێت ئەو هاوسەنگیە دروست بکەیت چۆن بایەخ بەتێکڕای ناوچەکانی کوردستان دەدەیت، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری رۆشنبیری پێبگەیەنیت



**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان بەیەکێک لەو وەزارەتانە دادەنرێت کە قسەوباسێکی زۆری لەسەر دەکرێت، بەو پێیەی پێوەندی ڕاستەوخۆی بەزۆر بواری رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەری و وەرزش و لاوان و تەنانەت رۆشنبیری گشتییەوە هەیە، ئەم بوارانەش لەجیهانی ئەمڕۆماندا بەبەردەوامی لەبەرەوپێشچوونێکی بەردەوامدان. لەم دیمانەیەدا کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری و لاوان بەراشکاوانە وەڵامی پرسیارو رەخنەکانی گوڵانی دایەوە. ئەمەش دەقی دیمانەکەی وەزیری رۆشنبیری و لاوانە لەگەڵ گوڵاندا.**

بەجۆرێك هەموو تەرکیزەکە لەشوێنێکدا سەنتەر نەبێت، بەڵکو بتوانین لەهەموو شوێنەکاندا چالاکی رۆشنبیری و کەلتووری ئەنجام بدرێت.

***میدیا بەشێوەیەك لە شێوەکان پێوەندی بە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە هەیە، ئایا تا چ رادەیەك توانای ئاڕاستەکردنێکی زانستی و پیشەیی راگەیاندنەکانت هەیە؟**

- من وەك وەزیری رۆشنبیری و لاوان رەچاوی هەموو لایەك دەکەم، بەجیاوازی پارتە سیاسیەکان و راگەیاندنەکان و ئایدیۆلۆژیاکانیانەوە و هەر هەمووشی بەیەك چاو تەماشا دەکەم، ئەمەش هەر دەبێت وا بێت چونکە ئێمە باس لە کاری پرۆڤیشناڵی دەکەین، بۆیە لەکاری حکومیدا من کابرایەکی حزبی نیم من کابرایەکی حزبیم لەدەرەوەی ئیشوکاری حکومیدا، بەو پێیەی ئیلتزامێکم هەیە بە حزبێکی سیاسیەوەو شانازیشی پێوە دەکەم، بەڵام کاتێك دێمە ناو وەزارەت کۆتایی بەو کارە حزبییەم دێت. لەلایەکی ترەوە ئێمە لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان مامەڵە لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و میدیا دەکەین، بەوەی ئێمە چۆن بتوانین هاوکاریان بین و لایەنێك بین لەو لایەنانەی رێکخستن و تەنیا لایەنێکیش نین، بۆ نموونە سەندیکای رۆژنامەنووسان هەیە هەروەها یاسای کاری رۆژنامەنووسی هەیە. کۆمەڵێك دەزگاو پێکهاتەی تر هەن کە هەر هەموویان پێوەندییان بە راگەیاندنەوە هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی راگەیاندنی ئێمە راگەیاندنێکی ناحکومیە و بەتەواوەتی راگەیاندنێکی حکومیمان نییە ئەو راگەیاندنەی کە وەزارەت هەیەتی هەروەکو چۆن لە وەزارەتەکانی تریشدا هەیەو زۆرجار بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن هەیە، هەر بەهەمانشێوەیە بەکەمێك جیاوازی و تایبەتمەندێتییەوە، تایبەتمەندیەکەی راگەیاندنی وەزارەتی رۆشنبیری ئەوەیە کەلتوورو کاری رۆشنبیری و هونەری نزیکە لەکاری راگەیاندنەوە لەم ناوچەیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی کە زۆرجار کاری وەزارەتی راگەیاندن بووە، خۆشبەختانە وەزارەتەکەمان وەزارەتی ئیعلام نییەو هەر وەزارەتێك راگەیاندنی خۆی هەیەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەداخەوە زۆربەی جار کە باسی ئیعلامی حکومی دەکەین لەم چەمکەدا تووشی هەڵە دەبین چونکە یەك تەرزو شێوازمان لەبەرچاوە.

*** بۆچی کاتێك باس لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەکرێت راستەوخۆ هەست دەکرێت کارو چالاکیەکانتان کەمبوونەتەوە یا زۆر پرۆژەتان هەیە لە جێبەجێکردنیدا دواکەوتوون، ئایا کارو چالاکی و پرۆژەکانی وەزارەت لەسەر چ سیستمێك بەڕێوەدەچێت؟**

- لەپرۆژەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان سیستمێکی نامەرکەزی پەیڕەو دەکەین، بەوەی هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی کۆمەڵێك دەسەڵاتی ئیداری و بودجەی خۆی هەیە، کە ئەو بودجەیە بە بەراوردکردن لەگەڵ ساڵانی پێشوو کەم نەکراوەتەوەو بەبەرنامە بەشێکی زۆری کارو چالاکیەکانمان ئەنجام داوە، بەڵام جاری وا هەیە دواکەوتنی بودجەو ئەو سیستەمەی کە هەیە یەك لەسەر دوانزدەی سەرف کردن کە

ئێستا لە دارایی پەیڕەو دەکرێت، دەبێتە ڕێگر لە ئەنجامدانی ئیشوکارەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چونکە چاوەڕوانی ئەوەین هەموو چالاکییەك پێویستە ڕەزامەندی بۆ وەربگیرێت تا وەکو دەگاتە مانگەکانی ٧و ٨ و چڕبوونەوەی هەموو چالاکیەکان لە ٦ مانگی کۆتاییدا، لەگەڵ ئەمەشدا هەرچالاکی کراوەو ئەو بودجەیەی بۆمان دانراوە زیاتر لە ٩٠٪ی خەرج کراوەو جیاوازییەکی لەگەڵ سالانی پێشوو هەبووە، بەوەی هەموو چالاکیەکانمان لە سەنتەردا چڕ نەکردۆتەوە، بۆ نموونە سالی رابردوو دوو ڤیستیڤاڵی شانۆیی و لەگەڵ دیدارێکی شانۆیی و کۆمەڵێك چالاکی

**ڕۆشنبیری پێوەندی بەتێکڕای جومگەکانی ژیانەوە هەیە. هەربۆیە بێ کارکردن لەسەر خودی مرۆڤ، تێکڕای بوارەکانی ژیان کامڵ نابێت**

جۆراوجۆر کراون تەنانەت لە بواری سینەماش ڤیستیڤاڵمان هەبووە. کەمبوونەوەی هەر چالاکیەك یا ئەنجامنەدانی کاروچالاکی ڕۆشنبیری و هونەری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بودجەی وەبەرهێنان کەمەو زۆر لە پرۆژەکانی ٢٠١١ ی دواخستین.

*** لەوەزارەت ٨ بڵاوکراوەتان ڕاگیراوە، ئەمە جگە لەبڵاوکراوەکانی زۆر لە سەنتەرە ڕۆشنبیری و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، هۆکاری ڕاوەستان و دەرنەکردنەوەی ئەو بڵاوکراوانە چی بوون ؟ لەلایەکی ترەوە ڕەخنەو گلەیی ئەوە هەیە کە سیستەمێك یا بەرنامەیەکی ڕێکوپێك نییە بۆ پاڵپشتیکردنی ڕاگەیاندنی ناحکومی؟**

- ڕاوەستانی بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ خراپ تەفسیرکردنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران گەڕایەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی هاوکاری دارایی حکومی بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ڕاگیرا، لەو بڕیارەدا بڵاوکراوەکانی وەزارەتیشی گرتەوە، داواشمان کردبوو کە بڵاوکراوەکانی ئێمە ئەو بڕیارە نەیگرێتەوە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران بڕیارەکەی وابوو کە ئەم بڵاوکراوانەی وەزارەتیش هاوکاری داراییان نەدرێتێ.

من بۆ پاڵپشتیکردنی ڕاگەیاندنی ناحکومی پرۆژەیەکم پێشکەش کرد، بەداخەوە ئەو پرۆژەیە لەئەنجومەنی وەزیران پەسەند نەکراو دواخراو دواتر گەڕاندیانەوە بەو پێیەی پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، من ئێستاش بەردەوامم لە داواکردنم بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە هەبوو چاپ بکرێنەوە.

*** بڕیار وابوو سەتەلایتی نەورۆز ببێتە مینبەرێکی پەروەردەیی، کەچی ڕاستەوخۆ سەتەلایتەکە ڕاوەستا، ئەمە بۆچی بەو ئاڕاستەیەدا برا؟**

- لەسەرەتای سالی ٢٠١٠ لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێك دەرکرا بەوەی سەتەلایتی نەورۆز ببێتە سەتەلایتێکی پەروەردەیی، دواتر مەسەلەکە خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەر لەئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ تاوتوێکردنی ئەم مەسەلەیە، ئەو کاتەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت من لەگەڵ ئەوەم سەتەلایتی نەورۆز بکرێتە سەتەلایتێکی گشتی کە لەهەموو وڵاتێکدا ئەمجۆرە سەتەلایتە هەیە، دواتر پێویستمان بەوە هەیە لەناو ئەم سەتەلایتە گشتیەدا کۆمەڵێك کەناڵی تایبەتمەندمان لە بوارەکانی پەروەردەیی و وەرزش و ڕۆشنبیری و هونەری و منداڵان هەبێت، هەرێمی کوردستان زۆر پێویستی بەتۆڕێکی ئەو کەناڵە تایبەتمەندانە هەیە، ڕۆڵی حکومەتیش تەنیا پاڵپشتیکردن بێت و سەنتەرو ڕێکخراو کەسانی سەربەخۆ ببەن بەڕێوە، هەروەکو چۆن کەناڵی ١ی ئەڵمانیا یا ٥ی فەرەنساو کەناڵەکانی ١و ٢ی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا هەیە، دەکرێت لە دوا ڕۆژیشدا کار بۆ ئەمە بکەین چونکە زۆرینەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنمان ناحکومین بەڵام دەزگای ڕاگەیاندنی حزبین، ئێمە پێویستمان بەچەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن هەیە حکومی نەبێت بەڵام حزبیش نەبێت و کەناڵی خەڵکی بێت، ئەمجۆرە کەناڵانەش متمانەیان دەبێت و خزمەت پێشکەش دەکەن بەجۆرێك خزمەتەکە مۆرکێکی کوردستانی بۆ خەڵك هەبێت.

*** بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی و کەمکردنەوەی، ژمارەی ڤیستڤاڵەکان زۆر کەمبوونەوە، ئایا ئەمە چارەسەر بوو؟**

- یەکەمین تەحەددا کە ڕووبەڕوومان بۆوە ئەوەبوو چۆن مامەڵە لەگەڵ خەرجی گشتی بکەین کە موڵکی تاکەکەس نییە بەڵکو خەرجی گشتی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتییە لەشوێنی تایبەتی خۆی، هەربۆیە مەسەلەکە پێوەندی بەوەوە نییە ئەو خەرجیە گشتییە چەندە کە لە چالاکیەکی دیاریکراو خەرج دەکرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بەتەواوەتی خەرج بکرێت بۆ ئەو چالاکیەو خزمەتی بکات لە چوارچێوەی شەفافیەت و حوکمڕانی باش، چالاکیەکانی

**پێویستە لە سروشت و لە شێوازی ڕێکخستنی چالاکییەکاندا هاوسەنگییەك هەبێت لەنێوان ناسنامەی لۆکاڵی (کە لەناو هەموو کۆمەڵگایەك هەیە) لەگەڵ ناسنامە جیهانیەکە..**

**بۆ ڕۆشنبیری کۆمەڵگا هەوڵی ئەوە دەدەین، چۆن بتوانین نەریتە دیموکراتیە مەدەنییەکان ڕەنگ بداتەوە لەسەر کۆمەڵگا**

وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڤیستیڤاڵەکانیش لەناویاندا لەو ڕوانگەیەوە پێداچوونەوەمان بۆ کردون، ئەمەش مانای ئەوە نییە چالاکیەکانمان کەمی کردۆتەوە، بەڵکو خەرجی زیادەمان گرتۆتەوەو بۆ چالاکی ترمان خەرج کردووە، ئەمە لەسەر حسابی ڕاگرتنی چالاکی نەبووە، بەڵکو لەسەر حسابی وردبینی بووە لەخەرج کردن .

*** بۆچی هەست دەکرێت لەبواری لاوان هیچ نەکراوە؟پێت وا نییە ئەم توێژە زۆر چالاك و بەتوانان، پێویستە پشکێکی زیاتریان بەربکەوێت؟**

- کاتێك باس لە چالاکیەکانی لاوان دەکرێت دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە چالاکیەکانی لاوان جۆراوجۆرن و بەسەر وەرزش و هونەری و ڕۆشنبیری و میوزیك و شانۆیی و بوارەکانی تردا دابەش بوون، واتا ناتوانین بڵێین ئەمەچالاکی لاوانە و ئەوە چالاکی لاوان نییە، گەربێتوو تەنیا باسی چالاکیە وەرزشییەکان بکەین کە زۆرینەیان چالاکی لاوانە ئەوە من پێم وایە ئەمڕۆ لەکوردستان چالاکی وەرزشی زۆر دەکرێت چ ئەوانەی حکومەت پاڵپشتیان دەکات یا ئەوانەی ناوەندەکانی وەرزش و لاوان پاڵپشتیان دەکات. ئەمە جگە لە سەنتەرە ڕۆشنبیری و قاوەخانەکان کە زۆربەیان چالاکیەکانی لاوانی تێدا ئەنجام دەدرێت.

*** ئەی وەرزش بۆ لەدەرەوەی شار وا فەرامۆشکراوە بەتایبەتی لە قەزاو ناحیەکان؟**

- لە ٢٠١٠ ەوە پرۆژەکانمان بەشێوەیەك دابەش کرد کەتەنیا ناو سەنتەری شارەکان نەگرێتەوە، بۆ نموونە نزیکەی ١٠ گۆڕەپانی ١١ یاریزانیمان لەدەرەوەی شارە گەورەکان، لەکفریەوە تا زاخۆ دروستکرد، لە ٢٠١١ دا هەندێك پرۆژەی هاوشێوەی ترمان دروستکرد، لەبوارەکانی تریش دا زۆر تەئکیدمان لە دەرەوەی شارەکان کردۆتەوە، تەنانەت لەناوچەکانی ناسراو بە١٤٠ یش وەکو شنگارو مەخمورو قەرەهەنجیر پرۆژەو چالاکیمان هەبووە، لەبەرنامەشماندایە ئاستی پێشکەشکردنی پاڵپشتی و هاوکاری بۆ چالاکی و پرۆژەی ڕۆشنبیری و لاوان لە قەزاو ناحیەکان فراوانتر بکەین.

*** چی کراوە بۆ ئەوەی بینایەکانی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری کە داگیرکراون و دەستی بەسەردا گیراوە بگەڕێنرێتەوە بۆ وەزارەت ؟ هاوکات کێشەی بینایەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەکوێ گەیشت؟**

- هەرچی ئەو بیناو موڵکانەی سەر بەوەزارەتی

ڕۆشنبیری و لاوانن و دەستی بەسەرداگیراوە بەنووسراوێکی ڕەسمی ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە تاوەکو بگەڕێنرێتەوە. سەبارەت بە بینایەی وەزارەتەکەشمان ئەم بینایە کە ماوەیەکی کەمە دروستکراوەو پارەیەکی زۆری تێچووە گرفتێکی یاسایی هەیەو ئێستا گرفتەکە لە دادگایە..

*** سەنتەرەکان هاوکاری ناکرێن و گلەییان هەیەو کەچی پێشیان دەڵێن چالاکیتان نییە وەکو وەزیری ڕۆشنبیری پێت وانییە ناعەدالەتیەك لە پاڵپشتی و هاوکاری حکومەت بۆ ئەم سەنتەرانە هەیە؟ ئایا بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارو پاڵپشتیکردنی ئەم سەنتەرانە هیچ کراوە ؟**

- بەپێی یاسایەکی تایبەتمەند کە هەمانە سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان دەبن بە سەنتەرو ڕەزامەندی وەزارەت و وەزارەتی ناوخۆشی دەوێت، ئەم سەنتەرانە جگە لەوەی بەشێکە لەکاری خۆبەخشی هاوکات سەربەخۆیی خۆیان هەیەو بەشێکن لەکۆمەڵگای مەدەنی، ئەم سەنتەرانەش مافی خۆیانە لەچوارچێوەی توانای بودجەی حکومەت داوای پاڵپشتی و هاوکاری بکەن، ئەم ڕێچکەیەش لەهەموو وڵاتێکدا وایە، بەڵام پاڵپشتیەکەش پێویستە لەسەر بنەمای چالاکیەکان بدرێت، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئێمە ئەو پارەیەمان نەبڕیوە کە تەرخان کراوە بۆ ئەو سەنتەرانە، بەڵام لەبەشێك لەسەنتەرەکانی سلێمانی ڕاگیراوە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بکرێتەوە، ئێمە ناکرێت هەرچی چالاکیە پشتگیری و پاڵپشتی یا هاوکاری دارایی

**زۆربەی جار کە باسی ڕاگەیاندنی حکومی دەکەین لەم چەمکەدا تووشی هەڵە دەبین**

بکرێت، بەڵکو دەبێت خۆیان بگەڕێن بۆ سەرچاوەی دارایی، هاوکات ئێمە کۆمەڵێك ڕێنمایمان بۆ دەرکردون بۆ نموونە ئەو سەنتەرانە نەچن گۆڤارو ڕۆژنامە دەربکەن کە بەراستی بەو توانا دارایی و مەعریفەیەی بەردەستیان ناتوانرێت ڕۆژنامەو گۆڤارێکی ئاست بەرزدەربکەن، چ لەبواری پرۆفیشناڵێتی و تەکنیکی ڕۆژنامەگەریتی و تەنانەت لەبواری زمانەوانیشدا، ئێمە پێویستە بۆ پێشخستنی سەنتەرەکان سوود لەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین کە پارە بۆ کاروباری ئیداری کەمتر خەرج دەکرێت و بۆ چالاکیەکان زیاتر خەرج دەکرێت، تەنانەت لەئەزموونی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیاو ئەڵمانیاو هۆڵەنداو فەرەنسا ئەزموونی کاری هاوبەشیان هەیەو پارە بۆ کرێی باڵەخانە خەرج ناکەن جاری وا هەبووە ٤ سەنتەر ژوورێکیان بەکارهێناوەو هەر سەنتەرەو دۆڵابی خۆی هەبووە، یان لە باڵەخانەیەکدا بوون و هەر سەنتەرەی ژوورێکی هەبووە، واتا بینایە تەنیا بۆ ڕێکخستنی ئیشە ئیدارییەکانیانە کە زۆر کەم و بچوکراوەیە، بەڵام نەك سەنتەر هەیە بۆتە ئۆفیسێکی گەورە تەنیا بۆ دانیشتنی ئێواران و چاخواردنەوە.

*** بۆ دەبێت دراما کوردییەکان لەلایەن حزبەکانەوە ئەنجام بدرێت، بۆچی وەزارەتی ڕۆشنبیری بودجە بۆ ئەمبوارە تەرخان ناکات؟**

- زۆر ئاساییە کۆمپانیای هونەری و کەرتی تایبەت دروست بێت، ئەوان دراما بکەن، لەهەموو وڵاتانی پێشکەوتوو بەو شێوەیەیە، مەگەر لە سیستەمە حوکمڕانە ڕەهاکان دەوڵەت سەرپەرشتی دەرکردنی دراما بکات. ئەمەش بەو واتایە نایەت کە ئێمە بەرپرسیار نین بەرامبەر بەدراما، بگرە لەچوارچێوەیەی ئەو بودجەیەی کە هەبووە هاوکاری و پاڵپشتی هەندێك دراماشمان کردووە، لە ٢٠١١ ئەو بودجەیەی بۆ پاڵپشتی و هاوکاری دراماو فلیم تەرخانکرابوو، هەموویمان لە پاڵپشتی هەندێك دراما خەرج کرد، بەداخیشەوە بۆ هەندێك دراما بودجەمان نەبوو پاڵپشتی بکەین.

لە ٢٠١٢ بایەخێکی تایبەتی بەدراما دەدەین و ڕیزبەندیش بەو درامایانە دەکەین کە پێوەندی کەسایەتی کوردو مێژووی کوردستانەوە هەیە، لەمەشدا دەگەڕێینەوە بۆ دەقی نووسەری گەورە و شاکار. بۆ ئەوەی دراماکانمان لەکاری دووبارەبوونەوە ڕزگاریان بێت، تەنانەت لە هەندێك لەدراما کوردییەکاندا هەست بە کات و شوێنیش ناکەیت، بۆیە بڕیارمانداوە ئەمساڵ لەدیوانی وەزارەتەوە ڕاستەوخۆ بایەخێکی تر بەدراما بدەین و هیوادارم سەرکەوتوو بین لەم هەوڵەماندا .

*** هونەرمەندان گلەییان هەیە بەوەی هاوکاری ناکرێن بۆ کلیپەکان و وەزارەتیش نەیتوانیوە ڕێگا لە کۆپیکردنی cd بکرێت؟**

- یەکێك لە گرفتەکانی هونەرمەندان کۆپیکردنەوەی cd یە، من پێم وایە ئەمە بەدەرکردنی یاساو پاڵپشتیکردن و هەماهەنگی وەزارەت و وەزارەتی ناوخۆو زۆر لایەنی تریشەوە دەکرێت،چونکە ئەمە کێشەیەکی جیهانیەو گرفتێکی ئاسان نییە، ئێستا یاسایەك هەیە لەپەرلەمان دیراسە دەکرێت پێی دەڵێن پاراستنی مافی دەرهێنەر یا بەرهەمهێن، سەبارەت بەهاوکاری هونەریش کە زۆرفراوانەو ئەو بودجەیەی کە هەیە بۆ هاوکاری و پاڵپشتی ئەوان زۆر سنووردارەو ئەو توانایە لە ئارادا نییە، بتوانین پاڵپشتی ڕەهای

**پێویستە حکومەتی کوردستان لە داهاتوودا ڕاگەیاندنێکی فراوانتری هەبێت بۆ ئەوەی ئەو پەیامەکەی بگەیەنێت و پردێکی شەفاف و کراوە دروست بێت**

**کەمبوونەوە یا ئەنجامنەدانی کاروچالاکی ڕۆشنبیری و هونەری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بودجەی وەبەرهێنان کەمە**

هەموو کارە هونەرییەکان و هونەرمەندان بکەین.

*** بۆ لە هەرێمی کوردستان کتێبخانەی نیشتمانی نییە؟**

- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پرۆژەیەکی بەدەستەوەیە بۆ دامەزراندنی کتێبخانەیەکی نیشتمانی کە لە یاسای وەزارەت دەستنیشان کراوە، لەم ڕۆژانەدا بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئەو پرۆژەیە بەناوی پرۆژەی یاسای ئەرشیف و کتێبخانەی نیشتمانیە دەنێردرێت، لەوێشەوە بۆ پەرلەمان بەرزدەکرێتەوەو ئەوسا پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات.

**فەرمانبەرە مووچەخۆرەکانی بن دیوارو دەوام نەکردنیان**

*** کاتێك باس لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەکرێت ڕاستەوخۆ باس لە لەشکرێکی بێکاری ڕووپۆشراو دەکرێت، ئایا دیاردەی بن دیوارو بێکاری ڕووپۆشراو بۆ وا لە ناو وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەو شێوە بەربڵاوە بوونی هەیە؟**

- بەڵێ دەکرێت لە تێکڕای ئەو کەسانەی کە میلاکی وەزارەتن بەشێوەیەکی لەبارتر سوودیان لێوەربگیرێت، بە جۆرێك سەرلەنوێ دابەش بکرێنەوە، لێرەشدا کۆمەڵێك گرفت دێتە بەردەممان، بۆ نموونە ئێمە کۆمەڵێك ناوەندی وەرزش و لاوانمان هەیە کە پێویستیان بە کارمەند هەیە بەڵام نەریت و سروشتی کۆمەڵگاکەو کەسەکان لە کۆمەڵگای کوردستانیدا وای لێهاتووە کەسێك بگوێزیتەوە وا دەزانێت سزا دراوەو فێری مانەوەیە لەو شوێنەی خۆیدا، ئینجا ئەو کەسە کاری هەبێت یا نەیبێت، ئەمەش هۆکارێکی کەڵەکەبوونی بێکاری ڕووپۆشراوە، دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت بەگشتی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت خاوەنی فەرمانبەرێکی زۆر لەوە زیاترن کە پێویستە، بۆیە پێویستە دابەش بکرێنەوە .

*** تەنیا لە ساڵێکدا نزیکەی ٥٠٠ کتێبتان چاپ کردووە، ئەمە زۆری و بۆری نییە؟**

- بایەخی زۆرمان داوە بەکتێب و هیچ شێوازێکی سانسۆرو چاودێریمان لەسەر کتێب نییەو پشتگیری چاپ و بڵاوکردنەوەی دەکەین، بەڵام پێویستیشە لە ڕووی هونەری و زمانەوانییەوە هەڵسەنگاندن هەبێت، خۆشبەختانە بە هەڵسەنگاندنێکی باشەوە زۆرینەی ئەو کتێبانەی لە دەزگاو بەڕێوەبەرایەتی و خانەکانی سەر بە وەزارەت بە چاپمان گەیاندون، بەگشتی کتێبی باشن.